

# ستراتیژییەتی دژە گەندەڵی و ڕیفۆرمی دامەزراوەیی

## لەپرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام و گەشەی ئابووری خێرادا

هـــەروەک چۆن لە کاتی ڕاگەیاندنی کابینـــەی حەوتەم ڕامگەیاند، لێرەش دووبارەی دەکەمەوە کە ڕێگە بە هیچ کۆمپانیا و کەسێک نادەین لە کوردستان دەرمانی خراپ و ماوە بەسەرچوو بەسەر گەلەکەماندا ساخ بکاتەوە و یاری بە ژیانی خەڵکی کوردستان بکات.
دەمەوێت ئەو کۆمپانیانەی کە ئەم کارە دەکەن دڵنیا بکەمەوە کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان زۆر جددییە بۆ ئەوەی ڕێگە لەم کارە بگرێت و بە تەئکید ئەوانەی بەم کارە هەڵدەستن بە سزای خۆیان دەگەن لە هەرێمی کوردستان لەڕووی یاسایی و لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان.
حکوومەتی هەرێمی کوردســـتان ستراتیژیەتی نوێی هەیە، من هیوادارم هەر لە ئێســـتاوە ئەوانەی کە دەرمان دێنن بۆ کوردستان و یاری بە تەندروستی خەڵکی کوردســـتان دەکەن، لەوە تێ بگەن کە ئەرکـــی حکوومەتی هەرێمی کوردســـتانە ڕێگەیان لێ بگرێت و بە تەئکیدیش ڕێگەیان لێ دەگرێت وە بە تەئکیدیـــش دەیانداتە دادگاوە بە تەئکیدیش لەم بوارەدا ئەو چاکســـازیەی کە پێویســـت بێت لە کەرتی دەرماندا دەیکات بۆ ســـەلامەتیی هاووڵاتیانی کوردستان کە ئەوەیان ئەرکی سەرشانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانە.
پاراستنی تەندروســـتیی خەڵکی ئێمە لە قازانجکردنی نامەشرووعی ئەوان زۆر زۆر زیاتر گرنگترە.

نێچیرڤان بارزانی



**((هەتا سەرکەوتووترین ئەزموونی حکومڕانیش لە وڵاتی تازە پێگەیشتوودا، لە دەسپێکی پرۆسەی پەرەپێداندا بە دەست گەندەڵی گەورە و کەموکورتی حکومڕانیەوە ناڵاندویەتی، هەربۆیە حکومڕانی بەهێز ئەو حکومڕانیەیە کە بتوانێت هەلومەرجی گەشەی خێرا و بەردەوام و شەرعیەتی سیاسیی دەوڵەت بپارێزێت، گوشاری پێویست بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی و باشکردنی حکومڕانی، گرنگ و پێویستن، بەڵام ئەم ئامانجانە نایەنە دی هەتا هاوشان لەگەڵیدا حکومەت ئەو توانایەی لەبەردەست نەبێت کە بۆ گەشەی خێرا و بەردەوام پێویستی پێیەتی.. لە زۆرێک لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، هەندێک شێوازی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و ریفۆرمی حکومڕانی خۆی دەبێتە بەشێک لە ستراتیژیەتی پەرەپێدان، ئەو تەحدییانەی رووبەڕووی ئەو وڵاتانە دەبێتەوە کە لەدەسپێکی پرۆسەی پەرەپێداندانن و مەبەستیانە ریفۆرمی دامەزراوەیی بکەن و ستراتیژییەتی دژە گەندەڵی داڕێژن، گرنگە پەندی دروست لە ئەزموونە نێودەوڵەتیەکان وەربگرن، بەڵام دەبێت لەدارشتنی سیاسەتی ریفۆرمی و دامەزراوەیی و ستراتیژییەتی دژە گەندەڵی رەچاوی تایبەتمەندی بارودۆخی وڵاتی خۆیان بکەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئامانجی گەورەتر لەتوانای بارودۆخی تایبەتی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دیاری بکرێت، ئەوا ئەو هەوڵانەی بۆ ریفۆرمی حکومڕانی و ستراتیژیەتی دژە گەندەڵی دەدرێن سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت)).**

پرۆفیسۆر موشتاق حوسێن خان
ئوستادی ئابووری لە زانکۆی لەندەن



بوونی گەندەڵی و کەموکورتی لە هەڵسوڕانی حکومڕانی بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دیاردەیەکی ئەنتیکە و سەیر نییە، لەبەر ئەوەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو(Developing Countries) ناوەکەی خۆی بەخۆیەوە لە دەسپێکدایە دەیەوێت هەنگاو هەڵبگرێت بۆ ئەوەی پێبگات یان بگاتە ریزی ئەو وڵاتانەی کە بە وڵاتی پێشکەوتوو یان جیهانی یەکەم ناسراون، ئەم قۆناخە کە دواتر وەك چیرۆکی سەرکەوتنی پرۆسەی پەرەپێدان دەبێتە ئەزموونێك لە نێو ئەزموونە سەرکەوتووەکانی جیهان، لە هەمانکاتدا دەبێتە بەشێك لە مێژووی نەتەوەیەك کە توانیویەتی پرۆسەی بونیادنانەوەی نەتەوە لەناو پرۆسەی پەرەپێداندا سەربخات، لەم چوارچێوەیەدا پرۆسەی حکومڕانی قۆناخێکی دیکەی شۆڕشە، بەڵام شۆڕشی بونیادنانەوە و رێکخستنەوەی ژێرخانی وڵات و یەکخستنی تواناکان بۆ پەرەپێدانی مرۆیی و پەرەپێدانی سەرتاسەری لە وڵاتدا، کەواتە ئەزموونەکانی پرۆسەی پەرەپێدان و پرۆسەی بونیادنانی نەتەوە، چیرۆکی سەرکەوتنن بەسەر ئەو کەموکورتیانەی لە بواری حکومڕانی و ئەو پەتایەی گەندەڵی-یە کە رووبەڕووی ئەو قۆناخە مێژوویەی نەتەوە دەبێتەوە، هەربۆیە کە سەیری مێژووی پرۆسە سەرکەوتووەکانی پەرەپێدان و بونیادی نەتەوە دەکەین، سەیر دەکەین مێژووی سەرکەوتن بەسەر گەندەڵی و مێژووی بونیادی سیستمی دامەزراوەیی دەخوێنینەوە، لەم راستەوە ئەگەر سەیری ئەزموونی بەشێك لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ئاسیا بکەین، کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو وەك پڵنگەکانی ئاسیا دەرکەوتن، هەست دەکەین کاتێك چیرۆکی سەنگافورا دەخوێنینەوە راشکاوانە لی کیوان یو سەرۆك وەزیرانی پێشووی سەنگافورا چیرۆکی سەرکەوتنی سەنگافورامان لەوڵاتێکی جیهانی سێهەم بۆ وڵاتێکی جیهانی یەکەم بۆ دەگێڕێتەوە، هەروەها کە چیرۆکی سەرکەوتنی پرۆسەی سیمائۆل لە کۆریای باشوور دەخوێنینەوە هەست دەکەین پارك چانگ چیرۆکی سڕینەوەی ئاسەواری شەڕ و ئاکامەکانی دابەشبوون و چیرۆکی کۆریایەکی کاولمان بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن وڵاتێکی کاولکراو گەیشتە ئەوەی ئێستا لە

ڕیزی ١١ هەمینی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان هەژمار بکرێــت، ئەمە بۆ ژاپۆن و تایوان و تاڕادەیەك بۆ مالیزیاش ڕاســتە، هەربۆیە ئاماژە کردنمان بۆ ئەم ســەرەتایە، ئاماژە کردنە بۆ هەڵوەســتەکردن لەســەر خوێندنــەوەی واقیعی وڵاتــی خۆمان لەو ســاتەی پێیــدا تێدەپەڕین و لەو ســاتەی بڕیارمانداوە بــەرەو بونیادنانەوە و پەرەپێدان هەنــگاو هەڵبگرین، ئەمەش مانای ئەوەیە لەم ســاتەدا ئەرکــی هەموومــان دەبێتە ئــەوەی ئــەو کەموکورتیانە دەستنیشــان بکەین، کە لــەم قۆناخە لەهەموو وڵاتێکی تازە پێگەیشــتوو بوونی هەیە، بەواتایەکی دیکە دەستنیشــانکردنی ئەو کەموکورتیانە لە پێناوی ئەوەن بەســەر ئەو ئاســتەنگانە زاڵبین کە بۆتە لەمپەر لەبەردەم پرۆســەی پەرەپێداندا، بۆیە لێرەوە کاتێك دەڵێین گرنگە سوود لە ئەزموونە سەرکەوتووە جیهانیەکان وەربگریــن و لە هەمانکاتدا دەبێت بارودۆخ و تایبەتمەندی وڵاتی خۆشــمان لەبەرچاو بگرین، ئەمە مانای ئەوەیە هەموو وڵاتێك چۆن ئاســتەنگەکانی خۆی دەستنیشــان دەکات و چۆن بە توانای خۆی و بەســوود وەرگرتــن لــە ئەزموونــی گەلانی دیکە و پێشــکەوتنی تەکنۆلۆژیا چارەســەری بــۆ دەدۆزێتەوە، لی کوان یو ســەبارەت بە ســەنگافورا ئاماژە بــەوە دەکات، ئەگەر مرۆڤ بیەوێت چۆن ئامێریك دروست بکات، ئەوا ســەدان کتێبی لەبەردەستە بۆ ئەوەی پەنای بۆ بەرێت، ئەگەر بیەوێت خانوویەك دروست بکات، دیسان بەسەدان کتێبی دەست دەکەوێت ســوودی لــێ وەربگرێت، بەڵام کاتێك دەســتمان بەپرۆسەی بونیادنانەوە لە سەنگافورا کرد، من هیچ کتێبێك تەنانەت لاپەڕەیەکیشــم دەســت نەکەوت کە باسی

**لە زۆرێك لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، هەندێك شێوازی رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و ڕیفۆرمی حکومڕانی خۆی دەبینێتە بەشێك لە ستراتیژیەتی پەرەپێدان**

**کاتێك دەڵێین گرنگە سوود لە ئەزموونە سەرکەوتووە جیهانیەکان وەربگرین و لە هەمانکاتدا دەبێت بارودۆخ و تایبەتمەندی وڵاتی خۆشمان لەبەرچاو بگرین**

وڵاتێکی وەك سەنگافورا بکات چۆن بونیاد دەنرێتەوە، بۆیە من خــۆم بڕیارمدا کتێبی بونیادنانەوەی ســەنگافورا وەك چیرۆکی ســەرکەوتنی ســەنگافورا بنووسمەوە، لی کوان یو دەڵێت لەســەرەتا ویســتم لاسایی ئەزموونی هۆنگ کۆنگ بکەمەوە، بەڵام بۆم دەرکەوت ئەو سیستمی باج وەرگرتنەی لــە هۆنگ کۆنگ پێڕەو دەکرێت گەلەکەم بێــزار دەکات، ویســتم لاســایی وڵاتانی ئەســکەندەنافی بکەمەوە سۆشــیال پێڕەو بکەم، هەســتمکرد گەلەکەم تەمەڵ دەبێت، بۆیــە بڕیارمــدا شــێوازێکی تایبەتی بۆ سەنگافورا پیادەبکەم، کە ئەویش سیستمی دادپەروەری کۆمەڵایەتیــە نەك چاودێری کۆمەڵایەتی، هەربۆیە کاتێك لە ئەزموونی ژاپۆن و کۆریای باشــوور و سەنگافورا و تایوان و مالیزیا وردەبینەوە، هەست دەکەین هەر یەکەیان بە شــێوازێك، بەڵام سەرەنجام هەر پێنجیان لە بازنەیەکــدا کۆدەبنەوە کە ئەویش گەیشتنی وڵاتە بە ئاستی وڵاتانی پێشکەوتوو.

### داتای نوێ.. بیرکردنەوەی نوێ گەیشتن بە ئاکامی نوێ

هەردوو پرۆفیســۆر نیکۆلاس میســلی و ژاك ئۆلــد ئاودیــا لــە توێژینەوەیەکیاندا کە بە ناونیشــانی (ئایــا حکومڕانی باش دەبێتە ســتراتیژیەتێکی باش بۆ پەرەپێدان Is “Good Governance” - a Good Development Strategy)، ئــەم توێژینەوەیــان پێشکەشی ســەنتەری (DGTPE)ی فەرەنســیان کردووە، لەم توێژینەوەیەدا کە هەردوو تۆژەر جەخت لەســەر ئەوە دەکەنەوە کە بۆهەڵســەنگاندنی ئاستی حکومڕانی و پەرەپێــدان لەوڵاتانی تازە پێگەیشــتوو، پەیــڕەوی ئەو میتۆدەیان کــردووە (داتای نــوێ، بیرکردنــەوەی نوێ، گەیشــتن بە ئاکامــی نوێی)، بۆیە کاتێك دێنە ســەر توێژینەوەکەیان بەو پرسیارە دەست پێدەکەن، حکومڕانــی باش چییــە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارە چەند فاکتەرێکیان دیاری کردووە:

١- شەفافیەت لە کارە گشتیەکاندا
٢- کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی
٣- بەڕێوەچوونــی کارەکان لــە بــازاڕی ئازاددا
٤- بوونی دیموکراتی و سەروەریی یاسا
٥ - دابینکردنی سەقامگیری بۆ گەشەی ئابووری

کەواتــە هــەر حکومەتێك هەنــگاو بەم ئاراســتەیە هەڵبگرێت، ئەوا لە هەمانکاتدا هەنگاو بەرەو حکومڕانی باش هەڵدەگرێت، لەبەر ئەوەی حکومەت لە کۆی پرۆســەی حکومڕانیــدا ڕۆڵی ئــەو توخمە گرنگە دەگێڕێت کە کۆی پرۆســەی حکومڕانی پێکەوە گرێدەداتەوە، لەم هاوکێشەیەدا ئەگەر ئەو پرســیارە بکرێت ئایا حکومەت تاچەند دەتوانێت پیادەکردنی حکومڕانی باش بکاتە ستراتیژیەتی پەرەپێدانێکی باش؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو میتۆدەی کە هەردوو پرۆفیســۆر ژاك و نیکۆلاس لە توێژینەوەکەیاندا پێڕەویــان کردووە، ئەویش ئەوەیــە دەبێت بۆ ئەم هەڵســەنگاندنە هەم داتای نوێمان لەبەر دەست بێت و هەمیش بە بیرکردنــەوەی نوێ مامەڵە لەگەڵ داتاکان بکەین، ئەمەش لە پێناوی ئەوەی ئاکامێکی تازەمان دەســکەوێت، ئەم ئاکامە تازەیەش شــەفافیەتی توێژینەوەیە کە پێشکەشــی هاووڵاتیان دەکرێت، ئەم شەفافیەتەشــە کە هاووڵاتی لە پێگەی بینەرەوە دێنێتە خوارەوە و دەیکاتە هاوبەش لە پرۆسەی حکومڕانی و هاریــکاری حکومەت بۆ سەرخســتنی پرۆسەی پەرەپێدان، بۆیە لەم ڕاستەوە دەکرێت ئاماژە بەدوو خاڵی گرنگ بکەین:

١- حکومــەت دەتوانێــت تــا ئاســتێك حکومڕانــی بــاش بکاتە ســتراتیژیەتی

**پیادەکردنی حکومڕانی باش پەرەپێدان دەخاتە سەر ڕێچکەی ڕاستی خۆی، نەك هۆکارێك بۆ خێراکردنی پرۆسەی پەرەپێدان**

پرۆسەی پەرەپێدان.

**٢-** پیادەکردنی حکومڕانی باش پەرەپێدان دەخاتە سەر ڕێچکەی ڕاستی خۆی، نەك هۆکارێك بۆ خێراکردنی پرۆسەی پەرەپێدان.

کەواتە لەم بیرکردنەوە تازەیەدا، پەرەپێدان مانایەکی تازە وەردەگرێت، ئەویش پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوامە و پەرەپێدان خاڵێك نییە پێی بگەین و کۆتایی پێ بێت، بەڵکو پەرەپێدان هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵگە دەگرێتەوە و دەبێت ئەم پرۆسەیەش بەردەوام بێت، ئەم بەردەوامیەش ئەو دامەزراوانە ڕێکی دەخەن کە بۆ سیستەمی دامەزراوەیی بونیاد دەنرێن و دامەزراوەکان خۆیان لە چوارچێوەی سەروەریی یاسا دەبنە هێزێك کە دەسەڵاتەکان دیاری دەکەن و کاروباری بازاڕی ئازاد ڕێکدەخەن، ئەمەش بەو مانایەی کۆمەڵگە لە قۆناخی ڕاگواستن یان لەدەسپێکی پرۆسەی پەرەپێدان، ڕووبەڕووی کۆمەڵێك گرفت دەبێتەوە کە ئەو گرفتانە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوامدا،

**گرفتی سەرەکی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دیاردەی گەندەڵی و کەموکورتی پرۆسەی حکومڕانیە**

ئەمەش وەك ئەو نەخۆشەی کە پێویستی بەوەیە نەخۆشیەکەی دەسنیشانبکرێت بۆ ئەوەی نەخۆشیەکە چارەسەر بکرێت، بۆ ئەوەی نەخۆشەکە بگەڕێتەوە بۆ باری تەندورستیەکی گونجاو و ئاسایی، هەربۆیە حکومەتیش کە هەنگاو بۆ حکومڕانی باش هەڵدەگرێت، بوێرانە هەوڵدەدات گرفتەکان دەستنیشان بکات بۆئەوەی چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە، ئەمەش لەپێناوی ئەوەی دامەزراوەکان بتوانن بە ئاسایی کاری خۆیان بکەن و پرۆسەکە بەردەوام بێت، بێگومان گرفتی سەرەکیش لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو وەك پرۆفیسۆر موشتاق خان ئوستادی ئابووری لە زانکۆی لەندەن لە توێژینەوەیەکدا بە ناونیشانی (حکومڕانی و ڕیفۆرمی دژە گەندەڵی لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو) ئاماژەی پێکردووە، بریتین لە دوو گرفتی سەرەکی کە یەکەمیان دیاردەی گەندەڵی و دووەمیان کەموکورتی پرۆسەی حکومڕانیە.

سەبارەت بە یەکەمیان کە دیاردەی گەندەڵی-یە، ئەمەیان تاڕادەیەك ئاشکرایە، بەڵام سەبارەت بەدووەمیان کە کەموکورتیە لە پرۆسەی حکومڕانی، هەموو کەموکورتیەکانی پرۆسەی حکومڕانی لە حکومەتدا کۆدەکرێتەوە، بێگومان ڕاستە حکومەت ئەرکی سەرشانیەتی ڕایەڵی کۆکردنەوەی هەموو توخمەکان بێت و پارێزەری دامەزراوەکانی کۆی سیستەمی حکومڕانی بێت، بەڵام لە قۆناخی دەسپێکی پرۆسەی پەرەپێدان یان قۆناخی ڕاگواستن، لەبەر ئەوەی سیستەمی دامەزراوەیی بە تەواوەتی ڕەگی دانەکوتیوەو دامەزراوەکان نەبوونەتە ئەو هێزەی دەسەڵاتەکان سنووردار بکەن، ئەوا زۆر جار یەکێك لە توخمەکانی حکومڕانی گرفت بۆ کۆی پرۆسەکە دروست بکات، لەم حاڵەتەشدا ئەگەر پێشتر حکومەت لە چوارچێوەی بەرنامەی خۆیدا حسابێکی وردی بۆ ئەو ئاستەنگانە نەکردبێت، ئەوا لە پرۆسەی پیادەکردنی حکومڕانی باشدا دووچاری گرفتی گەورە دەبێتەوە، دووبارە بوونەوەی ئەم جۆرە گرفتانە لە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو بوونی ئەم حاڵەتانە بە هۆکار بۆ شکستی پرۆسەی پەرەپێدان، وایکردووە بەسەدان و هەزاران توێژینەوەی لەسەر بکرێت، هەر بۆ نموونە هەندێك توێژینەوە حزبی سیاسیی وەك ئاستەنگێکی سەرەکی لە قەڵەمدەدات، لەبری ئەوە جەختدەکاتەوە سەر ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، یان هەندێك توێژینەوە داوای دەستێوەردان لە بازاڕ دەکات و ئاماژە بەوە دەکات حکومەت ڕۆڵی لە کۆنترۆڵکردنی بازاڕدا هەبێت، بەڵام هەموو ئەم توێژینەوانە لە خاڵێکدا ڕووبەڕووی ئاستەنگێکی گەورەتر دەبنەوە کە ئەویش تێکدانی هاوسەنگی نێوان توخمەکانە لەناو کۆی پرۆسەی حکومڕانی دیموکراتیدا، کەواتە ئەم ئاراستەیە کە ئامانجی ئەوەیە هاوسەنگی لەنێوان تێکڕای توخمەکانی حکومڕانی تێکنەچێت، ئەوا دەبێت بەرنامەی حکومەت بەوجۆرە دابڕێژرێت کە زەمینەی لەبار بۆ ڕێکخستنەوەی کۆی سیستەمی حکومڕانی فەراهەم بکات، ئەم هەنگاوە کە پێش دامەزراندنی کابینەی حەوتەم لەلایەن بەڕێز نێچیرڤان بارزانیەوە وەك سەرۆك وەزیرانی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی کابینەکەی لەبەرچاوی گرتووە و هەوڵی ئەوەیداوە تەفاهومێك لەنێوان سەرجەم حزبە سیاسیەکانی کوردستان بە حزبەکانی فەرمانڕەواو ئۆپۆزسیۆن و حزبەکانی دەرەوەی پەرلەمان دروست بکات، هەوڵێك بوو بۆ ئەوەی تێکڕای حزبە سیاسیەکان لە پرۆسەی حکومڕانی نەك حکومەت بەشداری پێبکات، بە مانایەکی تر مەرج نییە هەموو حزبەکان لە حکومەت بەشدار بن، بەڵکو گرنگە کۆمەڵێك حزب ئۆپۆزسیۆن بن و بەرێگەی ئۆپۆزسیۆن بوونی خۆیان بەشداری لە پرۆسەی حکومڕانی بکەن.

## کابینەی حەوتەم و هەوڵی جددی بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی

هەنگاوی هەرە گرنگن بۆ پیادەکردنی حکومڕانی باش، هەنگاو هەڵگرتنە بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و نەهێشتنی گەندەڵی، گەندەڵی ئەو کاتە تەشەنە دەکات کە بەرپرسە گشتیەکانی وڵات ئامادەباشیان نەبێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم دیاردەیە، بۆیە کاتێك نەهێشتنی گەندەڵی دەبێتە بەرنامەی حکومەت، ئەوا جۆرە دڵنیاییەك دروست دەبێت کە هەنگاوی جددی بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە دەست پێدەکات، دەسپێکردنی هەنگاو هەڵگرتنی جددیش بۆ ئەم دیاردەیە لەو خاڵەوە دەست پێدەکات کە پێوەندی بە ژیانی هەر تاکێکی ئەم وڵاتەوە هەیە، بۆیە کاتێك گوێبیستی پەیامەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ٢٠١٢/٩/١٢ بووین کە لەڕێوەرسمی مۆرکردنی گرێبەستێك

**کاتێك نەهێشتنی گەندەڵی دەبێتە بەرنامەی حکومەت، ئەوا جۆرە دڵنیاییەك دروست دەبێت کە هەنگاوی جددی بۆ بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە دەست پێدەکات**







بوو لەنێوان وەزارەتی تەندروستی هەرێم و کۆمپانیای FDASی بەریتانی بۆ کوالیتی و کۆنترۆڵی دەرمان پێشکەشی کرد، هەست دەکەین لەم پەیامە چەند ئاماژەیەکی گرنگ دەخوێنینەوە، کە ئەویش ڕاگەیاندنی شەڕی دژە گەندەڵی نێچیرڤان بارزانیە بەرامبەر بەهەموو دیاردەکانی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا، ئەو پەیامەی لەسەر بنبڕکردنی گەندەڵی لەبواری دەرمان پێی گەیاندین، پەیامێکە هەموو بوارەکانی ژیان دەگرێتەوە، هەروەها ڕوویەکی دیکەی ئەو پەیامەی نێچیرڤان بارزانی ئەوەمان پێدەڵێت، ئەم کابینەیە بەپێی ئەو بەرنامەیەی بە خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاندووە، دوای ئەوەی ڕێوشوێنی پێویست بۆ چارەسەری گرفتی گەندەڵی لە هەر بوارێکدا دەدۆزێتەوە، ئەوا ئەو چارەسەر بەخەڵك ڕادەگەیەنێت و جێبەجێکردنی بەرنامەکەی خاڵ بەخاڵ جێ بەجێ بکات، بۆیە ئەوەی لە پەیامەکەی نێچیرڤان بارزانی هەستمان پێکرد تەنها لایەنی کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی دەرمان نەبوو، بەڵکو پەیامێك بوو کە ڕاشکاوانە داوای لەهەموو هاووڵاتیان و میدیاکانی کوردستان دەکرد هاوکاری بکەین بۆ ئەوەی بەرنامەی کابینەکەی بەسەرکەتوویی جێبەجێ بکرێت، لەمبارەوە وێڕای ئەوەی سوپاسی هەموو میدیاکانی لە کوردستان کرد بەوەی ڕۆڵیان هەبووە لە دەرخستنی گەندەڵی لە کوالیتی دەرمان، لەهەمانکاتدا داواشی لێکردن کە هۆشیاری بڵاو بکەنەوە بۆ ئەوەی ژینگەی کوردستان پارێزراو بێت و هاووڵاتیان هاوکاری حکومەت بکەن بۆ ئەوەی ژینگەی کوردستان بپارێزین و شارەکانی کوردستان پاکو خاوێن ڕابگرین، ئەمەش مانای ئەوەیە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم پەیامەیدا هەموو ئەو لایەنانەی پێکەوە گرێداوەتەوە کە پێوەندییان بە تەندروستی تاکەکانی کوردستانەوە و هەیە و دەیەوێت هاوکاری بین بۆ ئەوەی هەموو ئەو لایەنانەی کاریگەریان لەسەر تەندروستی خەڵکی کوردستان هەیە پێکەوە چارەسەر بکرێن، بۆیە ئەم پەیامە کە لە ناوەڕۆکدا بەوردی هەڵوەستەی لەسەر دەکەین، هەست دەکەین پەیامی دەوڵەتمەدارێکە کە بیر لە نەوەکانی ئێستا و داهاتووی

خەڵکی کوردستان دەکاتەوە، نەك تەنیا وەك سیاسەتمەدارێك لە هەموو هەنگاوێکیدا بیر لە سندوقی داهاتووی هەڵبژاردن بکاتەوە، ئەم شـێوازە تازەیەی نێچیرڤـان بارزانی و بایەخدانـی بە تەندروسـتی هاووڵاتیان و ژینگەی وڵاتەکـەی، پەیامێکی گرنگە بۆ ڕاگەیاندنی قۆناخێکی نوێ کە ئەویش قۆناخی نەهێشتن و بنبڕکردنی گەندەڵی-یە.

## ستراتیژیەتی بنبڕکردنی گەندەڵی لە کابینەی حەوتەمدا

پرۆفیسـۆر دانیـاڵ کۆفمان کە ئێسـتا توێژەرە لە ئامۆژگای برۆکینگز و پێشـتر بەڕێوەبـەری جێبەجێـکاری بانکی جیهانـی بـووە، لە دیدارێکـی ئۆنلاینی سـەر تۆڕەکانی ئینتەرنێـت و لەوەڵامی پرسیاری یەکێك لەبەشـداربووان سەبارەت بەوەی ئایا سەرکەوتنی شەڕی گەندەڵی چ گۆڕانکارییەك لە وڵاتدا دروسـت دەکات؟ لەوەڵامدا کۆفمان دەڵێت، کاتێك پرۆسـەی قەڵاچۆکردنـی گەندەڵی سـەردەکەوێت، هەسـتدەکەیت گۆڕانکارییەکی سیحر ئاسا لـە کۆمەڵگە ڕوودەدات، هەسـت دەکەیت هەموو بوارەکانی کۆمەڵگە گۆڕانکارییەکی سـیحریان بەسـەردا هاتووە و لەپڕ ئاستی خوێندن بەرز بۆتەوە و چاودێری تەندروستی هەموو تاکێکی گرتۆتەوە و داهاتی تاکەس زیادی کردووە و بێکاری لە وڵاتدا نەماوە، کۆفمان جەخت لەوە دەکاتەوە مرۆڤ نازانێت چۆن ئەم گۆڕانکارییانە ڕوویانداوە، بەڵام بەچاوی خۆی گۆڕانکارییەکان دەبینێ، ئەم قسـانەی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بانکی نێودەوڵەتـی ئاماژە نییە بۆ ئەوەی هەمووشتێك لە ساتێکدا دەگۆڕێت، هەروەها ئاماژەش نییە بۆ ئـەوەی بە بڕیارێك ئەم گۆڕانکارییە سیحرییە لە کۆمەڵگە ڕوودەدات، بەڵکو ئەو باسی ئەوە دەکات کاتێك پرۆسەکە سەرکەوتوو دەبێت، نەك کاتێك بڕیار دەدرێت، ئەمـەش لەبەر ئەوەی بڕیاردان شـتێکە و سـەرکەوتنی پرۆسەکە شـتێکی دیکەیە، کەواتە ئەوەی کۆفمان هەڵوەسـتەی لەسەر کردووە، سەرکەوتنی پرۆسەکەیە بەڕێگەی پتەوکردنـی دامـەزراوەکان، لەبەر ئەوەی دامـەزراوەکان دەبنە هاندەرێـك بۆ ئەوەی ڕەفتاری تاکەکان لە شـێوازێکەوە بگۆڕێت بۆ شێوازێکی دیکە، دامەزراوەکان گرنگن، لەبەر ئـەوەی هاندان گرنگـن، هەربۆیە ئـەوە هاندانی دامەزراوەکانـە کە وادەکات تاك و گروپـەکان لەپێنـاوی بەرژەوەندی هاوبەش کاربکەن و لەبری ئەوەی دژایەتی یەکتری بکەن، هاندانی دامەزراوەکان دەبێتە هۆکاری ئەوەی هاریکاری یەکتری بکەن، هەر بۆیە ئـەو ڕۆڵەی دامـەزراوەکان لە نەهێشـتنی گەندەڵی دەیگێڕن، ئەوەیە کە ئەو دامەزراوانەی ئێستا خۆیان هاندەرن بۆ گەندەڵی بەشـێوەیك دابمەزرێنەوە کە ببنە هۆکارێك بۆ هاندانـی دژە گەندەڵی، واتە دامـەزراوەکان هاندەربن بۆ ئەوەی خەڵك و فەرمانبەران خۆیان شەڕی گەندەڵی بکەن.



لە دەسپێکی کابینەی حەوتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، چاودێری بارودۆخەکە هەست بەوە دەکات کە یەکێك لەبەرنامەکانی کابینەی حەوتەم بەو ئاراسـتەیەیە کە شـێوازی هەڵسوڕاندنی دامـەزراوەکان لـە دامەزراوەی هاندەر بۆ گەندەڵی بگۆڕێن بۆ دامەزراوەی هاندەر بۆ دژایەتی گەندەڵی، ئەم شێوازەش لەچەندین بوار و بە تێکڕای کۆی سیسـتمی حکومڕانیـەوە دیارە، کـە دەکرێت بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێبکرێت:

١- ڕێکخسـتنەوەی پێوەنـدی نێوان خەڵك و حکومەت لەسـەر بنەمـای متمانە لە چوارچێوەی یاسـا، ئەمەش ڕاشکاوانە بەو مانایەی بەرپرسە گشـتیەکانی حکومەت دەبێت بە متمانەوە وەڵامی هاووڵاتیان بدەنەوە

و بەپێی یاسا کارەکانیان بۆ جێبەجێ بکەن و ڕاشکاوانە ئەوەی یاساییە بە یاسا بۆیان جێبەجێ بکەن و ئەو داواکاریانەی نایاساییین ڕاشکاوانە وەڵامبدرێتەوەو بە هاووڵاتی بگوترێت ئەمە نایاساییەو ناکرێت.

٢- کەمکردنەوەی ئەڵقەکانی ڕۆتین و دیاریکردنی ئەو ماوەیەی کە بیرۆکراسیەتی دامەزراوەیی پێویستی پێیەتی، ئەمەش ڕاشکاوانە مانای ئەوەیە هەندێك مامەڵەی هاووڵاتیان پێویستی بە ماوەیەکە یان لەیەککاتدا پێوەندی بەچەند وەزارەتێك یان چەند فەرمانگەیەکی چەند وەزارەتێکی جیاواز هەیە، بۆیە دەبێت ئەو کاتە دیاری بکرێت و هاووڵاتیش بزانێت کارەکەی چەند ڕۆژی پێدەچێت.

٣- گوێگرتنی ڕاستەوخۆ لە داوا و خواست و گازندەی هاووڵاتیان ڕاستەوخۆ لەلایەن وەزیرە بەڕێزەکان، بۆئەوەی جۆرە متمانەو دڵنیایەك بۆ هاووڵاتی دروست بێتەوە، ئەوەی یاسا بواری پێبدات چ لای وەزیر بێت یان فەرمانبەرێکی خوارتر جێبەجێ دەکرێت، هەروەها ئەمە ئاگادارکردنەوەیە بۆ هەموو وەزیرەکان بۆئەوەی هەم لەوە ئاگاداربن تاچەند فەرمانگاکانی وەزارەتەکانیان بە یاسا کاردەکەن، هەروەها لەسەر ئاستێکی دیکەش وەزیر وەك ئەندامی ئەنجوومەنی وەزیران خواست و گازندەی خەڵك دەباتە ناو ئەنجوومەنی وەزیران.

٤- هاوکاری حکومەت بۆ پەرلەمان بۆئەوەی پەرلەمان ڕۆڵی چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت بگێڕێت، ئەمەش لەسەر چەندین ئاست وەك وەڵامدانەوەی پرسیاری ڕۆژانەی پەرلەمان کە ئاراستەی هەموو وەزارەتەکان دەکرێت، هەروەها هەر هەفتەیەك وەزیرێك لەبەردەمی پەرلەمان ئامادەبێت بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیاری پەرلەمانتاران بداتەوە.

**کاتێك گوێبیستی پەیامەکەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بووین، شەڕی دژە گەندەڵی-یە بەرامبەر بەهەموو دیاردەکانی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا!**

٥- بەهەند وەرگرتنی پرۆژەی حزبە سیاسییەکان، بەتایبەتی پرۆژەی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن و هەوڵدان بۆ جێکردنەوەی ئەوەی مومکینە و لەتوانای حکومەتدایە لەناو بەرنامەی حکومەتدا.

٦- دروستکردنی ڕایەڵێکی پتەو لەنێوان حکومەت و وەزارەتەکان و تێکڕای کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆئەوەی میدیا ڕۆڵی چاودێریەکی ڕاستەقینە بگێڕێت و خۆی بە بەشێك لە پرۆسەی حکومڕانی بزانێت و ئامانجی ئەوە بێت پرۆسەی حکومڕانی وڵات سەرکەوتوو بێت، هەروەك سەرۆکی حکومەتیش لە دوایین پەیامی سەبارەت بە گەندەڵی بواری دەرمان ڕۆڵی میدیاکانی بەرز نرخاند.

٧- گوێگرتن لە خواست و داواکاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە پیشەییەکان و وتووێژکردن لە داواکانیان لەچوارچێوەی یاساکانی هەرێمی کوردستاندا، یاخود هەوڵدان بۆ داڕشتنی پرۆژە یاسای تازە کە خواستی ئەو ڕێکخراوانە لەخۆی بگرێت، ئەمەش هەمووی پێکەوە هەنگاو هەڵگرتنە بۆئەوەی کارلێکی تەندروست لەنێوان حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەچوارچێوەی سەروەریی یاسا دروست بێت.

٨- دانانی میکانیزمێك بۆ کۆنترۆڵی بازاڕ لەڕووی کوالیتی خواردن و کەلوپەلی ڕۆژانەی هاووڵاتیان، ئێستا ئەم هەڵمەتە بە فراوانی دەستی پێکردووە و بەدەیان چێشتخانەو کۆگای خواردەمەنی دەستیان بەسەردا گیراوە و شوێنەکان داخراون و کەلوپەلە خراپەکانیش سوتێنراون.

ئەم خاڵانە و چەندین هەنگاوی دیکە کە بە ئاسایی خەڵکی کوردستان هەستی پێدەکەن، سەرەتای دەسپێکی قۆناخێکی گرنگن لە پرۆسەی شەڕی دژە گەندەڵیدا، ئەم پرۆسەیە لەبەر ئەوەی بەرێگەی هەڵسوڕانی دروستی دامەزراوەکان بەڕێوە دەچێت و دامەزراوەکان دەبنە چوارچێوەیەك بۆ دژایەتی گەندەڵی، مانای ئەوەیە ئەم پرۆسەیە لەچوارچێوەی سەروەریی یاسا و کۆی پرۆسەکە خۆی دەبێتە ستراتیژیەتێك بۆ چەسپاندنی سەروەریی یاسا، مانای ئەوەیە ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی هەمەلایەنە و پێویستی بەهاوکاری هەمەلایەنەی هەموو خەڵکی کوردستان و تەواوی هۆکارەکانی میدیا و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، پرۆسەیەکە بە هەمووولایەك سەردەخرێت و بەهەموو لایەکیش دەپارێزرێت، بۆیە کاتێك ئەم پرۆسەیە سەردەکەوێت ئەو کاتە سیحری نەمانی گەندەڵی دەبینین، ئەمەش تێگەیشتنە لەو پەیامەی نێچیرڤان بارزانی کە بۆ دژە گەندەڵی لە کەرتی دەرمان بە هەموو خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاندووە و دەڵێت: (حکومەتی هەرێمی کوردستان ستراتیژیەتی نوێی هەیە، هیوادارم هەر لەئێستاوە ئەوانەی دەرمان دەهێنن بۆ کوردستان و یاری بەتەندروستی خەڵکی کوردستان دەکەن، لەوە تێبگەن کە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە ڕێگەیان لێبگرێت و بەتەئکیدیش ڕێگەیان لێدەگرێت)، هەڵوەستە کردن لەسەر ئەم پەیامەی نێچیرڤان بارزانی، وردبوونەوەیە لە پەیامەکە بەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان ستراتیژیەتی نوێی هەیە بۆ دژایەتی گەندەڵی و، لەچوارچێوەی ئەم ستراتیژیەتە نوێیەدا ڕوودەکاتە ئەوانەی دەرمان دێننە کوردستان و یاریی بە تەندروستی خەڵکی دەکەن، ئاگاداریان دەکاتەوە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئیتر لێیان قبوڵ ناکات، بە دیوێکی دیکەدا ئەم پەیامە کە لەم بۆنەیەدا ڕاگەیەنرا، ئەو ستراتیژە نوێیە کە هەموو بوارەکانی شەڕی دژە گەندەڵی لە کوردستان دەگرێتەوە و دەبێت بەهەموو لایەك هاوکاری ئەم ستراتیژە بین بۆئەوەی هەموو پێکەوە شەڕی دژە گەندەڵی ببەینەوە.

**ئەم شێوازە تازەیەی نێچیرڤان بارزانی و بایەخدانی بە تەندروستی هاووڵاتیان و ژینگەی وڵاتەکەی، پەیامێکی گرنگە بۆ ڕاگەیاندنی قۆناخێکی نوێ کە ئەویش قۆناخی نەهێشتن و بنبڕکردنی گەندەڵی-یە**

## پرۆفیسۆر میگێڵ نینۆ زارازوا بۆ (گوڵان):

# بەشداری ڕاستەوخۆی هاووڵاتیان لەگەڵ حکومەت فاکتەری سەرکەوتنی دامەزراوەکانە



**پرۆفیسۆر میگێڵ نینۆ زارازوا تۆژەری باڵایە لە دامەزراوەی پەرەپێدانی ئابووری لە زانکۆی نەتەوەیەکگرتووەکان((UNU–WIDER). ) و پێشتریش تۆژەر بووە لە ئامۆژگای وۆرلد برۆکس بۆ نەهێشتنی هەژاری لە جیهاندا، لەم دیمانەیەی گۆڤاری گوڵان دا تیشک دەخاتە سەر پرۆسەی بونیادنانی دامەزراوەکان و چۆنیەتی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، ناعەدالەتی و بەشدارنەبوونی سیاسی و ناسەقامگیری سیاسی، هەربۆیە لەم قۆناغەدا جگە لەبەشداربوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پارتە سیاسییەکان لەسەرجەم پرۆسەکە، پێویستە لایەنی پەرەپێدانی مرۆییش پشتگوێ نەخرێت، گرنگ نییە چەند ساڵ لەقوتابخانە خوێندووتە گرنگ ئەوەیە فێری چی بوویت، هاوکات مەرجە حکومەت کەناڵەکانی پێوەندی لەنێوان خۆیی و هاووڵاتیاندا دروست بکات و سیستەمێک بۆ چاودێریی کار و ڕەفتاری کاربەدەستەکان دابنێت و توانای هەبێت بۆ سزادانی گەندەڵکارەکان. ئەمەش دەقی ئاخاوتنەکەیەتی لەگەڵ گوڵاندا.**

*** حوکمڕانی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو خەسڵەتی تایبەتی خۆی هەیە و جیاوازە لە حوکمڕانی لە وڵاتانی پێشکەوتوو، لەبەرئەوەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە دیموکراسییەکان هێشتا بەتەواوەتی نەچەسپاون و پرۆسەی پەرەپێدان هێشتا لەقۆناغی دەسپێکە، بەڕای تۆ ئایا چۆن دەتوانرێت یارمەتیی حکومەت بدرێ بۆ ئەوەی پرۆسەکە سەربکەوێت؟**

- چەندین ڕێگای جیاواز هەیە بۆ ئەوەی وڵاتان بتوانن دامەزراوەکانیان بونیاد بنێنەوە، یەکەمیان: لەڕێگەی ئاسانکردنەوەی میکانیزمەکانی بونیادنانی دامەزراوەکان، ئەمەش بەهۆی چەندین فاکتەرەوە، بۆنموونە لەڕێگەی میکانیزمی بەرزکردنەوەی ڕێژەی بەشداربووانی گرووپ و پێکهاتە ئیتنی و ئایینی جیاواز لە کۆمەڵگە، لێرەدا پرسیارێك دەورووژێت بەوەی چۆن دەتوانین دڵنیابین لەبەشداربوونی گرووپە جیاوازەکان لەپرۆسەی بونیادنانی دامەزراوەکان؟ کە باسی دامەزراوەکان دەکەم مەبەستم لە سەروەری یاسایە، ئەمەش هەموو گرووپەکان دەگرێتەوەو پەیوەستە بەو سیاسەتانەی کە سوود بە هاووڵاتیان دەگەیەنێت، فاکتەرێکی دیکەی یاریدەدەر بۆ بونیادنانی دامەزراوەکان بریتییە لەوەی کە حکومەت مسداقییەتی هەبێت و هاووڵاتییان ڕاستەوخۆ بەشداربن و ببینن کاروبارەکان چۆن بەڕێوەدەچن و چۆن حکومەت ڕەفتار دەکات و دەجووڵێتەوە، هەروەها بایەخدان بە گەشەی ئابووری لەم قۆناغەدا گرنگە لەبەرئەوەی پێویستە پەرە بە کەرتی ئابووری و گەشەی ئابووری بدرێت لە وڵات، چونکە بەبێ گەشەی ئابووری زەحمەتە بتوانرێت بایەخ بدرێت بە هەلی کار و دامەزراندن و وەبەرهێنان، هەمووشمان لەوە بەئاگاین کە گەشەی ئابووری هۆکارێکە بۆ بەرەوپێشەوەچوونی وڵات، هاوکات پێویستە هەمووان جەخت لە پیادەکردنی سەروەری یاسا بکەن و زۆر گرنگە دادگاکان و کۆنگرێس یاخود پەرلەمان سەربەخۆ بێت، هەروەها زۆر گرنگە دامەزراوەکان چاودێریی یەکتری بکەن، لایەنێکی دیکە بایەخدانە بە قوتابخانەکان لەناو پرۆسەی پەروەردە کە پێویستە بایەخیان پێبدرێت لەپێناو ئاییندەیەکی باشتر بۆ وڵات.

*** کەواتە لەقۆناغی پەرەپێدان تاچەند ئاسایش و سەقامگیریی سیاسی گرنگە بۆ گەشەی ئابووری وڵاتانی تازە پێگەیشتوو؟**

- سەقامگیری زۆر گرنگە بۆ پێشکەوتنی وڵاتان و بناغەیەکە بۆ گەشەی ئابووری، بەپێچەوانەشەوە ناسەقامگیری هۆکارێکە بۆ سستبوونی ئابووری و تێکچوونی بازاڕ، بێگومان ئەم سەقامگیرییەش بەچەندین ڕێگەچارەی جیاواز بەدەست دەهێنرێت، بەڵام ئەوەی کە ئاشنایەتیمان لەگەڵی هەیە و کە

**گرنگ نییە چەند ساڵ لە قوتابخانە خوێندووتە. بەڵکو ئەوە گرنگە فێری چی بوویت. لەوانەیە هەندێك لە وڵاتان ببینین کە خەڵکەکەی دەرچووی کۆلێژ و زانکۆکانن. بەڵام خاوەن شارەزایی و لێهاتوویی نین**



زانا و پسپۆڕەکان ئاماژەی پێدەکەن ئەوەیە: سەقامگیریی سیاسی دێتەدی لەڕێگەی دڵنیایی لە وەدیهێنانی یەکسانیی کۆمەڵایەتی، لەهەمان کاتیشدا ناسەقامگیریی سیاسی دەبێتە بەربەستێك لەبەردەم وەبەرهێنان لەبەرئەوەی سەرمایەداران — لەهەموو وڵاتەکاندا — لەو شوێنانەدا وەبەردەهێنن کە تیایدا سەقامگیریی سیاسی هەیە، لەئاکامیشدا نەبوونی وەبەرهێنان زیان بە گەشەی ئابووری دەگەیەنێت.

*** هەموو وڵاتێك خاوەن توانای مرۆیی و سامانە کە واپێویستە حکومەت سوودیان لێ وەرگرێت بۆ پرۆسەی پەرەپێدان، بەڵام زۆرجار دەبینین حکومەتەکان لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو سوودیان لەو توانایە وەرنەگرتووە و بۆتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری، ئەمەش کاریگەریی لەسەر پرۆسەی پەرەپێدان هەبووە، بەڕای تۆ حکومەت چۆن دەتوانێت سوود لە سەرچاوەی مرۆیی وڵاتەکەی وەربگرێت؟**

- هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد «ئەم مەسەلەیە پەیوەستە بە پەرەپێدانی ئابووری و هەروەها پەیوەستە بە سیستەمی پەروەردەیی — یاخود ئەوەی کە ئێمە لێرەدا ناوی لێ دەنێین بە سامانی مرۆیی یاخود سەرچاوەی مرۆیی— ئێمە پێمانوایە کە پەرەپێدانی سەرچاوەی مرۆیی زۆر گرنگە بۆ پەرەپێدانی ئابووری و هەروەها پەروەردەش زۆر گرنگە، لەبەرئەوەی پەروەردە یاریدەدەرە بۆ دابینکردنی لێهاتوویی بۆ بەرهەمهێنانی ئاییندەیی، هەر بۆیە من پێموایە کە پەرەپێدانی تواناکان زۆر گرنگە بۆ بەرهەمهێنان و داهێنان لە ئایندە، بەڵام پەروەردە بەتەنیا بەس نییە و هەروەها گرنگ نییە چەند ساڵ لە قوتابخانە یا زانکۆ خوێندووتە، بەڵکو ئەوە گرنگە فێری چی بوویت، لەوانەیە هەندێك لە وڵاتان ببینین کە خەڵکەکەی دەرچووی کۆلێژ و زانکۆکانن، بەڵام خاوەن شارەزایی و لێهاتوویی نین و هۆکارەکەشی بۆئەوە دەگەڕێتەوە کە سیستەمی پەروەردەیی لەو وڵاتانەدا یان ئەوەیە بەپێی پێویست نییە یا ئەوەیە لە کەرت و بوارە گرنگەکان ناخوێنن، بۆیە زۆرجار دەبینین کە کوالێتی لە سیستەمی پەروەردە پەیوەستە بەو مەعریفەیەی کە لە قوتابخانە و زانکۆکاندا فێر دەکرێن.

*** یەکێك لە بەربەستەکانی بەردەم هەر حکومەتێك لەسەرتاسەری جیهاندا دیاردەی**

**دروستکردنی کەناڵەکانی پێوەندی لەنێوان حکومەت و هاووڵاتییان گرنگە بەشێوەیەك کە هاووڵاتییان بتوانن دەنگیان بگەیەنن بە حکومەت و بڵێن کار و ڕەفتاری کارمەندەکانی حکومەت چۆنە و چین**

**پێویستە کاربەدەست و هەروەها هاووڵاتییانیش لە گەندەڵی تێوەنەگلێن. لێرەشدا پێوەندییەکە بەهێز دەبێت لەنێوان حکومەت و کۆمەڵگە**



**«گەندەڵی»یە کە لەهەموو وڵاتێکدا بوونی هەیە، بەڵام سەبارەت بە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو گەندەڵی دیاردەیەکی زۆر ترسناکترە لەبەرئەوەی ئەو وڵاتانە هێشتا تازە لە دەسپێکی قۆناغی گەشەپێدان و پەرەپێدانن، لەو قۆناغەدان کە لەوانەیە گەندەڵی ببێتە هۆی وەستانی پرۆسەی پەرەپێدان و گەشەپێدان لە ڕەگەوە، بەڕای تۆ ئایا باشترین و گونجاوترین میکانیزمەکان چین بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی؟**

- ئەمە مەسەلەیەکی ئاڵۆزە لەبەرئەوەی مەرج نییە ئەزموونێکی سەرکەوتوو لە وڵاتێك مایەی سەرکەوتن بێت بۆ وڵاتێکی دیکە، لەبەرئەوەی شێوازی کارکردنی سیستەمەکان جیاوازە لە یەکتری، بۆنموونە ئەو میکانیزمەی کە سەرکەوتوو بێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەرج نییە لە ئەفریقیاش سەرکەوتوو بێت، بەڵام بێگومان دیاردەی گەندەڵی چەندین ئاست لەخۆ دەگرێت بەشێوەیەك کە ئاستێك هەیە لە دەسەڵاتی باڵا-دایە کە تیایدا سیاسەتوانەکان گەندەڵن و ئەم ئاستەیش پەیوەستە بە کاربەدەستە باڵاکانی حکومەت و هاوکات کۆمپانیاکانیش تێوەدەگلێن، بۆیە زۆر گرنگە ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاکان چاودێریی ئەم پرۆسەیە بکەن و هەموویان تیایدا بەشداربن لەپێناو ڕێگەگرتن لە گەیشتنی گەندەڵی بۆ ئەو ئاستە، لەلایەنێکی دیکەوە گەندەڵی لە ئاستی نزمتر هەیە بۆ نموونە لە ئاستی بیرۆکراسییەت مەبەستم لە ئاستی بیرۆکراسییەت ئەو ئاستەیە کە تیایدا تاکەکان مومارەسەی سیاسەت و دروستکردنی بڕیارەکان دەکەن، چەندین میکانیزمی جیاواز هەن بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی، لەوانە شەفافییەت و مسداقییەت و ئاشکراکردنی زانیاری لەسەر خزمەتگوزارییە گشتیەکان. پێویستە هاووڵاتییان بەئاگابن و ئەو زانیارییانەیان لەبەردەست بێت بۆ بەگژداچوونەوەی گەندەڵی.

*** حکومەت ڕۆڵێکی سەرەکیی هەیە لە حوکمڕانیی، بەتایبەتی لەڕووی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و پیادەکردنی سەروەری یاسا، ئایا هەنگاوەکان چین بۆئەوەی حکومەت ببێتە خاوەن حوکمڕانییەکی باش و پێی بووترێت «حکومەتێکی باش»؟**

- حوکمڕانیی باش تەنیا پەیوەست نییە بە چۆنیەتی بەڕێوەبردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، بەڵکو پەیوەستیشە بە جێبەجێکردنی خواست و داواکارییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە لەگەڵ بەشداربوونی ئەندامە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، بۆیە پێویستە بەشداربوون هەبێت لەلایەن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و لەلایەن پارتە سیاسییەکان و هەروەها لەلایەن گرووپە جیاوازەکانی کۆمەڵگە، هەربۆیە بەشداریکردن زۆر گرنگە لەم پرۆسەیەدا.

*** بەڕای تۆ چۆن ئەو پێوەندییەی نێوان حکومەت و هاووڵاتیان بەڕێوە دەبردرێت بەوشێوەیەی کە تیایدا هاووڵاتیان هاریکاربن و یارمەتیی حکومەت بدەن و حکومەتیش وەڵامدانەوەی بۆ خواست و داواکارییەکانی هاووڵاتیان هەبێ؟**

زۆر گرنگە ڕێکخراوە ناحکومیەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیاکان و ڕۆژنامەکان چاودێریی پرۆسەی دژە گەندەڵی بکەن و ڕێگا نەدەن گەندەڵی بگاتە ئاستی باڵاو کاربەدەستانی باڵای حکومەت و کۆمپانیاکان تێوەبگلێن

- پرۆسەی هەڵبژاردنەکان زۆر گرنگە بۆئەوەی حکومەت بەرپرسیار و خاوەن مسداقییەت بێت لەبەرامبەر هاووڵاتییان، هەندێك لە پسپۆران ئاماژە بەوە دەکەن کە گرنگە ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەشدار بن لە پرۆسەکە لەپێناو چاودێریکردنی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کاروبارەکان، هەروەها لەپێناو دڵنیابوون لەو بارەیەی کە بڕیار و سیاسەتەکانی حکومەت هەموان بگرێتەوە بەبێ جیاوازی لەنێوان گرووپەکان کە سەر بە هەر گرووپێك بن و یاخود لەنێوان ڕەگەزەکان کە پیاو بن یان ئافرەت...و تاد. بەواتای هەموو لایەن و پێکهاتەکان بگرێتەوە بە لەبەرچاونەگرتنی ڕەگەز و ئایین و ئیتنییەت، وەدیهێنانی ئەم شتەیش لەڕێگەی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێت کە نوێنەرایەتیی کۆمەڵگە دەکەن لە وڵات، لەلایەنێکی دیکەوە مەشق و ڕاهێنان گرنگە، بۆنموونە زۆر گرنگە بیرۆکراتەکان ڕابهێنرێن لەسەر دروستکردنی پێوەندی لەنێوان ئەرك و کارەکانیان لەگەڵ هاووڵاتییان لەبەرئەوەی بیرۆکراتەکان باشترین جۆرەکانی پێوەندییە لەنێوان حکومەت و، زۆر گرنگە کۆمەڵگە بەگشتی فێربکرێ لەسەر ئەوەی کە بەرتیل نەبەخشن لەبەرئەوەی ئەگەر بێت و هاووڵاتییان بەردەوام بن لە بەخشینی بەرتیل لەبەرامبەر ئەنجامدانی کار و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، ئەوە فەرمانبەرە مەدەنییەکانیش هەر بەردەوام دەبن لەسەر وەرگرتنی بەرتیل لە هاووڵاتییان، ئەمە هاوکێشەیەکی دوو لایەنە و پەیوەستە بە هەردووك لایەن لەبەر ئەوەی پێویستە کاربەدەست و هەروەها هاووڵاتییانیش لە گەندەڵی تێوەنەگلێن، هەروەها دروستکردنی کەناڵەکانی پێوەندی لەنێوان حکومەت و هاووڵاتییان بەشێوەیەك کە هاووڵاتییان بتوانن دەنگیان بگەیەنن بە حکومەت و بڵێن کار و ڕەفتاری کارمەندەکانی حکومەت چۆنە و چین.

# چارەسەری نەبینراو بۆ مەسەلەی کورد لەتورکیا

سەرەڕای ئەوەی کە ئەنکەرە لەساڵی ٢٠٠٠وە هەڵوێستی نەرمتری بەرامبەر بەمەسەلەی کورد نواندووە، بەڵام هێشتا هەنگاوی کارا بۆ چارەسەر نەنراوە. لەهەندێ ڕووەوە، هەست دەکرێت ئەنکەرە بەقەد جاران بەتەنگ چارەسەرکردنی مەسەلەکەوە نییە. ساڵی ٢٠٠٠ سەرەك وەزیرانی تورکیا ڕەجەب تەیب ئەردۆگان دانی بەوەدا نا کە کێشەی کورد لەتورکیا هەیە، کەچی لەساڵی ٢٠١١ دا ڕایگەیاند کەتورکیا کێشەی کوردی نییەو لەسەرەتای ئەم مانگەشدا وتی کێشەکە کێشەی تیرۆرە.

پێدەچێت ئەنکەرە تێڕوانینێکی ڕوونی بۆ دۆزی کورد نەبێت و لەبنەمادا پێناچێت ئەنکەرە سەر لەناوەڕۆکی مەسەلەکە دەرکا. ئەمەش وای کردوە شێواوییەك لەسیاسەتی ئەنکەرە لەم بارەیەوە هەبێ. کرانەوەی ئەنکەرە بەڕوی کورددا، کە بەدڵنیاییەوە بایەخێکی زۆری هەیە، زۆرتر کرانەوەیەکی مرۆڤانەو کەلتورییەو هیچ ڕوخسارێکی سیاسیی بەخۆوە نەدیوە. ئەنکەرە تائێستا خۆی لەباسکردنی مافی بەکۆمەڵ لادەداو نۆڕینی بۆ چارەسەر نۆڕینێکە لەسەر بنەمای تاك نەك لەسەر بنەمای کۆمەڵ. ئەوەی ئەمەش ڕوون دەکاتەوە، سەلماندنی مافی خوێندنی زمانی کوردییە لەخوێندنگەکاندا کەتێیدا مافەکە، لەڕووی یاساییەوە، بەتاك دراوە نەك بەکۆمەڵ. ئەمەش بەو سەرەنجامە دەگات کەنواندنی نەرمی و لێبوردەیی بەرامبەر بەناسنامەکانی دیکە، خۆی لەخۆیدا بەس نییە بۆ مسۆگەرکردنی چارەسەر، بەتایبەتی بۆ مەسەلەیەکی ئاڵۆزی وەك مەسەلەی کورد.


تێڕوانینی ئەنکەرە بۆ شێوەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد جگە لەوەی کە ڕۆشن نییە، ئاڵۆزیشە. تا ئێستا ئەنکەرە کەلتوورو سیاسەت پێکەوە گرێ ناداو پێی وایە لەڕێی مافی کەلتوورییەوە، کەهێشتا بەو جۆرەی کەپێویستە نەسەلمێنراوە، دەتوانرێت چارەسەری کێشەی مافە سیاسییەکان بکرێت. ڕوونتر، بەلای ئەنکەرەوە چارەسەر لەمافی کەلتووری واوەتر ناڕوات. بەڵام لەبەر ئەوەی مەسەلەکە لەبنەڕەتدا مەسەلەیەکی سیاسییە، ئەنکەرە ناچارە لەڕەفتاردا ڕەهەندە سیاسییەکەی پشتگوێ نەخا.

بەلای ئەنکەرەوە، چارەسەر پێویستی بەقۆناغێکی ئارامە. ئەمەش وای لێ دەکا داوای ڕاگرتنی شەڕ بەبێ مەرج و بۆ کاتێکی نادیار بکات. بەکردەوە، ئەنکەرە بانگەشە بۆ تیۆری «ئاگربڕێکی هەمیشەیی» دەکات. داواکەی ئەنکەرە زۆر لەهەلومەرجی ساڵانی ١٩٦٦-١٩٦٩ی عێراق دەچێت کە قۆناغێکی ئاشتیی نێوان بەغداو شۆڕشی کورد دەگرێتەوەو ڕەوشەکە زۆرتر لەئاگربڕێکی درێژخایەنی بێ وتوێژ دەچوو. بەڵام تەنانەت ئەم ئاگربڕە هەمیشەییەی ئەنکەرەش، تەواو جیاوازە لەئاگربڕە درێژخایەنەکەی بەغدا-کورد چونکە لەوسێ ساڵەدا کوردی عێراق هەڵسوڕانی سیاسیی ئاشکرایان لەشارەکاندا هەبوو، تەنانەت لەقۆناغەکانی کۆتاییدا ڕۆژنامەشیان بەشێوەیەکی یاسایی لەبەغدا دەردەکردو بەغدا دانانی چەکی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکە بەمەرج دانەدەنا.

ئەنکەرە سوورە لەسەر ئەوەی کە بەبێ چەکدانان چارەسەر نییەو لەبەرامبەردا گەرەنتیی ئەوە نەکراوە کەچەکدانانەکە سەرەتای چارەسەرێکی گونجاو بێت. بەڵام مەسەلەی چەکدانان پرۆسەیەکی دابڕاو نییەو بەچەردەیەك مەسەلەی دژوارەوە بەستراوەتەوە وەك چۆڵ کردنی قەندیل و لەبەریەك هەڵوەشانەوەی هێزی چەکدارو گەڕانەوەی پێشمەرگە بۆ تورکیا. خودی گەڕانەوەکەش لەمپەری گەورەی لەبەردەمدایە، لەوانە پێویستیی بوونی یاسایەکی تایبەت بەلێبوردنی گشتی کەئەویش دیدی جیاوازی لەبارەیەوە هەیە چونکە تائێستا ئەنکەرە دەیەوێت یاسای پێشنیارکراو تەنیا ئەوانە بگرێتەوە کەدەستیان لەهێرش کردنە سەر سەربازەکان نییەو تەنانەت دەیەوێت لێبووردنەکە گەڕانەوەی سەرکردە سیاسییەکان ئاسان نەکات، سەرباری نارۆشنیی هەڵوێستی ئەنکەرە بەرامبەر بەئایندەی سیاسیی ئۆجەلان.

ئەنکەرە بڕوای تەواوی بەوە هەیە کە کات لەبەرژەوەندیی ئەو چارەسەرەیە کەخۆی دەیەوێت. هاندەری، لەم ڕووەوە، بۆچوونێکە وای دەبینێت کەکوردی باکوور لەبەرەنجامی کۆتاییدا ئەو چارەسەرە هەڵدەبژێرێت کەپارتی دادو گەشەپێدان پێشنیاری دەکات نەك ئەو چارەسەری کە بەدەپەو لەسەرووی ئەوەوە پەکەکە، بانگەشەی بۆ دەکەن. بەهرۆز گەلاڵی، پسپۆڕە لەکاروباری تورکیا، پێی وایە زۆرینەی کورد لەهەڵبژاردندا دەنگیان بەپارتی دادو گەشەپێدان داوەو بەپشت بەستن بەئەنجامی هەڵبژاردن جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەپارتی دادو گەشەپێدان ٨٥٪ی دەنگی کوردی بەدەست هێناوەو بەدەپە تەنیا ١٥٪ی بەدەست هێناوە. بەڵام یاسای هەڵبژاردنی تورکیا کەمەرجی تێپەڕاندنی ڕێژەی ٧٪ی تێدایە، هیچ کات گوزارشتی لەڕاستیی ئەنجامەکان نەکردووە، بەڵام ئەمە بەم مانایە نییە کەپارتی دادو گەشەپێدان لەناو کورددا لاوازە.

دیارە تەنیا داننان بەبوونی ناسنامەی دیکە لەتورکیا، مەسەلەی کورد بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی چارەسەر ناکات،چونکە داننان بەناسنامەی کورددا یەکەم هەنگاوە، نەك تاکە هەنگاو، بەرەو چارەسەر.



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان نووسیویەتی


**پێدەچێت ئەنکەرە تێڕوانینێکی ڕوونی بۆ دۆزی کورد نەبێت و لەبنەمادا پێناچێت ئەنکەرە سەر لەناوەڕۆکی مەسەلەکە دەرکا. ئەمەش وای کردوە شێواوییەک لەسیاسەتی ئەنکەرە لەم بارەیەوە هەبێ. کرانەوەی ئەنکەرە بەڕووی کورددا، کە بەدڵنیاییەوە بایەخێکی زۆری هەیە، زۆرتر کرانەوەیەکی مرۆڤانەو کەلتورییەو هیچ ڕوخسارێکی سیاسیی بەخۆوە نەدیوە**

# سیاسەتی تاکڕەوی مالیکی سەرچاوەی هەموو کێشەکانی عێراقە

**لاوازی زانیاری و ئەزموونی عورفە دیبلۆماسیەکانی لەلای سەرۆک وەزیران، عێراق دەخزێنێتە کونجێکی مردووەوە**

د. تەیسیر عەبدولجەبار ئالووسی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی



لە زۆربەی جاراندا لێدوانە لێکدژەکانی بەرپرسانی حکومەتی ناوەندی سەبارەت بە هەر دۆزو پرسێکی گرێبەندو وابەستە بە پێوەندییەکانی دەرەوەی وڵات بە زەقی دێنە پێشمان، تەنیا کێشەکەش لەو لێدوانانەدا نییە، بەڵکو لە هەڵوێستە فەرمیەکانی حکومەتیشدایە کە وەریدەگرێت، یان قەیران لەو وتووێژانەدایە کە لە نێوان وڵاتانی جیهان و عیراقدا ساز دەکرێن، یان لە نێوان نوێنەرایەتی سیاسەتی دەرەوە بە تایبەت لە نووسینگەی سەرۆکایەتی حکومەتی ناوەندی و تەنانەت لەسەر ئاستی وتەبێژانی سەرۆکایەتی حکومەتیشدایە، کە زۆربەی کەرەت هەڵوێستەکانیان پڕ لە کێشەن..

ئەم ئاریشەیە زیاتر بەهۆی ئەوەوەیە، زۆربەی جار کاتێك باڵیۆزو قونسوڵگەرەکانی وڵات لە وڵاتانی دەرەوە دادەنرێن، ئەوان بە پێی پرۆتۆکۆلە کارپێکراوەکان ناچن بەڕێوە، چەندین جار پێوەندییەکانی دەرەوە دوچاری ئیحراج بوون و قەیرانی دیبلۆماسی بووەتەوە بەهۆی کاروکردەوەی واوە کە لەسەرو ئاستی ئەدای پێوەندییەکانی دەرەوەی عیراقەوە و دوور لە میکانیزمەکانی کاری دەوڵەتمەداری و بەرپرسیارییەتیەکانی بووە.

بە چاو پۆشی لە چۆنیەتی جیاوازی بوونمان بۆ ئەم مەسەلەیەو لەم بارەیەوە ڕوون و ئاشکرایە ئەم ڕەفتارانەی لە پێوەندییەکانی دەرەوە وەشاونەتەوە، زۆر ناتەندروستن و دوورن لە ئەدەبیاتی کاری دیبلۆماسییەوە..

بەڵام چی بڵێین سەبارەت بە سەرۆکایەتی حکومەتی ناوەندی؟

ئەگەر چاوێك بخشێنینەوە بە خیتابی سەرۆکایەتی وەزیران سەبارەت بە سیاسەتی دەرەکی ئەوە بە باشی دەبینین کە سەرۆکایەتی وەزیران ڕەزامەندە لەسەر ئەوەی ئاڵای عیراق هەڵنەدرێت لەو کاتانەی چاوی دەکەوێت بە لایەنە ئێرانیەکان، هەروەها پێی باشە وەڵامی ئەو زێدەڕۆییانەش نەدرێتەوە کە لە لایەن ڕوکنەکانی باڵیۆزخانەی تەهرانەوە لە بەغدا دەردەچن، یان لە جەمسەرە باڵادەستەکانی سەرۆکایەتی ئێرانیەوە دەدرێن، گوایە لە توانایاندایە سەرۆك وەزیران بگۆڕن و بە ئارەزووی خۆیان کەسایەتی تر دامەزرێنن و زۆر لێدوانی تری نابەرپرسی لەو چەشنانە، کەچی لە بەرانبەر ئەم بێهەڵوێستیەشدا سەرۆکایەتی وەزیران لە لایەکی ترەوە دەنگی لێ هەڵدەبڕێت و بە وشەی توندو زبرەوە تەنانەت بە دەنگی خودی سەرەك وەزیرانەوەو ئەوانەی وتەبێژیین شتانێك دەدرکێنرێت کە پێچەوانەی هەموو ئەتەکێتێکی دیبلۆماسییەو لەگەڵ ئەو هەوڵانە نایەتەوە کە بۆ باشکردنی پێوەندییەکانی وڵاتەکەن چ لە ڕووی هەرێمیی و چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییەوە، وەك چۆن حاڵەتێکی وا لە تۆمەتبارکردنی کۆنگرەی وڵاتانی ئیسلامی ڕوویدا کاتێك مالیکی ئەو کۆنگرەیەی بە ئەوپەڕی هێرشێکی تیرۆر بۆسەر عیراق و وڵاتانی تری مەزڵومی عارەبی لە قەڵەم دا..

ئەم دوو هەواو یەك بانییە، لەهەڵوێستە سیاسی و دیبلۆماسیەکانی دەرەکیدا، لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە سەرۆکایەتی وەزیران هیچ ئیعترافێك بە وەزیرەکانی خۆی ناکات و هەموو ئەدای کابینەی وەزاری ئەوانی لەسەر مێزی نووسینگەکەی ئەنجومەنی وەزیران کۆکردۆتەوە، هەروەها لە لاوازی زانیاری و ئەزموونی عورفە دیبلۆماسیەکانەوە هەڵدەقوڵێت، لە ئاکامیشدا عیراق دەخەنە بەردەم بابەتگەلێکی ناهەمواری واوە کە بەم ئەدا ئاست نزمە دیبلۆماسیانەوە لە ئیحراجیدا نغرۆی بکەن و لە پێگەی سنووربەزانی سەروەرێتی بیخزێننە کونجێکی مردووەوە.

**سەرۆکایەتی وەزیران هیچ ئیعترافێک بە وەزیرەکانی خۆی ناکات و هەموو ئەدای کابینەی وەزاری ئەوانی لەسەر مێزی نووسینگەکەی ئەنجومەنی وەزیران کۆکردۆتەوە**

**ئەوانەی سەربەخۆ لێدوان تەخشان و پەخشان دەکەن، نە خۆیان و نە سەروو خۆشیان ئاگاداری ئەو تێکدان و خەراباتە نیین کە لە نەخشەدارشتنی سیاسەتی دەرەوەی وڵات چ کاریگەرییەکی خراپی بۆ داهاتوو لێ دەکەوێتەوە**

لەم بارەیەوە تورکیا گاڵتە بەم سروشتە ئاست نزمەی دیبلۆماتیکی سەرۆك وەزیرانی عێراق دەکات، چونکە هەندێك هەڵسوکەوتی لێ دەرچووە کە زۆر دوورە لە هەموو پرۆتۆکۆلاتێکی دیبلۆملسییەوەو لەوانەشە چوویێتە ئاستی دوژمنکاریی گەر بێت و بە پێی چەمکە یاساییە باوەکانی نێودەوڵەتی لێك بدرێنەوە، ئەو وڵاتانەی پێشوازییان لە باڵیۆزەکانی عیراق کردووە سەریان سوڕماوە لەم ئاست نزمیەی پرۆتۆکۆلیی کە لە هیچ شوێنێك نزمیی ئاستی دیبلۆماسی وەها نەبینراوەو نەبیستراوە.. کارەساتی ڕەنگدانەوەی هەڵوێستە حزبیەکان لە سیاسەتی دەرەکیدا قەیرانێك نییە وا بە سانایی تێپەڕێت، ئەگەر ئێستاش نەرێنێتی ئەم سیاسەتە دەرنەکەوێت ئەوا سبەینێ و لە داهاتووی نزیکدا هەر دەبێتە کارەسات، چونکە هەر ڕەفتارێکی دیبلۆماسی کە تۆماردەکرێت بەو سیفەتەی ئەو ڕەفتارە بۆ خۆی بڕوانامەو پەیماننامەیەکە بۆ چەسپاندنی ئیلتیزاماتێکی یاسایی، هەر لاسەنگ بوونێك لەم ئیلتیزاماتەدا تەقینەوەیەکی سلبی لە پشتەوە دەبێت، ئەوانەی سەربەخۆ لێدوان تەخشان و پەخشان دەکەن، نە خۆیان و نە سەروو خۆشیان ئاگاداری ئەو تێکدان و خەراباتە نیین کە لە نەخشەدارشتنی سیاسەتی دەرەوەی وڵات و دیاریکردنی پێوەندییەکانی عیراق بە وڵاتانی دەرەوەدا چ کاریگەرییەکی خراپی بۆ داهاتوو لێ دەکەوێتەوە.

هەروەها لە چوارچێوەی سیستمی فیدراڵیدا کە لە دەستووری دەوڵەتی عیراقیدا تۆمارکراوە، دەسەڵات و ماف دراوە بە کاری قونسوڵگەری بۆ هەرێمە فیدراڵیەکانی ((وەك هەرێمی کوردستانی عیراق)) بە پێی یاسایەك کە پشت بەستووە بە یاسای نێودەوڵەتی، کەچی خەریکە ئەم یاسایە دەقۆزرێتەوە تا هەندێ نوێنەرایەتی لە پارێزگاکان و وەزارەتەکان بە پێچەوانەی عورفی دیبلۆماسی کارپێکراو لێی سودمەند بن، بۆیە جەخت لەسەر نوێنەرانی ئەو نوێنەرایەتیانەی پارێزگاکان و وەزارەتەکان دەکەمەوە کە بە پێی لۆژیکی یاسایی کاری دیبلۆماسی لە پێوەندییە دەرەکییەکان ڕیزبەند بکرێن..

ڕەنگە ئەم فەوزا خولْقاندنەش بە تەنیا بۆ نارێکی لە تێگەیشتنی کاری دیبلۆماسی نەگەڕێتەوە وەك ئەوەی چۆن وەزیرێك بێ ئاگاداری پێوەندییەکانی دەرەوە بە پێی پرۆتۆکۆلەکان کار نەکات، بەڵکو ڕەنگە ئەمە مەبەستی تري لە پشتەوە بێت، کێ بەربەستێك بۆ ئەم حاڵەتە دادەنێت..

وەزارەتی دەرەوە بەرپرسیارە لە پێڕەوکردن نەك ڕەخنەلێگرتن لە چوارچێوەی ئەنجومەنی وەزیراندا، بەڵام بە شێوەیەك کە ئەرکەکان یەکلایی بکاتەوەو هەڵوێستەکان یەك بخاتەوە و لە چوارچێوەی خیتابی دەرەوەیدا چڕی بکاتەوە، هەروەها لیژنەی تایبەتمەندی ئەم بوارە لە پەرلەمان ئەویش بەرپرسیارە لە بانگهێشت کردنی لایەنە پێوەندارەکان لە لایەك و هەروەها لێپرسینەوەی لایەنەکانی کە سنووری ئەدای وەزارەتی دەرەوە دەبەزێنن بە شێوازێکی فەوزاگەریی با ئەو لایەنە فەوزاگەرە نوێنەری ڕاستەوخۆی سەرۆکایەتی حکومەتیش بێت..

بۆیە لەمەوە پێویستە چارەسەرێکی یەکلاکەرەوەو بە پەلە بدۆزرێتەوە بۆ هەڵوێستەکانی کە تا ئێستا وەرگیراون بە هۆی فرە بڕیاریی ناوەندێتی حکومەتیی، تا ئەو ئاستەی ئەگەر ئەم چارەسەرە بگاتە ئەوەی دانوستان لە نێوان فراکسیۆنەکانیش بکرێت دەربارەی سیاسەتی دەرەکی، لەو خیتابە پرۆتۆکۆلیانەی دەدرێن سنوور تێپەڕاندنەکان دیاری بکرێت بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکە بە شێوازێکی دروست نوێنەرایەتی بکرێن تا عیراق و گەلی عیراق بەرهەمی دەرئەنجامێکی خراپی دیبلۆماسی نەچننەوەو بەهۆی ناکامڵی ئەو بەرپرسانەی کە کەسێك نییە لێیان بپرسێتەوە، ئەم گرێی تاکڕەوییەتیەی کە تا ئێستا لە بەڕێوەبردنی حکومەت یەکلایی نابێتەوە وای کردووە هەموان بێدەسەڵات بکات و بە پێی لۆژیکی یاسا و میکانیزمەکانی کە لەسەر ئاستی جیهانی لە وڵاتانی پێشکەوتوودا بەکاردێت بەرپرسیارێتیەکان دابەش نەکرێنەوە، گرێیەکە هۆکارەکەی تەنیا بۆ شکستی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆی وڵات ناگەڕێتەوە، بەڵکو شکستی گەورەی دەوڵەتی عیراقیشە کە ناتوانێت ڕووبەڕووی بەرپرسیارییەتیەکانی بێتەوە لە بەرانبەر وڵاتانی دەرەوە..

**سەرۆک وەزیران لە یاساکانی بەڕێوەبردنی پچکۆلەترین دەزگا نازانێت چجای بەڕێوەبردنی عیراق، هەموو گرفتەکانیش لەو بڕیارە تاکڕەوانە کۆبۆتەوە کە سەرۆک وەزیران بەردەوام لە هەوڵدایە ڕەهایانە شتەکان بەسەر هەمواندا بچەسپێنێت**

ئێستا وا دەبینرێت ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت ئەویش کێشەی تاکڕەوێتی و پەترياركیەتە لە بەڕێوەبردنی کارەکاندا، ئەمە وەك ئەوەیە سەرۆك وەزیران لە ناو یەك ماڵدا بێت و بە ئارەزووی خۆی منالەکانی بهێنێت و ببات، ئەم ڕەفتارەش لە بێتوانایی یەکەمین کەسایەتی ئەم وڵاتەوە دێت لەوەی ناتوانێت بە ڕێگەیەکی دروست حکومەت بەڕێوەبەرێت، چونکە لە یاساکانی بەڕێوەبردنی پچکۆلەترین دەزگا نازانێت ئینجا چجای بەڕێوەبردنی حکومەتێکی گەورەی وەك عیراق، هەموو گرفتەکانیش لەو بڕیارە تاکڕەوانە کۆبۆتەوە کە ئەم سەرۆك وەزیرانە بەردەوام لە هەوڵدایە ڕەهایانەو بەزۆری زۆردارەکی بەسەر هەمواندا شتەکان بچەسپێنێت.. وەك وتیشم سەرەتا لە نەزانیەتیەوە و دواجاریش لە وەك کەسایەتیەکی تاکڕەوە لە توانایدا نییە بەرپرسیارێتیەکان و میکانیزمە دیاریکراوەکانی کارکردن بە ڕێگەیەکی تەندروست دابەش بکات، ئەگەر ئەم تواناو زانینەی هەبوایە کار نەدەگەیشت بەوەی سیاسەتی دەرەکی بەم شێوەیە لە چارەسەری گرفتەکاندا بێ ستراتیژ بێت، کە ئەرکەکانی ئەو سیاسەتە هەمووی وابەستەیە بە ئەرکی نیشتمانیی و لەو تەوەرەشدا دەسوڕێنەوە، ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بدەم چارەسەری یەکلاکەرەوەی ئەم گرفتەیە، پێش ئەوەی کاتێ بێتە پێشەوە بۆمان کە تێیدا پەشیمانی دادی کەس نەدات.

*** توێژەری ئەکادیمی زانستە سیاسیەکان**



## پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام بۆ گوڵان:

# بەرپرسیارێتی سەرەکی ئەم دۆخە دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆک وەزیرانی عیراق چونکە مالیکی لە کارەکانیدا پرس بە هیچ لایەک ناکات



پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام ئوســتادی مێژووە لە بواری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەڕێوەبەری ســەنتەری میرو میریام ئیزریە بۆ توێژینەوە لەسەر کاروباری ئێران و دەوڵەتانی کەنداو لــە زانکۆی حەیفا، یەکێکە لەو تۆژەرەوەو شــرۆڤەوانانەی جیهان کە ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵە کاری توێژینەوە لەسەر حزبی بەعس دەکات بە هەردوو باڵەکەیەوە چ بەعسی عیراق و چ بەعســی سووریایی، لە ســەردەمی هەردوو ئیدارەی بیل کلنتۆن و جۆرج دەبلیو بۆش ڕاوێژکاربووە، لەسەر پرسی ڕووخاندنی ڕژێمی پێشووی عیراق پرس و ڕاوێژی پێکراوە.. پرۆفیســۆر بارام پێش دەسپێکردنی پرۆسەی ئازادی عیراق لە ساڵی ٢٠٠٣ یەکێک بووە لە گەورە توێژەرەوانی ئامۆژگای بەناوبانگی برۆکینگزو ســەنتەری سابان لەناو ئامۆژگای ناوبراو بۆ هەڵسەنگاندنی ڕەوشی عیراق و چۆنیەتی ئەنجامدانی پرۆسەی ئازادکردنی عیراق، لەم بارەیەشەوە ڕاوێژی پێشکەشی ئیدارەی ئەوکاتی ئەمەریکا کردووە..

ئێستاش خەریکی توێژینەوەیە لەسەر دۆخی ئێران و دەوڵەتانی کەنداو، پرۆفیسۆر بارام لە ژمارەی تەمووزو ئابی ٢٠١٢ توێژینەوەیەکی بە ناوونیشانی(وەرگرتنی پەند لە بەرپەرچدانەوەی عیراق -Deterrence Lessons From Iraq- ) لەم وتارەشیدا جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی دەکرێت سوود لەو هەنگاوە کردارەکیانە ببینرێت کە پێشتر بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەکە کۆکوژەکانی عیراق گیرابوونە بەر، لەم بارودۆخەی ئێستاشــدا گشــت گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە پێکەوە گرێدراون و ڕەوشی گشتی سیاسی و ئەمنی وڵاتی عیراق بەرەو داڕووخاندن دەچێت، بۆیە ئێمەیش بە پێویســتمان زانی ئەم بارودۆخە گرژو پێکداپژاوەی ئێستا لەگەڵ پرۆفیســۆر ئەمازیا بارام تاووتوێ بکەین، ســەبارەت بەمەش بەڕێزیان بە شێوەیەکی وردو بەرپرسانە لەسەر کۆی گۆڕانکارییەکان هەڵوێستەی کردوو بە تایبەتیش لەسەر ئەو لایەنانەی کە پێوەندیدارن بە دۆزی هەرێمی کوردستان و پێگەی کورد لە ناوچەکەدا، ئەمەی خوارەوە دەقی وتەکانی پرۆفیســۆر بارامە لەگەڵ گوڵان.

*** دۆخی سیاسی عێراق بەرەو ئاڵۆزی ڕاستەقینە دەچێت و ڕۆژ بە ڕۆژ قەیرانە سیاسییەکەی ئاڵۆزتر دەبێت، عێراق لە حاڵەتێکدایە کە چیتر ناتوانرێت کێشەکان لە ڕێی گفتوگۆوە چارەسەر بکرێن، واتە پێدەچێت مەحاڵ بێت لە ڕێی گفتوگۆوە یەکلایی بکرێنەوە و حکومەتی ناوەندی دەستوور پێشێل دەکات، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا عێراق بەرەو چ ئاراستە و چ ئایندەیەک هەنگاو هەڵدەگرێت؟**

- حاڵی حازر ئەو ئاراستەیەی عێراق گرتویەتیە بەر ئاراستەیەکی باش نییە، ئەمە شتێکە ئێمە هەموومان دەیزانین و ئێوەش دەیزانن، پێم وایە بەرپرسیارێتیە سەرەکییەکە لەسەر ئەم دۆخە دەکەوێتە ئەستۆی سەرۆک وەزیرانی عیراق، مالیکی لە کارەکانیدا پرس بە هیچ لایەک ناکات، ئەمە لە کاتێکدا پێویستە مالیکی لەگەڵ ئێوەو لەگەڵ عەللاویدا کار بکات، واتە لەگەڵ لیستی ئەل عێراقیەدا، بۆ ئەوەی کێشەکان چارەسەر بکات، بەڵام ئەو نایەوێت ئەم کارە بکات، کەواتە پرسیارەکە ئەوەیە ئێوە چی دەکەن و دەتوانن چی بکەن و دەتوانرێت چی بکرێت؟؟

پێم وایە ئێوە دەستتان کردووە بە گرتنەبەری ئاراستەیەکی ڕاست و دروست، من نازانم بۆچی سەرکەوتوو نەبووە، ئێوە(کورد ) کارتان لەگەڵ عەللاویدا کردووە لەلایەک و هەروەها لەلایەکی دیکەوە کارتان لەگەڵ موقتەدا سەدردا کردووەو هەوڵی پێکهێنانی زۆرینەتان داوە لە پەرلەماندا بۆ گۆڕینی حکومەت و ئەمەش هەنگاوێکی باشە، من نازانم دواتر چی ڕوویدا، بەڵام ئەوەی هەموومان دەیزانین ئەوەیە ئەم کارە سەرکەوتوو نەبووە، بۆیە عێراق لە دۆخێکدا گیری خواردووە کە کەس دەروازەو دەرچوونێک بۆ کێشەکان شک پێ نابات، ڕاسپاردەی من بۆ ئێوە ئەوەیە: کار لەگەڵ سوننەکاندا بکەن و دووبارە هەوڵی زیاتر بۆ لابردنی مالیکی بدەن، بەڵام ئەگەر ئەمە لەم کاتەدا مومکین نەبوو، ئەوا پێشنیار دەکەم بۆ کورد کە بچن لەگەڵ مالیکی و کابینەکەیدا کۆببنەوەو گفتوگۆی لەگەڵدا بکەن، ئەوکات باشترە هەوڵبدەن بگەنە چارەسەرێک بۆ هەموو کێشەکانی نێوانتان، چارەسەرێک لەسەر بنەمای ڕێکەوتن بێت، من ناچمە وردەکارییەکانەوە، بەڵام لای هەمووان ئاشکرایە کە کورد داوای خاکگەلێکی دیاریکراو دەکات و هەندێ داواکاری دیکەی هەیە کە پەیوەستن بە بەرهەمی نەوت و دەرهێنانی سامانی نەوت و واژۆکردنی گرێبەستە نەوتیەکان و..تاد. ئەمە دۆخێکی زۆر خراپە، لەبەرئەوەی عێراق دابەش دەبێت، بە شێوەیەکی ڕیشەیی دابەش دەبێت، ئەمە نیشانەیەکی باش نییەو شتێکی باش نییە، ئەگەرچی زۆرێک لە کوردان خوازیاری سەربەخۆیین، من ئەمەش لەبەرچاو دەگرم، لەبەر ئەوە دەبێت ئێوە کار لەگەڵ حکومەتدا بکەن، لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لە بەغدا، بۆ ئەوەی لەسەر بناغەی سازشکردن و ڕێکەوتن بگەنە جۆرێک لە چارەسەر، پێویستە کورد بگاتە چارەسەرێک لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەغدادا، ئێوە چەند ساڵێکتان لەبەردەمدایە، بەڵام ئەو کاتە تا سەر کراوە نییەو بۆ تا هەتایە نییە، چونکە بەغدا بە بەردەوامی چەکی زیاترو زیاتر بەدەست دەهێنێت و سوپای عێراق بەهێزترو بەهێزتر دەبێت و ڕەنگە لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا دوچاری شەڕ ببنەوە، بەڵام ئێوە خوازیاری ئەوەنین تووشی شەڕ ببن، بە دڵنیاییەوە ئێوە هەرگیز ئەو شەڕەتان ناوێت، لەبەرئەوە بە ڕاستی دەبێت ئێوە ئاگاتان لە خۆتان بێت و بگەنە ڕێککەوتنێک لەگەڵ بەغدا، من دەزانم ئێوە کار لەسەر ئەم مەسەلەیە دەکەن، من دەزانم ئێوە کارێکی ڕاست دەکەن.

هیچ کەسێک نازانێت ڕەوتی ڕووداوەکانی سوریا بە کوێ دەگات، چونکە ئەمە بە هیچ شێوەیەک ڕوون نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت ئەوەندەی لە تواناتاندا هەبێت، ئێوە هاوکاری کوردەکانی سوریا بکەن، من دەزانم ژمارەیەک پەنابەری کوردی سوریا لە کوردستانی عێراقدا هەن، کە دەبێت بەردەوامبن لە هەوڵەکانتان بۆ هاوکاری کردنیان، پێویستە ئێوە هاوکاری کوردەکانی سوریا بکەن، ئەگەر پارەتان هەیە، لە ڕێی دابینکردنی پارەوە هاوکارییان بکەن، لەبەر ئەوەی بە تێڕوانینی من ئەگەری ئەوە هەیە لە کۆتاییدا سوریا دابەش ببێت و ڕەنگە ناوچە کوردییەکان لە سووریا جیاببنەوە، لەو حاڵەتەدا دەبێت ئێوە ئەو بەشانە بگرنەخۆتان، ئەو کاتە هەرێمی خۆبەڕێوەبەرەکە تەنیا هەرێمە کوردییەکەی عێراق ناگرێتەوە، بەڵکو هەندێ لە ناوچە کوردییەکانی سوریاش دەگرێتەوە، ئەویش لەبەرئەوەی ڕەنگەو ئەگەری ئەوە هەیە سوریا دابەش ببێت، بە بۆچوونی من ئەوە ڕەوتێکی دروستی کارکردنە، ئەوەی زۆر گرنگە بۆ ئێوە ئەوەیە پێداگیری لەسەر بەدەستهێنانی ئەو داواکارییانە بکەن کە زۆر گرنگن بەلاتانەوە، هەروەها سازش بکەن لەسەر ئەو داواکارییانە کە لە بەهادا گرنگییەکی کەمتریان هەیە، هیودارام بەم شێوەیە بتوانن قەناعەت بە حکومەتی بەغدا بکەن، بۆ ئەوەی بگاتە ڕێککەوتنێک لەگەڵ ئێوەدا، پێم وایە ئەمە مومکینە، ئەمە شتێکی تیۆری نییەو ئەمە کارێکی کردە نییە، کەواتە ئەگەر من پێشنیار و ڕاسپاردەم هەبێت بۆ ئەوە، ئەوا پێشنیاری ئەم جۆری سیاسەتە دەکەم.

**دەبێت وەک کورد هەموو شتێک بە پێی هەلومەرجە سیاسیەکە بەڕێوەبەرن و زۆر پراگماتی بن، واتەکردارەکیانە بن و لە هەر قۆناغێکدا بزانن بەرژەوەندیەکانتان لە کوێدایەو گەیشتووە بە کوێ**

*** هەموو کەسێک نیگەرانە لە بارودۆخی عێراق کە وەک بۆمبێک وایەو بۆی هەیە لە هەر ساتێکدا بتەقێتەوەو شەڕێکی ناوخۆیی لێبکەوێتەوەو مالیکی پێداگیری لەسەر پاکتاوکردنی ڕکابەرە سیاسیەکانی بکات، بە تایبەتی دوای دەرچواندنی بڕیاری لەسێدارەدانی تاریق ئەل هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق، کە ئەمە بووە مایەی نیگەرانی زۆرێک لەلایەنەکانی عێراق و پێشبینییەکان زیاتر دەبن لەبارەی سەرهەڵدانی شەڕی تائیفیەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەک بڕیاری لەسێدارەدانی هاشمی، دۆخەکە ئاڵۆزتر دەکات و ئەگەری شەڕی تائیفی دەهێنێتە ئاراوە؟**

- من هاوڕام لەگەڵتاندا و پێم وایە مالیکی وەک دیکتاتۆرێکی بچووک ڕەفتار دەکات، من سەد دەر سەد هاوڕام لەگەڵتاندا، بەڵام ئێستا هاشمی لە تورکیایەو تورکیاش بە عێراقی ڕاگەیاندووە مەسەلەی تەسلیمکردنەوەی هاشمی لەبیری خۆی بباتەوە و ئەوەندەی خۆی بخوازێت هاشمی لە تورکیا دەمێنێتەوە، ئەمە شتێکی باشە،

> **دژی ئەوە نیم ڕووبکەنە سعودیەو داوای هەندێ هاوکاری لێبکەن، لەبەر ئەوەی سعودیە زۆر نائاسوودەیە بە مالیکی و زۆر نائاسوودەیە بە ئەسەد، ڕەنگە سعوودیەکان ئامادەبن هەندێ هاوکاریتان بکەن، هەروەها تورکیا دراوسێتانە، پێویستتان بە پێوەندییەکی باشە لەگەڵ تورکیادا**

لەبەر ئەوەی پێویستە مالیکی سنووری خۆی بزانێت. بەڵام ئێوە کارێکی کەمتان لەدەست دێت لەم ڕووەوە، لەبەر ئەوەی ئەمە مەسەلەیەکە لە نێوان عەرەبی سوننە و شیعەداو ئێوەش لەو مەسەلەیەدا بێلایەنن، بەڵام دەبێت ئەوە بڵێم پێویستە ئێوە پشتیوانی سوننەکان بکەن، من چەندین جاری دیکەش وتومە کە سوننەکان هاوپەیمانی سروشتی ئێوەن، بەڵام حاڵەتەکە هەرچییەك بێت، دەبێت ئێوە بایەخ بە بەرژەوەندیەکانی خۆتان بدەن، واتە بەرژەوەندی کورد لە عێراقدا، ئەو بەرژەوەندیەش لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەوڵبدەن لەگەڵ مالیکیدا بگەنە چارەسەرێك، چارەسەرێ کە هەردوولا پێی ڕازی بن، واتە ئەو دەست لە هەندێ داواکاری هەڵگرێت و ئێوەش بە هەمان شێوە دەست لە هەندێ داواکاری هەڵبگرن، ئەمە تاکە پێشنیار و ڕاسپاردەیەکە بتوانم بە ئێوەی بدەم، من دەزانم ئەمە زۆر قورسە بۆتان، بەڵام ئەمە مومکینە، هەروەها من دەزانم گرفت و کێشەی زۆر هەیە لە نێوان مالیکی و سوننەکانداو من لە ئێستادا چارەسەرێك بەدی ناکەم، لەبەرئەوەی مالیکی وەك دیکتاتۆرێکی بچوك ڕەفتار دەکات، من هاوڕام لەمەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت ئێوە هەوڵبدەن هەر کارێکتان لەدەست بێت لەگەڵ بەغدا بیکەن، واتە پێویستە بگەنە جۆرێك لە ڕێککەوتن، ئەو ڕاستیەی کە حاڵی حازر مالیکی لە گرفتدایە لەگەڵ تورکیا، لەگەڵ سوننەداو بە دڵنیاییەوە لەگەڵ سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو، واتە لەبەر ئەوەی دوچاری هەموو ئەو گیروگرفتانە بووە، ئەوا ئەوەندە بەهێز نییە، خۆشی ئەوە دەزانێت، کەواتە ئەگەر ئێستا لەگەڵیدا دابنیشن و پێی بڵێن با لەسەر هەندێ بنەمای دیاریکراو ڕێکبکەوین، ئەوا پێم وایە مالیکی ئامادەی ئەوە دەبێت بە جیددی گفتوگۆی لەسەر بکات، ئەگەر ئەوە سەرنەگرێت ئەوا نازانم چارەسەرەکە چییە، لەبەر ئەوەی لەو چەند هەفتە کەمەی ڕابردودا ئێوە نزیکبوون لەوەی دوچاری شەڕبن لەگەڵ سوپای عێراقیداو ئێوە خۆشبەخت بوون کە ڕێگاچارەیەکتان بۆ دەربازبوون لەو دۆخە دۆزییەوە، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیە ئەمە ڕوبدات و ئێوەش ناتانەوێت شەڕ لەگەڵ سوپای عێراقیدا بکەن و ئەوانیش نایانەوێت شەڕ لەگەڵ ئێوەدا بکەن و ئەمە کێشەیەکی گەورەیە. لەبەر ئەوە پێویستە ئێوە بگەنە چارەسەرێك لەسەر کێشەی خاك و لەسەر مافەکانی پەیوەست بە نەوت و تاد ..و هەوڵبدەن بگەنە چارەسەرێکی مامناوەند، من هەمان ئەو ئامۆژگاریەم هەیە کە بۆ حکومەتەکەی خۆم هەیە، ئەویش ئەوەیە هەوڵی گەیشتن بە سازشێك بدەن لەگەڵ فەلەستینییەکاندا، ڕاستە ئێمە هێشتا نەگەیشتوینەتە ئەو سازشە، بەڵام لە حاڵەتی ئێوەدا ئەوەی بەدی دەکرێت حکومەتێکی بەهێز هەیە لە بەغدا، حکومەتێکی بەهێزیش هەیە لە کوردستاندا، واتە دوو حکومەتی ناوەندی هەیە کە دەتوانن لەگەڵ یەکدا گفتوگۆ بکەن، بەڵام لە کێشەی فەلەستیندا ئەمە کارێکی زەحمەتە، لەبەر ئەوەی دوو حکومەتی فەلەستینی هەیە، بەڵام پێم وایە ئێوە دەتوانن لەگەڵ مالیکیدا چارەسەرێك بدۆزنەوە، ئەمە ڕاسپاردەی منە، هاوکاری کوردەکانی سوریا بکەن، لەبەر ئەوەی ڕەنگە ڕۆژێك لە ڕۆژان بێنەپاڵ ئێوە و من پێم وانییە شەڕی سوریا زۆر درێژە بکێشێت بێ ئەوەی سوریا دابەش بێت، سوریا بەرەو دابەش بوون دەچێت، ئەمە ئەو دەرئەنجامەیە من پێی گەیشتووم و ڕەنگە کوردەکانی سوریا تەفزیلی ئەوە بکەن کە بێنەپاڵ ئێوە و ئەمەش بە ئەندازەیەکی گەورە ئێوە بەهێز دەکات، ئێوە ئەتوانن لە هەموو بەرەکاندا سەرکەوتوو بن، کوردەکان دەتوانن لە هەموو بەرەکاندا سەرکەوتووبن، من دەزانم ئێوە پێوەندی زۆر باشتان هەیە لەگەڵ تورکیادا، دەبێت ئەوە سیاسەتی ئێوە بێت کە باشترین پێوەندیتان هەبێت لەگەڵ تورکیادا، ئێوە زۆر پێویستتان بە تورکیا هەیە، ئەمەش بەو واتایە دێت کە ئێوە ناتوانن هاوکاری پەکەکە بکەن، چونکە ئەمە دژی بەرژەوەندی ئێوەیە، کەواتە ئێوە پێویستتان بە تورکیا هەیە، پێویستتان بەوە هەیە دووبارە گفتوگۆ لەگەڵ بەغدا بکەن، هەروەها پێویستتان بە عەرەبی سوننە دەبێت لەبەر ئەوەی ئەوان هاوپەیمانی سروشتی ئێوەن، ئەمە تێڕوانینی منە.

*** ئاشکرایە تورکیا دژی بڕیاری لە سێدارەدانی هاشمیەو بە بڕیارێکی سیاسی دەزانێت، ئێستاش ئەمە بەو مانایە دێت کە پێوەندی نێوان ئەنقەرە و بەغدا دەچێتە قۆناغێکی ئاڵۆزی دیکەوە، لە پێوەندیدا بە هەڵوێستی حکومەتی عێراقەوە لە ئاست بارودۆخی سوریادا، کە باش نییە حکومەتی عێراق پشتگیری لە مانەوەی دەسەڵاتی ئەسەد بکات لە دژی گەلی ئەو وڵاتە، ئەمەش بۆتەهۆی ئەوەی عێراق لە دۆخێکی خراپدا بێت، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك زیان بە عێراق دەگەیەنێت و بۆچی عێراق پێداگیری لەسەر گرتنەبەری ئەم ڕێگایە دەکات؟**

- هێشتا مالیکی تێڕوانینی وایە ئەگەر پشتیوانی خۆی بۆ ئەسەد بوەستێنێت ئەوا دوچاری گیروگرفت دەبێت لەگەڵ ئێرانییەکاندا، هەردوولامان ئەمە دەزانین، واتە تووشی کێشە دەبێت لەگەڵ ئێرانییەکاندا، بە شێوەیەك ئەگەر خوازیاری پشتیوانیکردنی ئەسەدیش نەبێت ئەوا ناچارە ئەم کارە بکات، لەبەر ئەوەی ئێرانییەکان پێی دەڵێن ئەم کارە بکات. من وای دەبینم ئەو بەردەوامە لە پشتیوانیکردنی ئەسەد، چونکە گوشاری لەسەرە کەواتە ئەم سیاسەتە بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی ئەسەد لە سوریا دەمێنێتەوە،

> **گومانم لەوەنییە کە ڕۆژێك دێت ئەسەد دەڕوات، ئەو کاتە مالیکی لە کێشەو گرفتدا دەبێت، خودی خۆیشی ئەمە باش دەزانێت و ئەو ناچارە ئەو کارانە بکات کە ئێرانییەکان پێی دەڵێن، بەڵام باجێکی گەورەی ئەم کارەی خۆی دەداتەوە**

تاکە ئومێدێك بۆ کۆتایی هێنان بەم سیاسەتە بریتیە لە دوورخستنەوەی ئەسەد لە دەسەڵات لە دیمەشقدا، ئەو کاتە ئێرانییەکان جێ پێیەکیان نامێنێت لە سوریادا، ئەو کاتەش هیچ مانایەکی نابێت عێراق بەردەوام بێت لەسەر ئەم سیاسەتەی، لەبەر ئەوەی ئەسەد دەبێتە پەنابەر لە وڵاتێکدا، من وای نابینم ئەمە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بەڵکو ئەمە درێژە دەکێشێت لەلایەن مالیکیەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا سعودیە زۆر توڕەیە لە مالیکی، ئەمەریکاش زۆر توڕەیە لە مالیکی و هەروەها تورکەکانیش زۆر توڕەن لە مالیکی کە ئەو توڕەییەی خۆشیان خستۆتەڕوو بە هێشتنەوەی هاشمی لە

**پەیامی من بۆ کوردی عێراق ئەوەیە ئەگەر بارزانی و تاڵەبانی بتوانن هاوپەیمانێتی لەگەڵ عەللاوی و هێزە سوننییەکانی دیکەدا پێکبهێنن و تەنانەت لەگەڵ موقتەدا ئەل سەدر، بۆ ئەوەی دەسەڵاتی مالیکی بڕوخێنن، ئەوا ئەمە باشترین چارەسەر دەبێت بۆ عێراق و بۆ هەموولایەك**

ئەنقەرە، ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە مالیکی لە گرفتدایە، لەبەر ئەوەی دوچاری دژوارییەکی گەورەبۆتەوە لەگەڵ ئێوەدا، هەروەها دوچاری دژواریەکی گەورەبۆتەوە لەگەڵ سوننەکانداو بە هەمان شێوە لەگەڵ سعودیەو ئەمەریکاشدا، ئەمەش ئاسان نییە. کەواتە ئەگەر پرسیار لە من بکەیت ئەوا من نازانم چی لە سوریادا ڕوودەدات، بەڵام گومانم لەوەنییە کە ڕۆژێك دێت ئەسەد دەڕوات، ڕەنگە ئەمە بەم زووانە ڕوونەدات، ڕەنگە ساڵێکی دیکەو هەژدە مانگی دیکە ڕووبدات، بەڵام تا ئەو کاتە مالیکی لە کێشە و گرفتدا دەبێت، خودی خۆیشی ئەمە باش دەزانێت و ئەو ناچارە ئەو کارانە بکات، بەڵام باجێکی گەورەی ئەم کارەی دەداتەوە، کەواتە باشترین دەرفەت بۆ ئێوە لە ئێستادایە کە ئەو لە کێشە و گرفتدایە، کە دانیشتنی لەگەڵدا بکەن و باسی داواکارییەکانی ئێوە لە ئەو و باسی داواکارییەکانی ئەو لە ئێوە بکەن و با بە کردارەکی کاربکەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و پارێزگاری لە دەستوور بکرێت و هەموو شتەکان چارەسەر بکرێن، واتە دەست بخرێتەسەر کێشەکان، پێم وایە ئەمە کاتێکی گونجاوە، لەبەر ئەوەی دوچاری کێشەبووە و بەڵای کەمەوە پێویستی بەوە هەیە پێوەندی ئاسایی لەگەڵ ئێوەدا هەبێت، ئەمە زۆر گرنگە بۆ ئەو. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ کێشەی سوریا و دەستێوەردان لەو کێشەیە، ئەوا ئەو بەردەوام دەبێت لەسەر پشتیوانیکردنی ئەسەد، لەبەر ئەوەی ئێرانییەکان ئەمەی بەسەردا دەسەپێنن، ئێوەش دەبێت ئەو کارە بکەن کە پێویستە بیکەن، ئەویش هاوکاری کردنی کوردەکانەو هەوڵدانە بۆ ئەوەی کاری لەگەڵدا بکەن بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتنێك، واتە من لێرەدا دەگەڕێمەوە بۆ هەمان بیرۆکەی پێشوو، کە دەبێت بگەنە ڕێککەوتنێك لەگەڵ بەغدا، ئێوە بە ڕاستی پێویستە ئەمە لە ئێستادا بکەن، چونکە هەروەك پێشتر باسم کرد کاتێکی کراوەتان لەبەردەستدا نییەو پێویستە ئێستا ئەو کارە بکەن، ئێوە دەتوانن ئەم مەسەلەیە لەگەڵ تورکەکاندا باس بکەن بۆ ئەوەی تورکەکان هاوکاریتان بکەن، بەڵام ڕەنگە هاوکاریشتان نەکەن، لەبەر ئەوەی ئەوان خۆشیان کێشەی خۆیان هەیە، کەواتە دەبێت ئێوە دەستڕۆیشتوویی خۆتان لە بەغدا بەکار بهێنن، من دەڵێم ساڵێك یان دوو ساڵتان لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتنێك، دوای ئەو ماوەیە نازانم چی ڕوودەدات، ئایا شەڕی ناوخۆ ڕوودەدات، خوا دەزانێت و ئێوەش خوازیاری ئەمە نین.

*** مالیکی دەیەوێت سوننە و کوردەکان لە پرۆسە سیاسییەکە دووربخاتەوە بۆ ئەوەی بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو بنێت، هەروەها سوننە و کوردیش بێزاربوون لە توندوتیژی و سەرچیغیەکانی مالیکی، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا تا چ ڕادەیەك سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆریەت زیان بە عێراق دەگەیەنێت و ئایا تا چ ڕادەیەك لایەنەکانی دیکە ئەمە قبوڵ دەکەن؟**

- پێم وایە ئەمە زۆر مەترسیدارە، ئەگەر لە ماوەی ساڵێك، من دەڵێم لە دوو ساڵ زیاتر نابێت، ئەسەد دەسەڵاتی لە دەستدا لە سوریا، ئەوا ئێرانییەکان سوریا لەدەست بدەن، ئەو کاتە ئێران لوبنانیش لەدەست دەدات، لەبەر ئەوەی چیتر ناتوانێت یارمەتی حزبوڵڵا بدات و حزبوڵڵاش مەترسییەکی کەمتری دەبێت لەسەر لوبنان، واتە ئێران نفووزی خۆی لە دیمەشق و بەیروت لەدەست دەدات، کاتێك ئەوە ڕوودەدات بیر لەو سیاسەتە بکەرەوە کە ئێران لە عێراقدا دەیگرێتەبەر، ئەو کاتە ناچار دەبن عێراق بخەنە دۆخێکەوە کە ببێتە کۆلۆنییەکی ئێرانی، ئەوان دەبێت ئەم کارە بکەن، لەبەر ئەوەی بێ سوریا و بێ لوبنان هەست بە ئەمنییەت ناکەن و هەست دەکەن هیچ دەستڕۆیشتوویەکیان نییە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەبەر ئەوە ئەو کاتە هەموو ئەو شتانە بەسەر مالیکیدا دەسەپێنن کە پێویستە ئەنجامی بدات بۆ ئەوان، ئەو کاتە ئەوان دەبنە گەورە و سەرداری ڕاستەقینەی عێراق و ئەو کاتە عێراق دەبێتە وڵاتێکی تا دوا ڕادە گرنگ بۆیان، لەبەر ئەوەی ئێوە ناتوانن شەڕ لەگەڵ ئێرانییەکاندا بکەن، ئەوا دوچاری کێشەیەکی زۆر گەورە دەبن، ئێوەش خوازیاری ئەوەنین دۆخەکە بگاتە ئەو خاڵە، ئەمە زۆر مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی تەنانەت تورکیاش ناتوانێت هاوکارییەکی زۆرتان بکات، کەواتە لوبنان و سوریا و عێراق لە مەترسییەکی گەورەدان کە دوچاری ناسەقامگیری ببنەوە، دەبێت کوردیش بایەخ بە بەرژەوەندییەکانی خۆیان بدەن، ئەمە زۆر مەترسیدارە، کەواتە هەموو ئەوەی من دەتوانم بیڵێم ئەوەیە کە ئێوە ساڵێك یان دوو ساڵتان لەبەردەمدایە بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتنێك، ئەمە زۆر مەترسیدارە، لەبەر ئەوەی شەڕی ناوخۆ لە دژی مالیکی بەرپا دەبێت، ئەوەش کارەساتە، کەواتە دەبێت ئێوە کارێك بکەن پێش ئەوەی

**ئێستا هاشمی لە تورکیایەو تورکیاش بە عێراقی ڕاگەیاندووە مەسەلەی تەسلیمکردنەوەی هاشمی لەبیری خۆی بباتەوە و ئەوەندەی خۆی بخوازێت هاشمی لە تورکیا دەمێنێتەوە، ئەمە شتێکی باشە، لەبەر ئەوەی پێویستە مالیکی سنووری خۆی بزانێت**




بگەنە ئەو دۆخە، ئەمە هەســت و تێڕوانینی منە. بەڵام هێشتا ئێوە ئەتوانن کاری گرنگ ئەنجــام بدەن، پێویســتە ئێــوە پێوەندییەکی باش دابمەزرێنن لەگەڵ کوردەکانی ســوریا، دووەمیان پێویســتە پێوەندییەکی زۆر باشتان لەگەڵ تورکیادا هەبێــت، ئەمەی دووەمیان زۆر گرنگە، سێیەم پێوەندییەکی باش و زۆر نزیکتان لەگەڵ ئەمەریــکادا هەبێت، بەڵام ئەمەریکا زۆر دوورو زۆر سەرقاڵە بە پرسی دیکەوە، بەڵام ئەگەر شتێك لە سوریا ڕوویدا و ئەگەر ســوریا دابەش بوو، ئەوا پێویستتان بە کوردەکانی ســوریا هەیە بۆ ئەوەی کارتان لەگەڵدا بکەن، هەروەها پێویستتان بە تورکیا هەیە بۆ ئەوەی کارتان لەگەڵدا بکەن، کەواتە ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ هەمان مەســەلە، ئێوە ناتوانن هاوکاری پەکەکە بکەن، لەبەر ئەوەی پێویستتان بە تورکیا هەیە، ئێوە ناتوانن کارێك بکەن چیتر مالیکی یارمەتی ئەسەد نەدات، ئێوە ناتوانن ڕایبگرن، ئەوە کێشەی ئێوە نییە، ئێوە ناتوانن هــاوکاری بکەن و ناتوانن هیچ شتێك لە دژی ئەنجام بدەن، لەبەر ئەوەی ئەو کارانە دەکات کە ئێرانییەکان پێی دەڵێن، ئەوە کێشەی ئێوە نییە، ئەمە کێشەی ئەمەریکا و کێشــەی سعودیەیە و کێشەی ئێوە نییە، من دەتوانم هەر ئەوەندە بڵێم.

*** ئایا چۆن لە هەڵوێستی بارزانی دەڕوانیت کە باســی لە دیکتاتۆریەتی مالیکی کردو دژی وەســتایەوە، بــە تایبەتــی بەهــۆی پێشــێلکردنی دەســتوور و پشتگوێخستنی ماددەی ١٤٠ و کێشەی هەڵپەسێردراوەکانی دیکەوە، ئایا لەمبارەوە بۆچوونی تۆ چۆنە؟**

ـ پەیامی من بــۆ کوردەکانی عێراق ئەوەیە ئەگەر بارزانی و تاڵەبانی بتوانن هاوپەیمانێتی لەگەڵ عەللاوی و هێزە سوننییەکانی دیکەدا پێکبهێنــن و تەنانەت لەگــەڵ موقتەدا ئەل سەدر، ئەگەر هێشــتا ئەمە مومکین بێت، بۆ ئەوەی دەســەڵاتی مالیکی بگۆڕن، ئەوا ئەمە باشترین چارەسەر دەبێت بۆ عێراق و بۆ هەموولایەك، ئەگــەر ئەمە مومکین نەبوو، ئەگەر نەتوانن کۆتایی بە دەسەڵاتی مالیکی بهێنن، ئــەوا ئەو کارە بکەن کە دەتوانن، ئێوە دەتوانن هەوڵی گەیشــتن بــە ڕێککەوتنێك بدەن لەگەڵ مالیکی لەســەر ئەو پرسانەی کــە زۆر گرنگن بەلاتانــەوە. کەواتە ئەگەر دەتوانن دەســەڵاتەکەی بگۆڕن ئەوا ئەم کارە بکەن، ئەویش لە ڕێــی پەرلەمان و لە ڕێی ســەندنەوەی متمانەوە، دواتر بە بێ مالیکی حکومەتێکی هاوپەیمانی پێکبهێنن، ئەگەر ناتوانــن ئەوە بکەن ئــەوا دیالۆگ بکەن و مالیکی و بگەنە ڕێککەوتن لەگەڵیدا، ئەمە ئامــۆژگاری منە، مــن دژی ئەوە نیم کە ڕووبکەنە سعودیە و داوای هەندێ هاوکاری لێبکەن، لەبەر ئەوەی سعودیە زۆر نائاسوودەیە بە مالیکی و زۆر نائاســوودەیە بە ئەســەدو بەرامبەر بە ئێرانییــەکان، لەبەر ئەوە ڕەنگە ســعوودیەکان ئامادەبن هەنــدێ هاوکاریتان بکەن، ئەمە بیرۆکەیەکی خراپ نییەو ئەمە مومکینــە، هەروەهــا تورکیا دراوســێتانە، لەبەر ئەوە بە ڕاســتی ئێوە پێویســتتان بە پێوەندییەکی باشــە لەگەڵ تورکیا، کەواتە هەموو شــتەکان پێکەوەگرێــدراون و دەبێت ئێوە گشــتگیرانە لە هەموو ناوچەکە بڕوانن و بزانــن بەرژەوەندییەکانی کورد لە کوێدایە. من هیوادارم خــوا بتانپارێزێت و ڕۆژێك لە ڕۆژان بتانکاتــە نەتەوەیەکــی ســەربەخۆ، کە من پێم وایە کوردەکان شایســتەی ئەوەن ببنە نەتەوەیەکی سەربەخۆ، بەڵام دەبێت وەك کورد هەموو شــتێك بە پێــی هەل و مەرجە سیاســیەکە بەڕێوەبەرن و زۆر پراگماتی بن، واتەکردارەکیانە بن و لە هەر قۆناغێکدا بزانن بەرژەوەندیەکانتان لە کوێدایەو گەیشــتووە بە کوێ، من هیوای سەرکەوتن و بەختەوەریتان بــۆ دەخوازم و لەم نێوەندەشــدا مەســەلەی ســەرەکی ئاشــتی و گەشــەکردنە، ئەمە گرنگترین شتە.

> **مالیکی وەك دیکتاتۆرێکی بچوك ڕەفتار دەکات، من هاوڕام لەمەدا، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت ئێوە هەوڵبدەن هەر کارێکتان لەدەست بێت لەگەڵ بەغدا بیکەن، واتە پێویستە بگەنە جۆرێك لە ڕێککەوتن**

## براندن ئۆلێری بۆ گوڵان:

# هەنگاوە بەردەوامەکانی مالیکی بەرەو دیکتاتۆریەت وا لە زۆربەی وڵاتانی جیهان دەکات بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان رانەچڵەکێن

پرۆفیسۆر براندن ئۆلێری ئوستادی زانستی سیاسەت و بەڕێوەبەری پرۆگرامی (Penn) بۆ کێشە ئیتنیەکان لە زانکۆی پەنسلڤانیا و پێشتریش بەڕێوەبەری سەنتەری سلۆمۆن بووە بۆ دیراساتی کێشە ئەنترۆپۆلیتیەکان، هەروەها لەسەر پرسی کورد و عێراق شارەزاییەکی زۆر نزیکی هەیە و یەکێک بووە لە ڕاوێژکارانی دەستووری نێودەوڵەتی کە وەک ڕاوێژکاری هەرێمی کوردستان بەشداریکردووە لە نووسینەوەی دەستووری عێراقدا، پرۆفیسۆر ئۆلێری یەکێکە لەو سێ ئەکادیمیەی کە کتێبی (ئاییندەی کوردستان لە عێراقدا) نووسیووە، بۆ قسەکردن لەسەر ڕەوشی ئێستای عێراق و چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا و ئاییندەی هەرێمی کوردستان، چەند پرسیارێکمان ئاراستە کرد و بەڕێزی بەسوپاسەوە بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.



*** هەست دەكرێت ئەمریكا دەیەوێت بایەخ بە هەرێمی كوردستان بدات و پێوەندییەكان لە ئاستێكی باڵادان. ئێوە چۆن لە سیاسەتی ئێستای ئەمریكا دەڕوانن لە ئاست هەرێمی كوردستاندا؟**

ـ لە ئەمریكا ئەو هۆشیارییە قووڵتر دەبێتەوە كە هەرێمی كوردستان تاكە هاوپەیمانی باوەڕپێكراوی ئەمریكایە لە عێراقدا، ئەگەر سەیری بارودۆخی ئێستای سووریا بكەین، ئەوا تەواو ڕوونە كە مالیكی سیاسەتی پشتیوانیكردنی ڕژێمی سووریای هەیە، ئەوەش ئاشكرایە كە بە پێچەوانەی ئەوەوە سەرۆك بارزانی سیاسەتی پشتیوانیكردنی ڕژێمی سووریای نییە. ئەمریكا هۆشیارە بەو ڕاستییەی كە ئێران چەك و كەلوپەل بۆ ڕژێمی سووریا ڕەوانە دەكات، كە ئەگەری ئەوە هەیە ئاسمانی عێراق بۆ ئەم كارە بەكار بهێنێت، لەبەر ئەو هۆیە ئەمریكا بە قووڵی نیگەرانە لەوەی حكومەتەكەی مالیكی پشتیوانی چالاكییەكانی ئێران دەكات، ئەگەرچی ئەمریكا ڕێككەوتنی ستراتیژی هەیە لەگەڵ عێراقدا. كەواتە پێویستە سەردانی شاندی ئەمریكا بەو شێوەیە لێكبدرێتەوە كە ئەمە نیشانەیەكی ڕوونە كە ئەمریكا تێڕوانینێكی باشی هەیە لە ئاست هەرێمی كوردستاندا، هەروەها دەبێت لەبەر ڕۆشنایی ڕووداوەكانی پێشوودا ڕاڤەی بكەین، كە بریتییە لەوەی هەرێمی كوردستان پێوەندیگەلێكی باش و سەركەوتووی لەگەڵ حكومەتەكەی توركیادا بنیاتناوە، هەتا پێوەندیی هەرێمی كوردستان و توركیا باش بێت، ئەوا ئەمە هۆكارێكی یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەمریكا، لەبەر ئەوەی ئەمریكا توركیا بە هاوبەشێكی ستراتیژی و سەرەكیی خۆی دادەنێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** پێوەندییەكانی نێوان هەرێمی كوردستان و بەغدا لە دۆخێكی باشدانین، سەرۆك وەزیران، مالیكی ئامادە نییە ئیعتیراف بەو مافانەی كورد بكات كە لە دەستووردا چەسپێنراون بۆ ئەوەی وەك هەرێمێكی فیدراڵی مومارەسەی كاری خۆی بكات، هەروەها ڕێز لە دەستوور ناگرێت، پرسیارەكە ئەوەیە چی بكرێت بۆ ئەوەی مالیكی ملكەچی دەستوور بێت؟**

ـ من تەواو هاوڕام لەگەڵ بەشی یەكەمی پرسیارەكەتاندا، لەبەر ئەوەی ڕوونە كە ئەو حكومەتەی مالیكی سەرۆكایەتی دەكات شكستی هێناوە لە جێبەجێكردنی بڕگە سەرەكییەكانی دەستوور و ئەو پابەندبوونەی كە لە كاتی گرتنەوەدەستی دەسەڵاتدا بەڵێنی ئەوەیدا پابەندبێت پێیانەوە، ئەمەش لە پێوەندیدا بە ماددەی ١٤٠ـەوە ڕوونە، هەروەها لە پێوەندیدا بە ئیعتیراف نەكردنی حكومەتەكەی مالیكی بە مافە دەستووریەكانی هەرێمی كوردستان كە پێوەندییان بە دۆزینەوەی نەوت و غاز و سیاسەتی پەرەپێدانی ئابووریەوە هەیە. بەشی دووەمی پرسیارەكەتان پەیوەستە بەوەی چی بكرێت، پێموایە گرنگە هەموو عێراقیەكان بە تایبەتی ئەوانەی لە كوردستاندان لەو ڕاستیە تێبگەن كە لەم ساتەوەختەدا بە بەراورد بە ڕابردوو ئەمریكا تموحێكی زۆر كەمتری هەیەو متمانەیەكی كەمتری هەیە بە تواناكانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەبەر ئەوە پەرۆش نابێت بۆ دەستێوەردان لە كێشەیەكی كە وەك ناكۆكییەكی ناوخۆیی دەردەكەوێت لە عێراقدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەوەی لە ماوەی داهاتوودا ڕوودەدات ئەوەیە كە مەیلی پشتیوانیكردنی ڕژێمی بەعسی سووریا لەلایەن مالیكیەوە توڕەیی ئەمریكا لە ئاست مالیكیدا قووڵتر دەكاتەوەو دەبێتە هۆی جوانتركردنی وێنەی هەرێمی كوردستان.

ئێمە ئەوە دەزانین كە ئەو لایەنەی هێزێكی تەواوی هەیەو نزیكە لە سووریاوە بریتییە لە هێزەكانی توركیاو هێزەكانی پێشمەرگەی هەرێمی كوردستانە، كەس لەوە دڵنیا نییە ئایا شەڕ و ناكۆكیەكەی سووریا بەرەو كوێ دەچێت، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە ڕوون و لەبەرچاوە ئەوەیە ئەمریكا هەوڵێكی زۆر بە خەرج دەدات بۆ ئەوەی پێوەندیی باشی نێوان هەولێر و ئەنقەرە بەردەوام بێت، تاوەكو ئەمە بەردەوام بێت، ئەوا متمانەی وەبەرهێنەرە نێودەوڵەتیەكان و متمانەی كۆمپانیا نەوتییەكان بە هەرێمی كوردستان بە بەهێزی دەمێنێتەوە، ئەو كاتە پرسیارەكە ئەوە دەبێت ئایا لە هەڵبژاردنی داهاتوودا چی ڕوودەدات، بە مەرجێك ئەو هەڵبژاردنانە ئازادو دادپەروەرانە بن، كە بێگومان ئەمەش قورسە، بەڵام ئەگەر ئەو هەڵبژاردنانە ئازادو دادپەروەرانە بن، ئەوا دەرفەتێكی كەم لەبەردەم مالیكیدا دەمێنێتەوە بۆ ئەوەی دووبارە بگەڕێتەوە بۆ حكومەت. ئەوەش مومكینە كە گۆڕانكاری لە پەرلەمانی عێراقدا ڕووبدات پێش هەڵبژاردنەكانی داهاتوو. بەڵام پێدەچێت ئەمە ڕوونەدات، لەبەر ئەوە ئەوەی ئەگەری ڕوودانی لێدەكرێت ئەوەیە بارودۆخێكی هاوشێوەی بارودۆخی پێش دوایین هەڵبژاردن بێتەئاراوە، كە ئەگەر هیچ دەستپێشخەریەكی نوێ و كارا لە ئارادا نەبێت و پێدەچێت مالیكی زیاتر بەرەو دیكتاتۆریەت بڕوات، بەڵام دەبێت چاوەڕێ بكەین تاوەكو هەڵبژاردنی داهاتوو.

*** جیاوازییەكی دیكەی هەرێمی كوردستان و بەغدا ئەوەیە بارزانی پشتیوانی خەڵكی سووریا دەكات و مالیكی پاڵپشتی مانەوەی ئەسەد دەكات، پرسیارەكە ئەوەیە بۆچی مالیكی لەگەڵ مانەوەی ئەسەد دایە؟**

ـ یەكەم شت ئەوەیە كە درێژەكێشانی حكومەتی هاوپەیمانێتی تا دوا ڕاددە زەحمەتە، بە تایبەتی كە دوو بەشی ئەو حكومەتە، لایەنی كوردی و لایەنی مالیكی دوو سیاسەتی دەرەكی تەواو پێچەوانەیان هەبێت، ئەم جیاوازیەش بە باشترین شێوە لە هەڵوێستیاندا لە ئاست كێشەی سووریادا بەرجەستە دەبێت، مالیكی ماوەیەكی زۆری تاراوگەكەی لە سووریا بەسەربرد، مالیكی سەرۆكایەتی پارتێكی شیعە دەكات، پارتێكی شیعە كە زۆر نزیكە لە ئێرانەوە، ئێرانییەكان ڕژێمی بەشار ئەسەدو ڕژێمی عەلەوی بە شەریكی خۆیان لە ناوچەكەدا دادەنێن، لەبەر ئەوە زەحمەت نییە بزانین بۆچی ئەمە هەڵوێستی مالیكیە. ئەوە جێی سەرنجە كە بڕیاربوو مالیكی سەرۆكایەتی حزبێكی

> **هەر هەوڵێكی حكومەتەكەی مالیكی، جا سەربازی بێت یان بە شێوەیەكی دیكە بێت بۆ ئەوەی بە ڕەسمی بەرەو دیكتاتۆریەت هەنگاو بنێت، ئەوا زۆربەی جیهان دوچاری سەرسوڕمان نابن بە جاڕدانی سەربەخۆیی لەلایەن كوردستانەوە، پێم وایە ڕەنگە توركیاش ئەمە قبوڵ بكات**

> **هەتا پێوەندی هەرێمی كوردستان و توركیا باش بێت ئەوا ئەمە هۆكارێكی یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەمریكا، لەبەر ئەوەی ئەمریكا، توركیا بە هاوبەشێكی ستراتیژی و سەرەكی خۆی دادەنێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

**کاتێك کوردەکان لە ساڵی ٢٠٠٥دا دەنگیان بە دەستووردا، بۆ ئەوە بوو عێراقێکی دیموکرات و ئازاد بێتە ئاراوە، نەك بۆ دروستبوونی دیکتاتۆرێکی نوێ، هەروەها بۆ ئەوە دەنگیان بە دەستووردا تا بە شێوەیەکی دادوەرانە کێشەی ئەو ناوچانە یەکلایی بکاتەوە، کە ماددەی ١٤٠ دەیگرێتەوە**



دیموکراتی و عێراقێکی دیموکراتی بکات لە کۆتاییدا پشتیوانی لە دیکتاتۆرییەتێکی خۆسەپێن بکات لە سووریا، کە لە زۆر ڕووەوە هاوشێوەی دیکتاتۆریەتی خۆسەپێنی سەددام حوسێنە، لەبەر ئەوە زەحمەت نییە بزانین بۆچی مالیکی ئەو مەیلەی هەیە، ئەمە کێشەیەکی گەورەی بۆ دەخوڵقێنێت، کێشە گەورەکە ئەوەیە کە ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ ئەمریکادا ئیمزاکردووە، هەروەها سوپای عێراق تا دوا ڕادە پشتی بە چەك و تەکنۆلۆژی ئەمریکی بەستووە و لەسەر شێوازی ئەمریکی ڕاهێنان دەکەن، ئەگەر لە دەرئەنجامی سیاسەتی دەرەوەی مالیکی لە ئاست سووریادا ئەمریکا هەموو پشتیوانی سەربازی خۆی کشاندەوە، ئەوا ئەمە زیانێکی گەورە بە هێزی و توانای سوپای عێراق دەگەیەنێت، کەواتە دەبێت ببینین تا چەند مالیکی لەم هەڵوێستەی بەردەوام دەبێت، پێموایە ئەو لە بەرزی و نزمی دایە بەهۆی فشاری ئێرانەوە، ئەو لە هەوڵدایە بۆئەوەی هاوکاری ئێران بکات تاوەکو هاوکاری سووریا بکات، لەلایەکی دیکەوە لە ژێر فشاری ئەمریکادایە بۆ ئەوەی پشتیوانی ئێران بۆ سووریا کەم بکاتەوە.

*** ئێوە ئاگاتان لە هەڵوێستی بارزانی-یە کە پێداگیری لەسەر جێبەجێکردنی دەستوور دەکات و وتویەتی «ئەگەر دەستوور جێبەجێ نەکرێت، ئەوا ئێمە ناتوانین لە عێراقێکدا بژین کە دەستوور پێشێل دەکات و دیموکراتیانە ڕەفتار ناکات». تا چ ڕادەیەك ئەمریکا لەم هەڵوێستەی بارزانی تێدەگات؟**

- من لە ئێستادا لەوە دڵنیا نیم ئایا حاڵی حازر داڕێژەرانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا چەند سەرنج و تەرکیزیان لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیە، بەڵام پێموایە پەیامی سەرۆك بارزانی زۆر ڕوون بووە بۆ هەر کەسێك بیەوێت بایەخ بەم کێشەیە بدات، ئەوەی ئێوەش ئاماژەتان پێکرد دەقاو دەق وایە کە بارزانی زۆر ڕاشکاو بووە لە وتنی ئەوەی کە بەرپرسارێتیی سەرەکی هەر پێشێلکردنێکی دەستوور لە ئەستۆی بەغدایە، بەشێوەیەکی سەرەکی بەرپرسیارێتیی حکومەتەکەی مالیکیە. کاتێك کوردەکان لە ساڵی ٢٠٠٥دا دەنگیان بە دەستووردا، بۆ ئەوە بوو عێراقێکی دیموکرات و ئازاد بێتە ئاراوە، نەك بۆ دروستبوونی دیکتاتۆرێکی نوێ، هەروەها بۆ ئەوە دەنگیان بە دەستووردا بۆئەوەی بە شێوەیەکی دادوەرانە کێشەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان یەکلابکاتەوە، کە ماددەی ١٤٠ ئەو پرۆسەیەی لە خۆگرتووە، هەروەها بۆ ئەوە دەنگیان بە دەستووردا بۆ ئەوەی مافیان هەبێت بەسەر سەرچاوە سروشتیەکانی خۆیاندا، کە ڕێزی لێنەگیراوەو پێشێلکراوە، کەواتە لە زۆر ڕووەوە-نەك لە هەموو ڕووەکانەوە- دەستوور پشتگوێ خراوەو پێشێلکراوە، هەر هەوڵێکی حکومەتەکەی مالیکی، جا سەربازی بێت یان بە شێوەیەکی دیکە بێت بۆ ئەوەی بە ڕەسمی بەرەو دیکتاتۆریەت هەنگاو بنێت، ئەوا زۆربەی جیهان دوچاری سەرسوڕمان نابن بە جاڕدانی سەربەخۆیی لەلایەن کوردستانەوە، پێم وایە ڕەنگە تورکیاش ئەمە قبوڵ بکات، بەڵام باوەڕم وانییە ئەمە دەستبەجێ ڕووبدات، بەڵام ئەگەر ڕووبدات ئەوا دەبێت ڕێگایەکی ڕوون هەبێت بۆ یەکلاکردنەوەی ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، چونکە خراپترین سیناریۆ ئەوەیە جاڕی سەربەخۆیی بدرێت و ناوچە ناکۆکی لەسەرەکانیش یەکلا نەکرابێتنەوە، پێموایە باشترە سەرۆك بارزانی بە حەزەر بێت لە پێداگیری کردنی لەسەر مافەکانی کوردستان، هەروەها دەبێت هەموو بایەخێك بدرێت بە دابینکردنی ناوچەیەکی ئارام لە سووریا، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا کوردەکانی سووریا دەتوانن خۆیان ڕێکبخەن و پرسیارە هەستیارەکە ئەوەیە ئایا

**خاوکردنەوەی گرژییەکان لە پێوەندیەکانی نێوان حکومەتی تورکیا و هەرێمی کوردستان لە نزیکەی ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ دەستی پێکرد، ئێستا لەوپەڕی گەشەدایە**



کوردە دیموکراتییـــەکان دیارترین و بەرچاوترن لەو کوردانەی گرێدەدرێنەوە بە پەکەکەوە.

*** ئایا تا چەند کوردەکان ســـوودمەند دەبن لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە، بە تایبەتی دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد؟**

ـ ئەمە دەوەســـتێتە ســـەر ئەوەی ئەوە چۆن ڕوودەدات و کـــێ لایەنی ســـەرکەوتوو دەبێت لە سووریا، تاوەکو ئێستا موعارەزەی سووری بەو شێوەیە قۆناغی ئینتیقالی نەخستۆتەڕوو کە بەلای کوردەکانەوە پێویســـت بێت، گرنگە کوردەکان هەڵوێستی خۆیان هەبێت، بەڵام دەبێت ئامادەی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی بن لەگەڵ ئـــەو لایەنانەی دژی ڕژێمەکە دەوەســـتنەوە، هەروەها دەبێت کوردەکان گفتوگۆی ســـەخت بکەن و پێداگیری لەسەر مافەکانیان بکەن لە ئێستادا، چونکە ئەگەر ئێستا ئەو گفتوگۆیە نەکەن ئـــەوا زۆر زەحمەتە بتوانن گفتوگۆیان لەگەڵـــدا بکەن ئەگەر هاتوو ســـەرکەوتوبوون لە ڕووخاندنی ڕژێمەکەدا، لەبەر ئەوە گرنگە کوردەکانی سووریا خۆیان ڕێکبخەن لە سووریا و گرنگە هەمان ئەو مافانە بەدەســـت بهێنن کە کوردەکانـــی عێراق بەدەســـتیان هێناون، بەشـــێکی گرنگی ئەم کارە بـــەوە دەبێت کە بە چەشنی بەشـــەکانی دیکەی موعارەزەی ســـوری پێوەندییان لەگـــەڵ تورکیادا هەبێت، پێموایە ئەمە مومکینە، ڕاستە قورسە، بەڵام کەس نەیوتووە ئەمە ئاســـانە، بەڵام کارێکی کردەنییە، ئەگەر ئەم کارە بکەن ئەوا کوردەکان لە پێگەیەکی باشـــتردا دەبـــن، بەڵام ئەگەر نەیانەوێـــت ئەمە بکەن، ئـــەوا دیکتاتۆرێکی نوێی ســـوننە دەســـەڵات دەگرێتەدەســـت لە ســـووریا و ئەوان خوازیـــاری ئەوەنین پەکەکە گەمەکاری ســـەرەکی بێت لە نێو کوردەکانی ســـووریا، چونکە ئەگەر ئەمە ڕووبدات، ئەوا شەراکەتی تورکیا لەگەڵ هەرێمی کوردستاندا زەحمەت دەبێت.

*** تورکیـــا ڕۆڵێکـــی بنەڕەتـــی دەبینێت لە ناوچەکەو لە بەهاری عەرەبیدا. پێوەندییەکانی نێوان تورکیاو هەرێمی کوردســـتان لە بارێکی زۆرباشدایە لە ئێستادا. تا چ ڕادەیەك تورکیا گرنگـــە بـــۆ هەرێمی کوردســـتان لە هەل و مەرجی ئێستادا؟**

ـ خاوکردنەوەی گرژییـــەکان لە پێوەندیەکانی نێوان حکومەتی تورکیا و هەرێمی کوردستان لە نزیکەی ســـاڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ دەســـتی پێکرد، ئێستا لەوپەڕی گەشەدایە، من پێموایە بۆ ئەوەی ئەم پێوەندیانە بە تەواوەتی سەرکەوتوو بن دەبێت ڕۆڵ بدرێـــت بە کوردەکانی تورکیا بۆ ئەوەی بەشـــداربن لە داڕشتنی دەستووری وڵاتەکەدا، ئەگەر ئەمە ڕووبدات ئەوا پێوەندیی پتـــەو و درێژخایەن نەك هەر لە نێوان هەرێمی کوردســـتان و حکومەتی تورکیادا دروســـت دەبێت، بەڵکو ئەو پێوەندییە لە نێوان حکومەتی تورکیا و کوردەکانی تورکیاشدا دروست دەبێت، کێشـــەکە لە ئێســـتادا ئەوەیە بەشێکی زۆری کوردەکانی تورکیا بە چاوی سەرسامییەوە لە پەکەکە دەڕوانن و پشتیوانی دەکەن، کە دەبێت هەنـــدێ میکانیزم بدۆزرێتەوە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لـــە نێوان هەمـــوو گرووپەکاندا کە نوێنەرایەتـــی کوردەکانی تورکیا و حکومەتی تورکیا دەکەن، ئەمەش پێویستی بە ئاگربەست و وەستاندنی شەڕو ئامادەبوونی تەواو هەیە بۆ ئەوەی بەشـــداری لە پرۆسە دیموکراتییەکەدا بکرێت لەلایەن پەکەکەوە، ئەوەش زۆر گرنگە بۆ هەرێمی کوردستان کە لە ماوەی داهاتوودا پەرە بە چارەسەرێکی دیموکراتیانە بۆ کێشەی کورد لـــە تورکیا بدات، ئەمـــەش مومکینە و ئـــەوەش ڕوونە کە بە بـــەراورد بە ڕابردوو زۆرێك لە کەسایەتە سەرەکییەکانی تورکیا بە ئاسوودەییەکی زیاترەوە لە هەرێمی کوردستان دەڕوانن.

**مەیلی پشتیوانیکردنی ڕژێمی بەعسی سوریا لەلایەن مالیکەوە توڕەیی ئەمریکا لە ئاست مالیکیدا قووڵتر دەکاتەوەو دەبێتەهۆی جوانترکردنی وێنەی هەرێمی کوردستان**

# پرسیارێکی بنچینەیی لە سەرینی ڕووداوەکانی ناوچەکەوە



ئازا حەسیب قەرەداخی

**لە رووی میکانیزم و یاسا و ئەو دامودەستگایانەیش کە دەسەڵاتی حوکمڕانانی ئەم وڵاتانەی لەماوەی نزیکەی سەدەیەکدا پێ بەڕێوەبراوە هیچیان ئەوانە نەبوون کە دەوڵەتی عەلمانی پێویستە هەیبێ**

شـــەپۆلی ئـــەو گۆڕانکارییەی لـــە ناوچەی رۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـتدا بە گشـــتی و وڵاتانی عەرەبیـــدا وروژمی هێناوە، هێشـــتا لە ئاســـتی سەرەوەی هەرەمی دەسەڵاتدایە و سەرقاڵی گۆڕینی شـــێوازی حوکمڕانی و دەزگا باڵاکانی دەسەڵات و دامەزراوەکانییەتی و دانەبەزیوەتە خوارەوە بۆ بنکە و ئاستی بژێوی و ئەو خزمەتگوزارییانەی پێشکەش بە هاووڵاتیان دەکرێن.

شـــەپۆلەکە ســـەرانی رژێـــم و دامودەزگاکانی گۆڕیوە، بەڵام هێشتا بۆ گۆڕینی کۆمەڵایەتی و بەدیهێنانی سەرەتاکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و رەخساندنی دەرفەتی بزاوتی کۆمەڵایەتی هەڵکشاو بـــۆ چینە کۆمەڵایەتییـــە پەراوێزخراوەکان هیچی نەکردووە.

گۆڕانکارییەکـــە بەرنامـــە و پلانـــی پێیە بۆ دامەزراندنـــی حکومەتـــی ئەلتەرناتیـــڤ، بەڵام بەرنامـــەی ئەلتەرناتیڤی پێ نییە بۆ دواکەوتوویی ئابووری و فراوانبوونـــی هەژاری و بڵاوبوونەوەی بێکاری. ئەگەرچی تا رادەیەك دیدگا و فەلسەفەی حوکمڕانێتی دیارە، بەڵام هێشتا تێڕوانین و دیدگای روون نییە بۆ گەشـــەپێدانی ئابووری و مرۆیی و کولتووری.

ســـەرەڕای ئەوانە دەگووترێ گـــۆڕان روویداوە و چاودێـــران چاودێـــری هەنگاوەکانـــی ئایندەی ئـــەم گۆڕانکارییـــە دەکەن و فۆکســـیان لەســـەر دەرەنجامە ئابـــووری و کۆمەڵایەتی و یاســـایی و سیاســـییەکانییەتی تا بزانـــن جگە لە گۆڕینی سەرانی رژێمەکان چی پێیە بۆ هاووڵاتی.

لە حاڵەتی گوازراوەییدا، لەوانەیە دروســـت بێ ئەگەر بگوتـــرێ، زانینی فەلســـەفە و دیدگای ئەڵتەرناتیڤ بۆ سســـتمی سیاســـی و سروشتی حوکمڕانی، بەرنامەی چاکســـازی و گۆڕانکاریی ئابـــووری و کۆمەڵایەتـــی و کولتووریـــش روون دەکاتەوە. بە واتایەکی دیکە ئەگەر زانیمان چۆن و بە چ فەلسەفە و میتۆدێك دەسەڵات دەگۆڕدرێت و چی لە شوێنی دادەنرێت، ئەوسا دەزانین لە رووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریشـــەوە چی بۆ هاووڵاتی دابین دەکرێت. واتـــە دەزانین کۆمەڵگا چۆن و بە چ ئاراستەیەك دەگۆڕدرێت.

لەبەر رۆشـــنایی هەندێ گوتاری سیاســـی و فیکری کە ئێســـتا بوونەتە گوتـــاری باو، دەکرێ ســـەبارەت بە زانینی سروشتی ئەوەی دێتە شوێنی دەســـەڵاتی هەبوو، ئەم پرسیارە بنچینەییە بکرێت: ئایا ئەوەی لـــە ناوچەکەدا روودەدات ئەڵتەرناتیڤی ئیسلامییە بۆ عەلمانییەت؟

وەڵامـــی من بۆ ئەم پرســـیارە ئەوەیە کە ئەوەی پێشـــتر لەم ناوچەیەدا هەبووە و هێشـــتا نموونەیان ماوە، لە رووی میتۆد و فەلسەفەی حوکمڕانییەوە، هەرگیزاوهەرگیز حوکمڕانییەکی عەلمانی نەبوون و نابـــن. عەلمانیەت لێرەدا بەو تێگەیشـــتنەی لە ئەوروپا بـــۆ عەلمانییەت هەیە. بەڵکو حوکمڕانانی ئەم وڵاتە عەرەبییانە لە کورتترین پێناســـەدا بریتین لە شـــوێنکەوتووانی فیکـــری نەتەوەپەرســـتیی پەڕگیر و شـــۆفێنی عەرەبی، ئایینی ئیسلامیش لـــەلای ئـــەوان تەواوکـــەر و شـــەرعییەتپێدەری نەتەوەییانە، بۆیـــە هەرگیزاوهەرگیز وەکوو ئەوەی لە عەلمانییەتدا هەیە، لە دەســـتوور و یاساکانیاندا ئایینیان لـــە دەوڵەت جیانەکردۆتەوە و لە تەنگژە و قەیرانە ناوخۆییەکانیاندا دژی هێزە کۆمۆنیســـت و دیموکراسییەکان و بۆ لەناوبردنی نەتەوەکانی غەیری عەرەب، ئیســـلامیان کردۆتە مەرجەع و پاســـاو و، گوتاری سیاســـی خۆیان بە ئایەتەکانی قورئانی پیـــرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبـــەر (د.خ) پاراو داوە. هەروەها لـــە جەنگەکانیاندا لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا، بەوانەیشـــیانەوە کە هاوئایین و تەنانەت هاومەزهەبیشـــیانن، ئایینی ئیســـلامیان کردۆتە ســـەرەڕەمی فیکرییان و پاراســـتن و رزگارکردنی ئیســـلامیان کردۆتە پاســـاوی دەریایـــەك خوێن و

ماڵوێرانی لەم ناوچەیەدا. بێگومان من نامەوێ ئایینی ئیسلام و سوونەت و دەقە پیرۆزەکان بە هیچ کام لەو هەموو تاوانە تۆمەتبار بکەم، بەڵکو دەمەوێت بڵێم ئەوە حوکمڕانێتی عەلمانی نەبووە کە توانیویەتی بەو جۆرە ئایینی ئیسلام بەکاربهێنێت بۆ پاساوی تاوانەکانی. هەروەها حوکمڕانییەکی ئیسلامیش نەبووە کە پاراستنی ئایینی ئیسلامی کردبێتە پاساوی تاوانەکانی.

لە رووی میکانیزم و یاسا و ئەو دامودەستگایانەیش کە دەسەڵاتی حوکمڕانانی ئەم وڵاتانەی لەماوەی نزیکەی سەدەیەکدا پێ بەڕێوەبراوە هیچیان ئەوانە نەبوون کە دەوڵەتی عەلمانی پێویستە هەیبێت و لایەنی بنچینەیی لەوانەدا بریتییە لە جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت و بەڕێوەبردنی وڵات لەسەر بنەمای پابەندبوون بە یاسا دانراوەکانەوە. لە وڵاتانی عەلمانیدا، دامەزراوە شەرعییە وەزعییەکان لەسەر بنەمای دیموکراسی و لە رێی دەنگدانەوە لە پرۆسەیەکی پێشبڕکێیانەی ئازاددا دروست دەکرێن، وەلێ لەم وڵاتانەدا کودەتای سەربازی دروستی کردوون و کودەتایش هەڵیوەشاندوونەتەوە و جارێکی دیکە وەکوو ئەوەی کودەتاچییەکان ویستوویانە دروست کراونەتەوە.

ئەو دامەزراوانەش لە درێژەی ئەو ماوە زۆرەدا، لە هیچ یەکێك لەو وڵاتانەدا نەبوونەتە بنچینەیەك بۆ فەراهەمکردنی ماف و ئازادییەکانی تاکەکەس بەو پێیەی لە عەلمانییەتدا تاکەکەس چەقی هەموو کردەیەکە. بەڵکو لە جیاتی ئەوانە کەرەستە و ئامرازی گەیشتن بە دەسەڵات کودەتای سەربازی بوون. دامەزراوەکان پاشکۆیەکی ملکەچی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کودەتا و کەسی دیکتاتۆر بوون. یاساکان بەشێك بوون لە رێوشوێن و رێکارەکانی چەسپاندنی زیاتری دەسەڵاتی تاك حزب و تاکە کەسی دیکتاتۆر و حکومەتی سەنترالیزمی توندوتۆڵ. چەمکی هاوڵاتی تا ئەو شوێنە بڕی کردووە کە بەشێك بێ لە ماکینەی سیاسی و رێکخراوەیی و میدیایی حزبی حوکمڕان و کەسی دیکتاتۆر....هتد. ئەمانە و سەدانی دیکەیش، هێندەی ئاسمان و رێسمانیان جیاوازە لەگەڵ عەلمانییەتدا. بەڵام لە مەیدانی کاری سیاسیدا، حزبە سیاسییە ئیسلامەوییەکان، بۆ بازاڕگەرمیی خۆیان و وروژاندنی هەست و سۆزی عەوامی خەڵك و بۆئەوەی رێ بگرن لەوەی ئەڵتەرناتیڤی سیاسی لەم ناوچەیەدا، حزب و رێکخراوە دیموکراسیخواز و نیشتمانییە چەپ و رادیکالەکان نەبن، عەلمانییەتیان خستۆتە پاڵ ئەو حوکمڕانە میلیتارە دیکتاتۆر و نەتەوەپەرستە شۆڤێنیانە و ئێستایش هەر لە چوارچێوەی هەمان ململانێدا مەسەلەی دژایەتی کردنی عەلمانییەت و ئەڵتەرناتیڤی ئیسلامی دەهێننە ئاراوە. ئەگینا رۆژێك لە رۆژان عەلمانییەت رێی نەکەوتۆتە ناو کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست. بۆیە کە پێناسەی سستمی سیاسی دەکەین، پێویستە سروشتی کۆمەڵگاکانمان بکەینە پێوەر نەك میتۆد و بیردۆزە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئەوروپای پاشی رێنیسانس و مۆدەرنیتە. ئەوسا وردتر دەبین لە دیاریکردنی سروشتی ئەو سستمانە و دەزانین کە بەکارهێنانی دەستەواژەکانی عەلمانی و غەیری ئەوەش جگە لەوەی نادروست و نازانستین، هەروەها کەرەستەیەکی سیاسی جۆشدەرن و ساڵەهایە بەو هۆیەوە، لە شەڕی ئایدیۆلۆژیا و مەزهەبی و حزبیدا، خوێن لەبەر جەستەی ئەم کۆمەڵگایانەمان دەچۆڕێنرێت. هەروەها تا ناچاریش نەبین ئەڵتەرناتیڤی پێچەوانەی عەلمانی، حوکمڕانی ئیسلامی مەترح بکەین. دەرەنجام بەم هۆیەوە لە کۆمەڵگاکانماندا کە فرە نەتەوە و فرە ئایین و ئایینزان، زوڵمێکی ئاشکرا یان شاراوە لە هاوڵاتیانی غەیری موسڵمان و ئازادییەکان و بنەماکانی دیموکراسی و دادپەروەری بکەین و چەرخی مێژووی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوور و گەیاندن و پەیوەندییەکانی دەرەوە بگەڕێنینەوە بۆ دواوە.

بەپێی پێدراوە کۆمەڵایەتییەکان و بە پێودانگی ژیانی رۆژانەی خەڵك و هوشیاریی سیاسی و ئایینیان و بڕی ئەو کارەساتە ئابووری و کولتوورییانەی تێدا دەژین، بۆمان دەردەکەوێت کارەکتەرەکانی ئەم دژایەتییە بوونەوەرێکی راستەقینە نین و توخمەکانی لە هەڵکەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوونیان نییە و ئەوەندەی چەمکگەلێکی فەنتازیای ناو خەیاڵدانی ئایدیۆلۆژیای لایەنە ناکۆك و دژەکانن، ئەوەندە لە کوچە و کۆڵان و سەرجادە و ناو حەشیمەتی کۆمەڵایەتیدا نین. بۆیە سیناریۆی ئەوەی فەرمانڕەوایی ئیسلامی لەسەر بنەمای شەریعەت، ببێتە ئەڵتەرناتیڤی ئەوەی رووخاوە، دروست نییە، چونکە لەماوەی یەك سەدەی رابردوودا خەڵك ئیشکالییەتیان لەگەڵ عەلمانی نەبووە و هەر لەبناغەشەوە نەیانزانیوە و ئێستایشی لەگەڵدا بێ نازانن عەلمانییەت چییە. ئەوەی ئێستا بۆ ئەم ناوچەیە وەکوو باشترین ئەڵتەرناتیڤ مەترەحە، فەرمانڕەوایی مەدەنییە کە شوێنی حوکمڕانیی دیکتاتۆریی میلیتاری شۆڤێنی رووخاو بگرێتەوە. ئەمەیان بابەتێکە دەکرێ بە درێژی لە وتارێکی دیکەدا بێینەوە سەری.

**لە حاڵەتی گوازراوەییدا، لەوانەیە دروست بێ ئەگەر بگوترێ، زانینی فەلسەفە و دیدگای ئەڵتەرناتیڤ بۆ سستمی سیاسی و سروشتی حوکمڕانی، بەرنامەی چاکسازی و گۆڕانکاریی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووریش روون دەکاتەوە**

**بەپێی پێدراوە کۆمەڵایەتییەکان و بە پێودانگی ژیانی رۆژانەی خەڵك و هوشیاریی سیاسی و ئایینیان و بڕی ئەو کارەساتە ئابووری و کولتوورییانەی تێدا دەژین، بۆمان دەردەکەوێت کارەکتەرەکانی ئەم دژایەتییە بوونەوەرێکی راستەقینە نین**

# مەزەندەو ڕاستییەکان لەبارەی سووریاوە



دۆغو ئەرگیل*
مانگانە تایبەت بە گوڵان دەینووسێت



**ڕۆژئاوا لەبەر دوو هۆ دوودڵن لە گۆڕینی خێرایی ڕژێمەکە. یەکەمیان لەبەر ئەوەی نایانەوێت ڕابکێشرێنە ململانێی دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا( یان لە جیهانی ئیسلامیدا) کە ململانێیەکی کۆتایی نەهاتووە، دووەمیان، ئەوان نایانەوێت ببنە بەشێك لەو ململانێی دەسەڵاتەی لەسوریادا دەکرێت لەسەر ئاستی جیهان، ئەویش لەگەڵ هێزە گەورە ڕکابەرەکانی دیکەی وەك چین و ڕوسیا. ئەم فاکتەرانە دەرفەتەکانی بەردەوامبوونی حکومەتی دیمەشق بۆ ماوەیەکی درێژتر زیاتر دەکەن.**

زۆرێك لە شـــرۆڤەوانانی تورکیا قەناعەتێکی تەواویـــان هەبوو لەســـەر ئەوەی کە ســـوپای ســـووریا لە ماوەیەکی کورتدا چۆك دادەدات، ئەویش بەهۆی ئەو جیابوونەوانەی لە ســـوپادا ڕوویانـــدەداو بەهۆی سروشـــتی تایەفەگەری بونیادی فەرماندەیی ناو سوپاوە. هەروەها لەبەر ئەوەی دوو لەسەر سێی خەڵکی سووریا سوننە بوون و ئەو شـــرۆڤەکردنانە پێشـــبینیان دەکرد، ئەم خەڵکانە بەرهەڵستی « ڕژێمی کەمینە» بکەن. ئێســـتاش پێشـــبینی دەکەن ئەو ماوەیە درێژەبکێشێت. بەلای منەوە سوپای سووریا لەوە خۆڕاگرتربوو کە من پێشبینیم دەکرد، هەر بۆیە ئیدارەی تورکیا دەســـتی کرد بە گلەیی کردن لەوەی تەنیا هاوکاری نەکراوە لە گرتنەئەستۆی کێشەی پەنابەران و دوچاری دژواری بۆتەوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕەخنانەی لە ناوەوە لێی دەگیرێت لە بەرامبەر پابەندبوونی پەرۆشانەی لە ئاست ئۆپۆزسیۆنی سووریاییدا.

یەکێك لە هۆکارە ســـەرەکییەکانی خۆڕاگری ســـوپای سووریا بریتییە لە سروشتی هێزەکانی موعـــارەزە( «کەلەلایەن هەندێ کەســـەوە بە موعارەزەیەکی ئوسوڵی و جیهادی ناودەبردرێن» ئەوانەی تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی پێشێلکاری زەقـــی مافەکانی مـــرۆڤ کە هاوشـــانە بە پێشـــێلکاریەکانی حکومەت) کە هەڵدەستن بە تۆقاندنی خەڵکانێك کە پشتیوانیان لە ڕژێمەکەی ئەسەد دەکرد، ئەو پشتیوانیکردنەش لەبەر ئەوە بوو کە ڕژێمەکە سروشـــتێکی عەلمانی هەیە و لەسایەیدا ئیمتیازی ئابووری بەدەستدەهێنن.

ئەم گروپانە پاڵپشتیکردنی ئەسەد گرێدەدەنەوە بە مانەوە و بەردەوامبوونیانەوە.

ئەوە ئاشـــکرایە کە یەکەکانی سوپای سووریا پڕتفاقترن و باشـــتر ڕاهێنراون بـــە بەراورد بە سەربازە ڕێکنەخراوەکاوەکانی سوپای سووریای ئازاد. هەندێ لە شـــیکەرەوەکان باوەڕیان وایە ئەگەر یەکەکانی سوپا سەرکەوتووبن لە پاراستنی یەکگرتوویی خۆیاندا، ئەوا دەتوانن بەرهەڵستی ئۆپۆزسیۆن بکەن یاخود بەسەریاندا سەربکەون. بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی کە ئێران، ڕوسیا و چیـــن ئامادەی هاوکاری کردنیانن، ئەوا ئەم ئەگەرە گفتوگۆیەکی جیددی لەسەر دەکرێت لە ناوەندە جیاوازەکانـــدا. هۆکارێکی دیکەی ئەوەی جیابوونـــەوە تاکەکەســـییەکان نەبوونە جیابوونەوەیەکی بە کۆمەڵ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کـــە ئۆرگانـــە موحتەریفە بـــاش ڕاهێنراوو دیســـپلینکراوەکان لەگەڵ ئەو ســـەربازانەدان کە لەو گرووپـــە کۆمەڵایەتییانەوە هاتوون کە چارەنووسی خۆیان بە چارەنووسی حکومەتەوە گرێ دەدەن.

لایەنی بەهێزی ســـوپای ســـووریا بریتییە لە هێزە چەکدارەکان و تۆپخانەکەی. کە لەســـەر شـــەڕکردن لەبەرامبـــەر دەســـتدرێژیکردنی ئیســـرائیلدا ڕاهێنانیان پێکراوەو پڕچەککراون، لەگەڵ هێزە پڕتفاقەکان و پاڵپشـــتی تۆپخانە کـــە توانای لێدانـــی ئامانجەکانی ڕکابەران و دەورەدانیان هەیە، ئەویش بە پاڵپشـــتی هێزی پیادە کە لەلایەن گاردی کۆماری و میلیشـــیا دڵسۆزەکانەوە بۆیان دابین دەکرێت. بە داخەوە،



**سوپای سوریا ئەو میلیشیایانە بەکاردەهێنێت کە پشتیوانی لە حکومەت دەکەن کە پێیان دەوترێت «شەبیحە»و سەر بە پێکهاتەی عەلەوی حکومڕانەکانن کە تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی هەندێ لە دڕندانەترین تاوانەکانی شەڕ**

هیچ یەکێك لەلایەنە پێکناکۆکەکان بایەخ و نیگەرانیان نییە لە ئاست ئەو خەڵکەدا کە لەشەڕەکەدا تیادەچن، لەبەر ئەوەی پێیان وایە قوربانییە مەدەنیەکان «زیانی لاوەکین».

لەبەر ئەوەی ڕژێمی سووریا پێویستی بە هێزی پیادەی زیاترە، ئەوا بانگهێشتی هێزە یەدەگەکانی کرد و دەستی کرد بە ڕێکخستنی چەکدارە ڕێکنەخراوە نوێیەکان. هەروەها سوپای سووریا ئەو میلیشیایانە بەکاردەهێنێت کە پشتیوانی لە حکومەت دەکەن کە پێیان دەوترێت» شەبیحە» کە تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی هەندێ لە دڕندانەترین تاوانەکانی شەڕ. ڕەوتی ئەم شەڕە ناوخۆییە ئاماژە بەو ڕاستییە دەکات کە شەڕەکە بەردەوام دەبێت تەنانەت دوای کەوتنی ڕژێمەکەی ئەسەدیش. بە زۆری «شەبیحە»کان سەر بە پێکهاتەی عەلەوی حکومڕانەکانن کە دەووترێت لە (عەلەویەکان) سەدا ١٢ی دانیشتووانی وڵاتەکە پێکدەهێنن.

سەرەڕای ئەو ڕاستییەی حکومەتی ئێستای سووریا حکومەتێکی دڕندانەیەو هیچ سنوورێك ناناسێت لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤدا ئەوا کاتی کەوتنی ئەم ڕژێمە، درەنگ یان زوو بەهۆی پشتیوانی بەردەوامی عەلەویەکان، غەیرەموسڵمانەکان، ئاوێتەبوونی سوننەکان و دوورەپەرێزیی کوردەکانەوە درێژدەبێتەوە. واتە ئەم پشتیوانییە گرنگە کە هێشتا وەك خۆی ماوەتەوە تەمەنی دەسەڵاتی ناوەندی ئێستا درێژ دەکاتەوە. لەوەش زیاتر ڕۆژئاوا (ئەمەریکا و ئەوروپا و ئیسرائیل لەلایەك) لەبەر دوو هۆ دوودڵن لە گۆڕینی خێرایی ڕژێمەکە. یەکەمیان لەبەر ئەوەی نایانەوێت ڕابکێشرێنە ململانێی دەسەڵات لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا( یان لە جیهانی ئیسلامیدا) کە ململانێیەکی کۆتایی نەهاتووە، بە چەشنی ئەوەی لە عێراق و ئەفغانستاندا دەبینرێت. دووەمیان، ئەوان نایانەوێت ببنە بەشێك لەو ململانێی دەسەڵاتەی لەسووریادا دەکرێت لەسەر ئاستی جیهان، ئەویش لەگەڵ هێزە گەورە ڕکابەرەکانی دیکەی وەك چین و ڕوسیا. ئەم فاکتەرانە دەرفەتەکانی بەردەوامبوونی حکومەتی دیمەشق بۆ ماوەیەکی درێژتر زیاتر دەکەن.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ڕاستییە سادەیەی کە ئەم حکومەتە لە گەڕەکەکانی دەرەوەی دیمەشق و لە دووەم گەورەترین شاری وڵاتەکەدا، لە حەلەب شەڕ لەگەڵ خەڵکەکەی خۆیدا دەکات، ئەوا ئەمە بۆتەهۆی ئەوەی زیانێکی گەورە بکات. چونکە لەدەستدانی هەر یەکێك لەم شارانە جاڕدانی لەدەستدانی ڕژێمەکەی ئەسەدە. زیانێکی دیکە بریتی دەبێت لەوەی ئەم شارانە ببنە زۆنگاوێك ئەگەر هاتوو کۆنترۆڵکردنەوەیان مەحاڵ بوو. بڕینی ئاو لە شاری حەلەب هەنگاوێکە بەرەو دابڕینی یەکجارەکی حکومەت لە خەڵکەکەی.

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

**هیچ یەکێك لەلایەنە پێکناکۆکەکان بایەخ و نیگەرانیان نییە لە ئاست ئەو خەڵکەدا کە لەشەڕەکەدا تیادەچن. لەبەر ئەوەی پێیان وایە قوربانییە مەدەنیەکان «زیانی لاوەکین»**









# ژیان لەناو چادرو کەمپی پەنابەران

## ژمارەی پەنابەرانی کەمپی دۆمیز ڕوو لەزیادبوونەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش بەپێی پێویست ئاوڕیان لەم کەمپە نەداوەتەوە





### کوردەکانی سووریا لەکەمپی دۆمیز:

# سەردانی سەرۆکی کوردستان بۆ کەمپی پەنابەران دەریخست خەمخۆری میللەت و هەموو نەتەوەی کوردە

**لەگەڵ پاشاگەردانی ناوخۆی سووریاو رەفتارە درِندەکانی رژێمی ئەسەد، تادێت ژمارەی ئەو هاووڵاتییە سیڤیلانەی دەبنە قوربانی هێرِش و بۆردومانەکانی سوپای سووریا رِوو لەزیادبوون دەکات، لەلایەکی دیکەوە خراپی ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان مەرگەساتێکی ترە رِووبەرووی هاووڵاتیانی ئەو وڵاتە بۆتەوە. ئەم رِووداوو بارودۆخەکە هەمووی وایانکردووە لەماوەی ١٨ مانگی رابردوودا ژمارەیەکی زۆر لەهاووڵاتیانی سووریا وڵاتی خۆیان بەجێبهێڵن و وەکو پەنابەر روو لەوڵاتانی (تورکیاو ئوردن و لوبنان و عێراق) بکەن، کە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارەیان بە ٢ ملیۆن پەنابەر دادەنێت، بەشێك لەو پەنابەرانەش کەزۆربەیان کوردن روویان لەهەرێمی کوردستان کردووە، کە بەرِێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی پارێزگای دهۆك ژمارەیان بەزیاتر لە ٢٣ هەزار پەنابەر دادەنێت و لەو ژمارەیەش ١٣ هەزار کەس نیشتەجێی کەمپی دۆمیزن، چاوەرِوانیش دەکرێت لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی ئەو کەسانەی وەکو پەنابەر رِوو لەکەمپی دۆمیز دەکەن کە رۆژانە بە ١٠٠٠ کەس مەزەندە دەکرێت بارودۆخی پەنابەرانی ئەم کەمپە روو لەخراپی بکات، ئەمە لەکاتێکدا رێکخراوو ئاژانسە نێودەوڵەتیەکان بەپێی پێویست و بەراورد بەکەمپەکانی دیکەی هاوشێوە لەوڵاتانی دی ئاورِی لەم کەمپە نەداوەتەوە ئەوەتا حکومەتی ئوردن داوای ٩٠٠ ملیۆن دۆلار هاوکاری دارایی دەکات، وەکو پاڵپشتی و ئاگاداربوونێکیش لە رەوشی پەنابەران.**

**گۆڤاری گوڵان پەنابەرە کوردەکانی سووریای دانیشتووی کەمپی دۆمیزی بەسەرکردەوەو وێرِای پێزانین و دەستخۆشیان بۆ هاووڵاتیانی کوردستان و سەرکردایەتی سیاسی بەڵام داواکاریشیان هەبوو کە لەدووتوێی ئەم راپۆرتەدا بڵاوی دەکەینەوە.**

## پەنابەرانی کوردی سووریا سەردانی سەرۆکی هەرێم بۆ کەمپەکەیان بەرز هەڵدەسەنگێنن

لەگەڵ بوونی کەموکوڕی و گلەیی و گازندە، پەنابەرەکانی کوردی سووریای نیشتەجێی کەمپی دۆمیز کە بەهۆی پشتگوێخستنی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانەوە دووچاری بوون، باس لەو گرنگی و پاڵپشتیە دەکەن کە لەدوای سەردانەکەی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کەمپەکەیان لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێیان دەدرێت، کە لەدوای ئەو سەردانە دابینکردنی ئازووقە باشتر بووەو زیاتر کار بۆ کەمپەکە دەکرێت، لەمبارەیەوە هانی محەمەد کە یەکێکە لە پەنابەرانی کەمپەکە دەڵێت: (سەردانی جەنابی سەرۆك بارزانی دڵخۆشی کردین لەنزیکەوە چاوی بەکەموکوڕی و کێشەکانمان کەوت و بڕیاری دا بەزووترین کات کێشەو گرفتی کەمپەکە چارەسەر بکات و بگرە هەرێمی کوردستانی بەماڵی خۆمانی دانا و تەئکیدی لەسەر هاوکاری و پاڵپشتی تەواوی پەنابەران کردەوە، بەمەش سەرۆك بارزانی دەریخست کە خەمخۆر و پشتیوانی میللەتی کوردە لەهەرکوێیەك بێت). محەمەد شەریفیش کە هاووڵاتیەکی کوردی سووریایەو بەمیوانی سەردانی پەنابەرانی کەمپەکەی کردووە وتی: (هەڵوێستی دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان و حکومەتی هەرێم بەتایبەتی سەرۆکی هەرێم زۆر بەگەورە دەزانین.).

**بارودۆخی سووریا ڕووی لەخراپی کردووە**

لەگەڵ بەردەوامبوونی توندوتیژیەکان و مانەوەی ڕژێمی بەعس هاووڵاتیانی کورد لەرۆژئاوای کوردستان بەنیگەرانیەوە دەڕواننە ئەو ئارامییەی ئێستا ناوچە کوردنشینەکان بەخۆیەوە دەبینێت، هەڕەشەکانی بەشار ئەسەد بەبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی ئەوەندەی دی بووە هۆی زیادبوونی پەنابەران، هانی محەمەد کە دانیشتووی ناوچەی قامیشلۆیەو ئێستا لەکەمپی دۆمیز نیشتەجێیە باس لەوە دەکات بارودۆخەکەی سووریا جێگای ژیانی تێدا نەماوە بۆیە بڕیاریان دا کۆچ بکەن بۆ هەرێمی کوردستان، ئێستا لێرە هەست بەهێمنی و ئارامی دەکەن، مەشعان عەبدوڵڵا هاووڵاتییەکی شارۆچکەی ڕۆژئاڤایە پێی وایە بارودۆخەکە لەسووریا ڕووی لەخراپبوون کردووە، مەشعان سەبارەت بە باروگوزەرانی دانیشتووانی ناو کەمپی دۆمیز وتی: (لەبواری ئاوو کارەباو خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان کاری باشمان لەناو کەمپی دۆمیز بۆ کراوە، بەڵام ئەگەر خوا نەخواستە ئەم ڕژێمە دڕندەیە نەڕوخێت تا وەرزی زستان پێویستیمان بەقیرتاوکردن یا چەوڕێژکردنی شەقامەکانی ناو پارکەکە هەیە..)، هەیفا کە ئافرەتێکی دانیشتووی ناو کەمپەکەیە ژیانی ئاوارەیی پێ باشتر بوو لەوەی لەناو سووریا بەدەستی ڕژێمی بەعس بکوژرێت، ئەحمەد تەموش کە پێشتر دانیشتووی قامشلۆ بوو وتی: (مەترسیەکانی ڕژێمی ئەسەد ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕوو لە زیادبوون دەکات و گەیشتۆتە قۆناغی کۆمەڵکوژی..). حجی عەباسیش لەمبارەیەوە وتی: (من لە ناوچەی دێرکی سەر بە قامیشلۆ هاتوومەتە کەمپەکە لەبەر ئەوەی نەموویست لەبەرچاوی خۆمان خێزان و منداڵ و کەسوکارمان ببینین کە دەکوژرێن و سەر دەبڕدرێن). محەمەد ئیسماعیلیش لەمبارەیەوە وتی: (گەرچی ژیان لەناو چادرو کەمپی پەنابەران ناچارییەو لەرووی خزمەتگوزارییەوە کەموکوڕیمان هەیە، بەڵام لە ژیانی ترس و کوشتن باشترە، هەربۆیە وڵاتی دووەمی خۆمان هەڵبژارد کە هەرێمی کوردستانە).

**پەنابەران داوای دابینکردنی قوتابخانەو ماموستا دەکەن بۆ ئەوەی منداڵەکانیان لەپرۆسەی خوێندن دانەبڕێن**

**ئەو بنکە تەندروستیەی بۆ کەمپەکە دانراوە ناتوانێت هەموو پشکنین و چارەسەرێکمان بۆ ئەنجام بدەن و پزیشکی باشی لێ نییەو هەموو دەرمان و پشکنینێکی نییە**

**داواکارین لە پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کەمپی دیکە بۆ پەنابەرانی سوریا بکرێتەوە**

لەلایەکی دیکەوە سەبارەت بەرەوشی تەندروستی لەناو کەمپەکە، محەمەد ئیبراهیم وتی: ( ڕەوشی تەندروستیی منداڵەکانمان باش نییە و نەخۆشی کەوتۆتەوە، تەنانەت ئەو بنکە تەندروستیەی بۆ کەمپەکە دانراوە ناتوانێت هەموو پشکنین و چارەسەرێکمان بۆ ئەنجام بدات و پزیشکی باشی لێ نییەو هەموو دەرمان و پشکنینێکی نییە، ئەمە لەکاتێکدا ئەو کەمپە ژمارەیەکی زۆری پەنابەری لێ نیشتەجێیە پێویستی بەنەخۆشخانەو پزیشکی شارەزاو کارمەندی تەندروستی پسپۆڕ هەیە)، هاوکات حەیات خان پێی وابوو بارودۆخی کەمپەکە بەراورد بەسەرەتای دامەزراندنی ڕووی لەخراپی کردووە، چونکە ژمارەی پەنابەران زیادیکردووەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیش بەپێی پێویست ئاوڕیان لەکەمپەکە نەداوەتەوەو چەندین منداڵمان تووشی کەم خۆراکی و ڕشانەوەو سکچوون هاتوون.

سەبارەت بەبواری پەروەردەش پەنابەرە کوردەکان لەناو کەمپی دۆمیز داوای دابینکردنی خوێندنگا بۆ منداڵەکانیان دەکەن بۆ ئەوەی لە پرۆسەی خوێندن دانەبڕێن، ژمارەی ئەو پەنابەرانەی تەمەنیان لەنێوان ٦ تا ١٨ ساڵدایە زۆرە هەربۆیە زۆر لەو پەنابەرانەی قسەمان لەگەڵیاندا کرد داوایان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە بەپێی پێویستیان قۆناغەکانی خوێندن لەکەمپەکە بکەنەوەو ماموستایان بۆ دابین بکەن، ئەمەش هانی خێزانە کوردەکانی ناو کەمپەکە دەدات بۆ ئەوەی لەهەرێمی کوردستان نیشتەجێ بن تا ئەو کاتەی ڕژێمی بەشار ئەسەد دەڕووخێت و بارودۆخەکە هێمن دەبێتەوە،







لەمبارەیەوە مەشعان عەبدوڵا داوای کرد ئەو قوتابییە پەنابەرانەی قۆناغەکانی کۆتاییان تەواوکردووە لە زانکۆکانی هەرێم بەتایبەتی لەزانکۆی دهۆك وەربگیرێن.

**ڕۆژانە ١٠٠٠ پەنابەر لەکەمپی دۆمیز زیاد دەکات**

ئەو پەنابەرە کوردانەی سووریا کە لەکەمپی دۆمیز نیشتەجێن وێڕای دەستخۆشی و پێزانینیان بۆ ئیدارەی هەرێمی کوردستان بەرامبەر دابینکردنی ئاوو کارەباو بنکەی تەندروستی و خواردن و کەلوپەل، بەڵام لەبەر ئەوەی ژمارەیان رووی لەزیادبوون کردووە هەربۆیە داواکاری و پێداویستیەکانیان زیادی کردووە، سەبارەت بەپێداویستی و داواکارییەکانیان مەشعان عەبدوڵا وتی: (لەکەمپەکە سەرجەم خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکانی ئاوو کارەباو ئازووقەو بنکەی تەندروستی و چەندین خزمەتگوزاری دیکەمان بۆ دابینکراوە بۆ نموونە کارەبای بەردەوامان هەیەو **٢٤** کاتژمێریش بنکە تەندروستیەکە کراوەتەوە، بەڵام ڕێگاو کۆڵانەکانی کەمپەکە باش نییە و بۆ وەرزی زستان ماندوو دەبین)، لەبواری دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونیش لەناو کەمپەکە هانی محەمەد وتی : (پێویستە لایەنی ئیدارەی کەمپەکە پەلە بکات لەدابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و کەلوپەل و پێداویستی نوستن و ئامێرەکانی فێنکەرەوەو گەرمکردن.)، سەبارەت بەبواری تەندروستیش شاناز نەجمەدین وتی: (داواکارین لەلایەنی بەرپرسی تەندروستی لەحکومەتی هەرێمی کوردستان هەوڵێکی زیاتر بدات بۆ چاودێری تەندروستیی منداڵ و بەساڵاچوانی ناو کەمپەکە تاوەکو ڕێگا لەتووشبوون و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی بگیرێت، چونکە بەگشتی بارودۆخی تەندروستی ناو کەمپەکە بەرەو خراپی و ناتەندروست دەچێت..). لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەك لەو پەنابەرانەی تازە هاتوون لەژێر چادرێکدا نیشتەجێن کەمترین پێداویستی کەلوپەلیان بۆ دابینکراوە هەربۆیە داوا لەئیدارەی کەمپەکە دەکەن پەلە بکەن لەچارەسەرکردنی کێشەو گرفتی ناو کەمپەکە.

## حکومەتی هەرێم تا ئێستا نزیکەی ٨ ملیار دیناری خەرجکردووە

محەمەد عەبدوڵلا بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و کۆچبەرانی پارێزگای دهۆك لە وەڵامی چەند پرسیارێك لەسەر هاتنی ئاوارەکانی کوردی رۆژئاوا بۆ سنووری پارێزگای دهۆك و چۆنییەتی پێشوازیکردن و نیشتەجێکردنی ئاوارەکان و پێشکەشکردنی هاوکاری و کارە خزمەتگوزارییەکان لە کەمپی دۆمیز وتی:( لە دەستپێکی هاتنی پەنابەرەکاندا بۆ پێشوازی و خزمەتگوزاری و فریاگوزارییە سەرەتاییەکان لەلایەن پارێزگای دهۆکەوە نیو ملیار دینار تەرخانکرا، هەروەها لە پێشوازی و هاوکاری و وەرگرتنی ئەو پەنابەرانەدا چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی و ناوخۆی و خاوەن کۆمپانیا و کەسایەتیی سنوورەکەو ڕێکخراو و سەندیکاکانی پیشەیی سنووری پارێزگای دهۆك هەماهەنگ و بەشداری جیدی و کاریان کرد، هەروەها لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ مانگی ٥ و ٦ و ٧ی ئەمساڵ بڕی دوو ملیار و نیو دینار تەرخانکراوە بەگشتی تا ئێستاکە جگە لە نیو ملیار دیناری پارێزگای دهۆك حەوت ملیارو نیو دینار لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە بۆ کارو ئیش و پێداویستی و هاوکاری و خزمەتگوزارییەکانی پەنابەران بەتایبەتی بۆ کەمپی دۆمیز تەرخانکراوە. ئەو کارو ئیش و خزمەتگوزاریانەی کەتوانراوە تا ئێستا بۆ کەمپی دۆمیز ئەنجام بدرین بریتین لە هەڵکەندنی سێ بیری ئاوی خواردنەوەو دانانی تۆڕی دابەشکردنی ئاو و دابەشکردنی ئاو بەڕێگای تانکەر و دابینکردنی کارەبای بەردەوام و چاککردن و ڕێکخستنی شەقام و کۆڵانەکانی ناو کەمپەکەو بەرنامەو هەوڵیشمان هەیە پێش هاتنی وەرزی زستان ئەو شەقام و کۆڵانانەی ناو کەمپەکە چەوریژ یا قیرتاو بکەین، ئەمەو بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی دهۆك لەگەڵ هاتنی وەرزی خوێندن قوتابخانەیەکی لە کەمپەکە کردۆتەوە، لەرووی تەندروستیشەوە بنکەیەکی تەندروستی ٢٤ کاتژمێری بۆ خزمەتی تەندروستی پەنابەرانی کەمپەکە دامەزراوە و ستاف و کارمەندی خەمخۆر و شارەزا تێیدا کار دەکەن، هەروەها هەر خێزان و کەسێکی پەنابەر بەپێی پێویستی خۆیان پێخەف و کەلوپەلی نووستن و سەرەتایی ناو ماڵ و ئازووقەو خواردن بەسەر پەنابەرەکان دابەشکراوە، هاوکات لێرەدا بەپێویستی دەزانین جەخت لەوە بکەینەوە ئەگەر بۆ وەرزی زستان خزمەتگوزاری و هاوکارییەکان زیاتر و باشتر نەبێت بۆی هەیە هەندێ کێشەو گرفت و بارودۆخی ناخۆش لەسەر ژیانی ئەو پەنابەرانە دروست بێت بەتایبەتی لە لایەنی تەندروستییەوە زیاتریش کاریگەری لەسەر منداڵەکانیان هەبێت، بۆیە پێویستە ئەو بڕە بودجەی کە بڕیارە بۆ خزمەتگوزاری و هاوکاری ئەو کەمپە خەرج بکرێت بەپێی پێویست بخرێتە بەر دەست، لەلایەکی دیکە خزمەتکردن و بەدەنگەوە هاتن و هاوکاریکردنی هاتنی رۆژانە هەزار پەنابەر تەنیا لەلایەن پارێزگای دهۆکەوە زۆر قورس و زەحمەتە، بۆیە داواکارین لەپارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان کەمپی دیکە بۆ پەنابەرانی سووریا بکرێتەوە، گەرچی تا ئێستاکە لە پارێزگاکانی دیکەی هەرێمی کوردستان هیچ بۆ ئەو پەنابەرانە نەکراوە، تەنیا وەفدێکی پارێزگای سلێمانی بە سەرۆکایەتی قایمقامی ناوەندی پارێزگاکە سەردانی کردین و لەپاش سەردانەکەش تا ئێستا هیچ هاوکاری و یارمەتییەك لەو لیژنەیەوە یا لەلایەن پارێزگای سلێمانییەوە بۆ ئەو کەمپ و پەنابەرانە نەهاتووە.

هەروەها هاتن و سەردانی جەنابی سەرۆك بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ کەمپی دۆمیز گرنگ بوو، هاتنی جەنابییان زیاتر بۆ ئاگاداربوون بوو لەرەوشی پەنابەرەکان و چۆنییەتی پێشوازی و هاوکاریکردن و دیتنی ئاستی ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشیان کراوە، هەروەها جەنابییان پێی ڕاگەیاندن هەرچی پێویست بێت و لەتواناادا بێت بۆیان دەکرێت و هەرێمی کوردستان ماڵی خۆیانە و میوان نین و ئەو سەردانە دڵنەوایی و پشتگیری تەواوی هەرێمی کوردستانی بۆ دووپاتکردنەوە و لەلایەن پەنابەرەکانیشەوە سەردانەکە ئاسوودەیی زۆری پێ بەخشین.

## قوتابخانەیەك لە ناو کەمپەکە دەکرێتەوە



پرۆفیسۆر ئەلینا لیۆن بۆ گوڵان:

# بارودۆخی سووریا خەریکە لە کۆنترۆڵ دەردەچێت بۆیە دەبێت ئەمریکا هەڵوێستێک وەربگرێت

**پرۆفیسۆر ئەلینا ئیل لیۆن ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی نیو هامپشیر و پسپۆر و تایبەتمەندە لە بوارەکانی ئاشتیپارێزی و چارەسەری تەنگژەکان و سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تیرۆریزم و توندوتیژی سیاسی، سەبارەت بە بارودۆخی ئێستای سوریا وەك بەشێك لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەو بارودۆخە خراپەی بەهۆی ڕەفتارەکانی ڕژێمی ئەسەد لەو وڵاتە دروستبوون، پێوەندیمان بە پرۆفسیۆر ئەلینا لیۆن کرد و لە وتووێژێکی تایبەتیدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



**کوژرانی باڵیۆزی ئەمریکا لە لیبیا و خۆپیشاندانەکانی یەمەن و میسر، بۆ بارودۆخی سووریا باش نییە**

*** بارودۆخی سووریا گەیشتۆتە ئاستێك کە هەموو کەس پێشبینی ڕووخانی ڕژێمەکەی ئەسەد دەکات، بەڵام دەبێت هەوڵ و کۆشش بدرێت بۆ ڕاگرتنی ئەو خوێنڕێژی و توندوتیژیەی ڕوودەدات، بەڵام بۆچی تا ئێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ڕووی واقیعیەوە بێدەنگە؟**

- بواری شارەزایی من سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانە، من دەزانم ئێوە باس لە هاوکاری سەربازی و دەستێوەردانی مرۆیی دەکەن، کە مەبەست ئەوەیە ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان و هەندێ لە هاوپەیمانە ئەوروپییەکان بێن و دەستێوەردان بکەن بۆ هاوکاری کردنی خەڵکی سووریا، پێموایە ئەمە دەرفەتێکی باشی لەبەردەمدا نییە بۆ جێبەجێکردن، ئەویش لەبەر چەند هۆیەك، یەکەمیان بە پێچەوانەی لیبیاوە کە ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەوروپا توانیان لەڕێی ناتۆوە دەستێوەردان بکەن، ڕوسیا و چین بەرهەڵستی ئەو دەستێوەردانەیان نەکرد، بەڵام لە حاڵەتی سووریادا چین و ڕوسیا بە تایبەتی دژی هەر هاوکارییەکی سەربازین، ئەمەش مەسەلەکەی زۆر ئاڵۆزکردووە. هۆکاری دووەم لۆجستییە، ئەویش پەیوەستە بەوەی چۆن دەستێوەردان دەکەیت، لەبەر ئەوەی سووریا زۆر ئاڵۆزترە لە لیبیا، لە لیبیادا بوارەکە کراوەتر بوو بۆ ئەوەی هێزە ئاسمانییەکان دەستێوەردان بکەن، ئەویش بەهۆی نزیکی لیبیا لە ئەوروپاوە...بەڵام سووریا حاڵەتێکی زۆر ئاڵۆزترە لە پێوەندیدا بە دەستێوەردانی سەربازییەوە، مەسەلەکانی دیکەش ئاڵۆزن، بەلای ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیەوە سووریا زۆر جیاوازە لە لیبیا، چونکە سەرۆکی لیبیا، موعەممەر قەزافی هیچ هاوپەیمانێکی نەبوو، هیچ کەسێك لە ناوچەکەدا پشتیوانی نەکرد، ئەمە لە کاتێکدا سووریا، حکومەتەکەی ئەسەد دۆست و هاوپەیمانی هەیە، بە تایبەتی ئێران، کە ئەمەش کێشەکە لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی ئاڵۆز دەکات، کەواتە لەو ڕووەوە دژواریەك هەیە، سەرکردە نێودەوڵەتیەکانی

**بەلای ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە سوریا زۆر جیاوازە لە لیبیا، چونکە قەزافی هیچ هاوپەیمانێکی نەبوو**

وەك كوفی ئەنان پێش چەند ڕۆژێك باسی لەوەكرد كە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناتوانێت پێكەوە كاربكات، لەبەر ئەوە خەڵكی ڕەخنەیان لە كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرتووە، چونكە كارا نەبووە و وەك پێویست جموجۆڵی نەكردووە، لەبەر ئەوە كاتێك ئەمە بە كەسێك دەڵێیت ئەوا ئەمە پێی دەوترێت سیاسەتی شەرمەزاركردن، كاتێك شەرمەزار دەبێت ئەوا ناچار دەبێت بێتەپێشەوە و كاراتر بێت، ئێمە ئەمە لە ئەمریكادا دەڵێین، بەڵام ئەوەشمان لەبەرچاوە كە هەڵبژاردنێكی سیاسی لە ئەمریكادا دەكرێت و ئەمەش كاریگەری دەبێت لەسەر تەوقیتی دەستێوەردان لە بارودۆخی سووریادا، لە ناوخۆیی ئەمریكادا ئەوەی بە هەنگاوێكی كاریگەر دادەنرێت، كە بەلای منەوە زۆر كاریگەربوو كە هەستا بە ڕزگاركردنی ژیانی سەدان هەزار كەس لە بەنغازی لە لیبیا، بەڵام زۆرێك لە ئەمریكییەكان پێیان وانەبوو ئەوە كاریگەری هەبووە و باوەڕیان وانەبوو ئەوە كارێك بێت شایستەی ئەنجامدان بێت، هەروەها سەرۆكی ئێستای ئەمریكا، ئۆباما بە ڕوونی باسی لەوە نەكردووە كە ئەوە چەند كاریگەر بوو و چەند گرنگ بوو، چونكە ئەمساڵ، ساڵی هەڵبژاردنە و هەروەها لەبەر ئەوەی ئەوە بڕیارێك نەبوو لەسەر ئاستی خەڵكی پشتیوانی لێكرابێت، من باوەڕم وایە دوای هەڵبژاردنەكە، بە چاوپۆشین لەوەی كێ هەڵدەبژێردرێت، ئەوا بواری زیاتری هەیە بۆ ئەوەی كاری زیاتر بكات لە ئاستی ئێران و لەگەڵ كۆمەكاری عەرەبی لە بەرامبەر حكومەتی سووریادا.

*** هەندێك پێیانوایە هۆكاری ئەنجامنەدانی هیچ كارێك بۆ هەڵبژاردنە سەرۆكایەتییەكەی ئەمریكا دەگەڕێتەوە، بەڵام بۆچی یارمەتی موعارەزە نادات تاوەكو بتوانێت بارودۆخەكە یەكلابكاتەوە؟ بەتایبەتی كە دەتوانێت هاوكاریی توركیا بكات لەم ڕووەوە؟**

-ئەمە پرسیارێكی باشە، بەپێی تێگەیشتنی من حاڵی حازر ئەمریكا سەرقاڵی دەستێوەردانێكی ناسەربازیانەیە لە سووریادا، وەزیری بەرگری ئەمریكا ڕایگەیاند بارودۆخەكە لە كۆنترۆڵ دەردەچێت و دەبێت ئەمریكا كارێك بكات، ئەمەش خۆی لە هاوكاریكردن لەڕێی پێدانی زانیاری هەواڵگری و كەلوپەلی سەربازی دەبینێتەوە لەڕێی سعودیە و قەتەرەوە، ڕەنگە جموجۆڵی سەربازی گەورە نەبینین، بەڵام پشتیوانیەكی هەنگاو بە هەنگاوی سوپای سووریای ئازاد دەبینین، واتە هاوكاریەكی كەمی ئەو سوپایە دەبینین، شتێكی دیكە كە جیاوازە بەلای منەوە ئەوەیە موعارەزەی سوری- بەلای كەمەوە لە تێڕوانینی ئەمریكادا- موعارەزەیەكی ڕێكخراو و یەكگرتوو نییە بە چەشنی ئەوەی موعارەزەی لیبیا- كە باوەڕوابوو موعارەزەیەكی ڕێكخرا و یەكگرتووبوو-كەواتە ئەمریكا بە تایبەتی دەیەوێت ئەوە ڕوون بێت كە ئەو پشتیوانی لە كێ دەكات، كەواتە نەبوونی ئەو ڕۆشنییە بەلای ئەمریكاوە لەبارەی ئەوەی سوپای سوری ئازاد كێن و موعارەزەی سوری كێن مایەی نیگەرانیە، ئەمەش بارودۆخەكە لەسەر ئەرزی واقیع ئاڵۆز دەكات. لە ڕوانگەی نێودەوڵەتییەوە چەمكی بەرپرسیارێتی پاراستن هەیە، ئەویش كاتێك پێشێلكاریەكی زەقی مافەكانی مرۆڤ دەكرێت، كە مەبەست لەوەیە ژمارەیەكی زۆر خەڵكی دەكوژرێن، بەپێی تێگەیشتنی من ئێمە بەرەو ئەو دۆخە دەچین. كەواتە كاتێك ژمارەیەكی دیاریكراوی خەڵكی دەكوژرێن، ئەوا خەڵكانێكی زۆر دەنگ بەرز دەكەنەوە و هەڵوێست وەردەگرن و ڕایدەگەیەنن ئیتر بەسە و دەبێت كارێك بكرێت لەم ڕووەوە و ئەو كاتە دەگەینە دۆخێك كە هەوڵ و كۆششی زیاتر دەخرێتەگەڕ. لەلایەكی دیكەوە كوژرانی باڵیۆزی ئەمریكا لە لیبیا و خۆپیشاندانەكانی یەمەن و میسر، هاوكارنین بۆ سووریا، چونكە هەر كەسێك ئیدارەی ئەمریكا بگرێتەدەست دوو دڵ دەبێت لەوەی دەستێوەردان بكات لە هەر شتێكدا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، من پێموایە مەسەلەی ئەوەی خۆپیشاندانەكانی میسر چۆن دەكەوێتەوە و چی لە یەمەن و لیبیادا ڕوودەدات لە ماوەی دوو بۆ سێ هەفتەی داهاتوودا كاریگەرییان دەبێت. واتە ئەمە لەلایەك نیگەرانی ئەمنی ئەمریكا زیاتر دەكات، بە تایبەتی وەزارەتی دەرەوە و بەرگری زۆر نیگەران دەبن لە ئەنجامدانی كارەكانیان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئیدارەی ئۆباما ڕەخنەی ئەوەی لێگیراوە كە سەلامەتی ئەو دیپلۆماتكارانەی ئەمریكای نەپاراستووە كە لە ناوچەكەدا كاردەكەن، كەواتە نیگەرانی واقیعی هەیە، حكومەتی ئەمریكا دوو دڵە لە ئەنجامدانی كاری زیاتر. كەواتە بە چاوپۆشین لەوەی ئایا خۆپیشاندانەكانی میسر و خۆپیشاندانەكانی دژ بە باڵیۆزخانەكانی ئەمریكا لە یەمەن و باڵیۆزەكانی دیكە بەرەو هەڵكشان دەچن یان نا، ئەوا وەك موعارەزەیەكی بەهێز دەردەكەوێت بۆ بوونی ئەمریكا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەمەش ئەوەندەی دیكە ئەركی ئەمریكا قورستر دەكات كە قەناعەت بە ئەمریكییەكان یان كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بكات كە باشترە كاری زیاتر بكات لەم وڵاتانەدا.

**ئەگەر ئەسەد بڕووخێت ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە ئێران هاوپەیمانی نامێنێت و ڕەنگە عێراقیش، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی هەردوولایان**

**موعارەزەی سوری- بەلای کەمەوە لە تێڕوانینی ئەمریکادا- موعارەزەیەکی ڕێکخراو و یەکگرتوو نییە، کەواتە ئەمریکا بە تایبەتی دەیەوێت ئەوە ڕوون بێت کە ئەو پشتیوانی لە کێ دەکات**

*** بەڕای تۆ ئەگەر ڕژێمی ئەسەد بڕووخێت ئەو دەرهاویشتانە چین كە لێی دەكەونەوە؟**

- ئەگەر ڕژێمەكەی ئەسەد بڕووخێت، ئەوا دەرئەنجامی بەرفراوانی لێدەكەوێتەوە لەسەر عێراق و لەسەر ئێران و توركیا بە دیاریكراوی، كەواتە بە دڵنیاییەوە ئاكامەكانی ناكۆكی سووریا كاریگەری گرنگی دەبێت لەسەر عێراق. لەڕووی كاریگەری ئیقلیمیەوە، ئەوا یەكێك لە نیگەرانییەكانی من ئەوەیە ئەوەی لە سووریادا ڕوودەدات كاریگەری لەسەر ئێران دەبێت لەبەر ئەوەی بارودۆخەكە زۆر گرێدراوە بە ئێرانەوە، چونكە بە پێی قسە و باسەكان- بەڵگەكان ڕوون نین- كە ئێران پشتیوانی ڕژێمەكەی ئەسەد دەكات و عێراقیش بەشێكە لەو مەسەلەیە، واتە ئەگەر ئەسەد بڕووخێت ئەوا ئەمە مانای ئەوەیە ئێران هاوپەیمانی نامێنێت و ڕەنگە عێراقیش، ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوونی هەردوولایان.

# لێبووردەیی لە جیهانی هاوچەرخماندا چ واتایەک دەبەخشێت؟

عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیووە



جاك دریدا بانگهێشتی سەرلەنوێی لێپرسینەوەو پرسیارکردنمان لە بارەی چەمکی لێبووردەیی بۆ دەکات، نەك بە شێوەی ڕەتدانەوەی ئەو چەمکە لەناواخنەکەی خۆی، بەڵکو وەك وەفایەك بۆی، چونکە ئێستا ڕەنگبێ چەمکەکە تەخت بوون یان لاوازبوونی خۆی بچەسپێنێت، لەوانەشە وەك خۆی نەمابێتەوە، تا هێزی پێویستمان پێ بدات بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو توندوتیژییە هەڵایساوەی جیهانی هاوچەرخمانی تەنیوەتەوە، توندوتیژییەك کە شێوازی هەمەچەشنەی لە خۆگرتووەو کەمتر نییە لە شێوازە هێماداریيەکەی..

چار نییە پێویستە پرسیارو لێپرسینەوەکە لەوەوە دەست پێبکاتەوە، سەرلەنوێ ژینالۆژیایەك دابنرێتەوەو لە ئاست بنەواکانی ئەو ژینالۆژیایە هەڵوەستە بکەینەوە، وەك زانراویشە کە لە بنەڕەتدا بنەواکانی لێبووردەیی بڕواداری و ئایینی بوون، ئەم چەمکە لە ئاکامی بزووتنەوەی ڕیفۆرمسازیی ئایینی ئەوروپاییەوە گوزارشتی لە گۆڕینی هزرو زەینێك دەکرد کە لە سۆنگەی پێوەندییەکی تازەی ئەوکاتەوە خولْقا، ئەویش پێوەندیی ئیعتیراف بە یەکتر کردنی نێوان ئەو هێزانەبوو کە لەناو یەك ئاییندا بە درێژایی سەدەی شازدەیەم ململانێیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد، تا ئێستاش ئەم چەمکە لەو ئیشکالیەتە ئایینیەی کە لە ئامێزیدا دروست بووە پاكژ نەبۆتەوە، کە پێش هەر شتێك وای لێ کردبوو ببێتە بانگەوازێك بۆ((خۆشەویستی و بەزەیی و چاکە کردن لەگەڵ خەڵکیدا بە گشتی)) ئەمە پێ بە پێی وتەی جۆن لۆکیش بە تایبەتی لەو پەیامەیدا کە لەسەر لێبوردەیی نووسیویەتی.

ڕاستە چەمکەکە تەنیا لەو چەقەیدا گیرخواردوو نەمایەوەو کێڵگە ئایینیەکەی تێپەڕاندو بارگاوی بوو بە بارو کێشی دیکەوە بە تایبەتی لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنگەری خەت و خاڵی دەرکرد، تا دواجار بوو بە سەنەدێکی ڕەوای جیاوازی بیرو بڕوا، بوو بە پاشخانێك بۆ تاکی هاووڵاتی تا مافی هەڵبژاردن و ڕا دەربڕینی ئایینی و سیاسی

**لێبوردەیی وەستانە لە ئاست کەینونەی مرۆییمان، هەمووبمان لاوازین و مەعسوم نیین لە هەڵە، بۆیە با لەگەڵ یەکدی لێبوردە بین ، لە بەرانبەر گەمژەییەکانی یەکدی لێبوردەیمان بۆ یەک هەبێت، ئەمە یەکەمین بنەوایە بۆ یاسای سرووشت، یەکەمین بنەمای هەموو مافەکانی مرۆڤیش دەبێت**

و فەلسەفییانەی لە ناو فەزای مەدەنیانەدا هەبێت، ئەمەش بووە دینگەیەك لە دینگەکانی مۆدێرنەی سیاسی و فکری، بیرمەندانی وەك ئسپینۆزاو ڕۆسۆ و ڤۆڵتێر بە دیدو هەوڵەکانیان لە فراوانکردن و چەسپاندنی ئەم چەمکەو خانەکانیدا ڕۆڵێکی کارایان گێڕاوە، ئیسپینۆزا لە دوا بەشی پەیامەکەیدا بە ناوی لاهووت و سیاسەتەوە بە پرسەوە نووسیویەتی((خراپترین شتێك کە دەوڵەتی تێبکەوێت ئەوەیە خەڵکانی شەرافەتمەندی وڵاتەکە ڕاوبنرێنە تاراوگەو وەك ئەوەی ئەو خەڵکە شەرافەتمەندانە بریتی بن لە خەڵکانی تاوانبار، تەنیا لەبەر ئەوەی بیرو ڕایەکی جیاوازیان لە مەزەندەیا هەبووەو نەیانتوانیوە بیشارنەوە)) هەروەها ڕۆسۆ لە گرێبەستی کۆمەڵایەتییەکەیدا نووسیویەتی ((بە دیدی من ئەوانە هەموویان غەڵەتن کە نالێبوردەیی مەدەنی لە نالێبوردەیی لاهووتی جودا دەکەنەوە، ئەم دوو جۆرە لێك جودا ناکرێنەوە، زۆر زەحمەتە بە ئاشتەوایی و ئارامی لە پاڵ ئەوانەدا ژیان بەرینە سەر، ئەگەر بێتو لەو بڕوایەدا بین ئەوانە فەوتابن، ئەگەر ئەوانەمان خۆش بوێن و قبوڵیان بکەین ڕەنگە غەڵەت بکەین لە بەرانبەر ئەو خواوەندەی کە سزای داون، بۆیە پێویستە ئەوانە ئازار بچێژن، خۆ لە هەر شوێنێك نالێبوردەیی ئایینی قبوڵکراو بێت، لەو جێگەیەدا مەدەنیەت وەك دەرئەنجامێك نابینرێتەوە، ئەم هۆکارانەشن کە وا دەکەن سەروەرێتی لە کاروباری دنیایدا نەمێنێت، بەڵکو کاهینەکان دەبنە سەروەری ڕاستەقینەو پاشاکانیش دەبنە فەرمانبەرو ئەفسەرانی بەردەستی کاهینەکان))

سەرەڕای ئەم فراوان بوونەی واتاو دەلالەتە زارەکییەکان بۆ لێبوردەیی و ئەو هەموو هەمەجۆر بوونەی خانەکانی بەکارهێنانی، هەردەم چەمکەکە گرێبەند کراوەتەوە بە خۆشەویستی و چاکەکردنەوە، واتە سەمت و سیاقێکی ئاینی و مۆراڵیانەی پێ بەخشراوە، ئەمەشە وای کردووە ناکارا بێت، تەنانەت بە لای ئەوانەی دامەزرێنەرانی چەمکەکەشن، ئەوە بەسە کە ئاگاداری ئێستای خۆرئاوای هاوچەرخ بین، چ پێوەندیی خۆرئاوا بە وڵاتە کۆلۆنیالەکانی پێشانی ژێردەستیانەوە، یان پێوەندییان لەگەڵ ئەو کەمینانەی لە پاڵیاندا دەژین کە چۆن لە خۆشەویستییەوە دوورن ، کە خۆرئاوا چەندە نزیکە لە دیاردەکانی نالێبوردەییەوە، ئەگەر نەڵێین ڕاسیزمی و پەڕگیری و ڕەگەزپەرستییەوە، ئیعتیراف نەکردن بەوی دیکەو بە تایبەتمەندییە کەلتووریەکانی ئەوی دی سیمای زەقی زۆربەی هەڵوێستەکانی خۆرئاوایە، ئەمە وای لە هەندێك کردووە بانگەواز بکات بۆ ئەوەی ئەم چەمکە ڕزگار بکرێت و لەسەر بنەماگەلێکی فەلسەفی لەنگەری خۆی بگرێت تا بە تەنیاو تەنیا لە چوارچێوەی چەسپاوێکی مۆراڵیدا گیر نەخوات، تا جۆرێك لە حەسانەتی هەبێت و وەك پێداویستیەکی یاسایی و سیاسی بچەسپێنرێت، لەو هەستی مەردایەتی و جوامێربوون و خاوەن سەخاوەتەوە گەشەبکات بۆ ئیعتیراف کردن بە مافەکان و

**لە هەر شوێنێک نالێبوردەیی ئاینی قبوڵکراو بێت، لەو جێگەیەدا مەدەنیەت وەک دەرئەنجامێک بزر دەبێت، کاهینەکان دەبنە سەرووەری ڕاستەقینەو پاشاکانیش دەبنە فەرمانبەرو ئەفسەرانی بەردەستی کاهینەکان**

ڕێزلێگیرانی مافی ئەوانی دی.

لەمەوە پێویستە ئیعتیراف بە پرسێکی بنەڕەتی بکەین، ئەوەش تۆماربکەین کە لێبوردەیی هەرچۆنێك لێی بدوێین ولێی بڕوانین هەردەم لە لایەنی بەهێزترین بەڵگەوە جەخت کردنەوەیەکە لە سەرووەرێتی، تەنانەت بە لای دامەزرێنەرانیشەوە هەروابووە، ئەوانیش گوتویانە ئەگەر لەبەرانبەر شەڕوخراپەدا هیچ چارێکت بۆ نەمایەوە خراپەکاری فەرامۆش بکە، ئەمە تەنیا ڕێگەیە بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ ئەوانی دی، دیارە ئەم تێگەیشتنە دەمانخاتە ناو ڕێژەگەرێتی ڕۆشەنگەرییەوە، نەك بە بڕیارنەدان و بە هەند وەرنەگرتنی ڕای بەرانبەر، بەڵکو لەو ڕوانگەوە کە منی باڵا خۆی بخاتە جێگەی خێرو حەقیقەتەوە، واتە خۆی بخاتە شوێنی سەرووەریی بوونەوە، جۆرێك لە نەرمی نواندنی لە ئاست بنوێنێت(ئەمەش ئەو زاراوەیەیە کە لە سەرەتای سەدەی ڕابردووەوە فەرەح ئەنتوان گوزارشتی لەم چەمکە پێ کردووە) یان داشکانەوە ئەگەر نەڵێین خۆبەدوور لێگرتن لە بەرانبەر ئەوی دی، وەك لە وشە لاتینیەکەدا هاتووە)) بە هەموو خزین و جیاوازییەکانیەوە، وەك ئەوەیە کەسی لێبوردە بڵێت: لە بەرانبەر زۆر کردەوەتدا پێ لە دڵی خۆم دەنێم، لە ماڵەکەی خۆمدا بوارت بۆ دەڕەخسێنم بەڵام نابێت هەمیشە ئەوەت لە بیر بچێتەوە کە تۆ لە ماڵی مندایت، بەمشێوەیە حاڵەتەکە دەبێتە گوێپێنەدان و لاموبالاتی..

بەم واتایەوە لێبوردەیی دەبێتە پێچەوانەی میواندۆستی، واتە پێویستە سنوورێك بۆ بەرانبەر دابنرێت، ئەگەر لە ناو ماڵی خۆمدا میواندۆستی وام لێ بکات بە لێبوردەییەوە قبوڵتم بێت، بەڵام بەو مەرجە سنوور نەبەزێنیت، ئەمە بە واتای ئەوە دێت کە من پابەندم بە سەرووەرێتی و دەسەڵاتمەوە، پابەندم بە ماڵ و زەوی و ئایین و زمان و کەلتوورمەوە، من ئامادەسازم بۆ میواندۆستیت و دەرگای ماڵم بە لێبوردانە دەخەمە سەر گازەرای پشت، بەڵام بەو مەرجەی تۆی میوان پابەندبیت بە تێکنەدانی پێوەرەکانی ژیانم، پابەندیش بیت بە سوکایەتی نەکردن بە کەلتوورو زمان و پیڕەوە تایبەتمەندەکانمەوە، ئەمە ئەو ئاوازەیە کە لە وڵاتانی باکووری دەبیستینەوە، بە واتای ئەوەی ئەم وڵاتانە چیتر بەرگەی ئەو مانا مۆراڵی و ئاینیانە ناگرن کە لە پێناویدا دامەزراون، بە کورتیەکەی چیتر بەرگەی میوان ناگرن و میوان لای خۆیان گل نادەنەوە، ئەوی تری نامۆ بە پێی مەرج و لە سنوورێکی دیاریکراودا قبوڵ دەکەن، واتا لێبوردەیی بەلایانەوە تەنیا لە خۆشەویستی و برایەتی کۆنابێتەوە، بەڵکو میوانداری مەترسیداربووە، میواندۆستی پارێزلێکراو بووە، میوانداری کەسێکی کۆیلەیە لە لایەن سەردارەوە، میوانداری بە وریایی و غیرەت پێ بردنەوە دەکرێت تا سەرووەرێتی لە خاوەن ماڵ تێکنەچێت، واتا میواندارییەك بە هەلومەرجەوە کەواتە ئەوە میواندارێتی نییە..

چونکە ئەوەی لە چەمکی میوانداریی بیسترا بێت ئەوەیە کە جوامێری و دڵفراوانی و کراوەیی خاوەن ماڵی لە پاش بێت، واتا بە نامۆیی کەسانی بێگانەی نامۆش تۆ وەك خاوەن ماڵێك هەر کراوە بیت لەگەڵ میوانەکانت، بێ چەندو چوون میوانەکەت قبوڵ بێت، نەك تەنیا لە جوغزی وەدەنگەوە هاتنی داوەتنامەیەکی خۆتەوە سەردانتی کردبێت، واتا میوانداری بوونی نییە ئەگەر بکەوێتە ناو ڕێژەگەریی کەلتوورییەوە

ئەم ئازادبوونە وامان فێر دەکات بڕوا بێنین بەوەی ئەو جیاوازییەی لێبوردەیی لەسەر دەچەسپێت بەر لەوەی کەسی بەرانبەر بگرێتەوە خودی زاتەکە دەگرێتەوە، پێش ئەوەی بزاوتێك بێت کە بەرەو ئەوی دی ئاڕاستەمان بکات، بزاوتێکە لە زاتی خۆمان دوورمان دەخاتەوە، بە سرووشتی حاڵ ئەم کارە پێوەندیی نییە بە بانگەوازێکی مۆراڵییانەی ڕەتکردنەوەی زاتەوە، هەروەها پێوەندی نییە بە هەڵوێستی ئەنتۆلۆژیانەی ڕەتکردنەوەی ناسنامەوە، پێوەندی نییە بە گەیشتنمان بەو ئاستە مۆراڵیەی کە بڵێین من یان ئێمە، مەبەست لە قبوڵکردنی جیاوازییەکان ئەوە نییە ناسنامە بسڕینەوە، یان ئامانج لێی ئەوە نییە هەست کردن بە جیاوازی نەهێڵین بەڵکو مەبەست لێی گەیشتنە بەوەی بەهای لە خۆی گەورەتر نەدەین بە منی باڵا یان ناسنامە لە بەرانبەر هەمەجۆرێتیدا زەق نەکەینەوە ، لەمەوە تاکرەوێتی لاواز دەبێت لەبەرانبەر هێزی فرەییدا، گۆشەگیری تەسکتر دەبێتەوە لە بەرانبەر بەرینایی هەمەجۆرێتیدا،خۆوابەستەبوون بە ئاناوە دەبێتە هەژارێتی لە بەرانبەر دەوڵەمەندی ئەوی دی، خۆقەتیسدان لە کونجێکدا دەبێتە بەربەست

**خراپترین شت کە دەوڵەتی تێبکەوێت ئەوەیە خەڵکانی شەرافەتمەندی وڵاتەکە ڕاوبنرێنە تاراوگە، وەک ئەوەی ئەو خەڵکە شەرافەتمەندانە بریتی بن لە خەڵکانی تاوانبار**

**ئەم هەستەی کە وامان لێ دەکات هەمیشە ئامادەباشیمان هەبێت بۆ دۆزینەوەی هەڵەکانی خۆمان، بەر لە هەڵەی ئەوانی دی، وەک کارل پۆپەر دەڵێت: ئەمەیە کە وامان لێ دەکات جیاواز بین لەگەڵ خۆمان و ئامادەبین ئەوی دی وەک خۆی قبوڵ بکەین**

لەبەردەم ئەبەدیەتی ڕەهەندە گریمانکراوەکاندا، کەواتە بنەوانگیری (فەندەمینتاڵی) و پەڕگیری لە جیهانی ئێستاماندا هیچ جەدوایەکی بۆ نامێنێتەوە، تاك ڕەهەندی و یەکلابینی و خۆهەڵواسین بە یەك مۆدێلییەوە دادی کەس نادات، لەو کاتەدا ئیتر زات ڕێگە بە خۆی نادات خۆی بکاتە ئەلتەرناتیڤی خێرو جوانی و حەقیقەت و وابزانێت هەمووی بەلای خۆیەوەن، بەرانبەرەکەشی بە پێچەوانەی ئەم واتایانەوە تەماشا بکات و وا بزانێت هەموو شتێکی ئەوی دی بریتییە لە هەڵەو شەڕ..

ڤۆڵتێر لە فەرهەنگی فەلسەفیدا دەپرسێت(( لێبوردەیی چییە)) هەر خۆی وەڵام دەداتەوە لێبوردەیی وەستانە لە ئاست کەینونەی مرۆییمان، هەموومان لاوازین و مەعسوم نیین لە هەڵە، بۆیە با لەگەڵ یەکدی لێبوردە بین ، لە بەرانبەر گەمژەییەکانی یەکدی لێبوردەییمان بۆ یەك هەبێت، ئەمە یەکەمین بنەوایە بۆ یاسای سرووشت، یەکەمین بنەمای هەموو مافەکانی مرۆڤیش دەبێت)) ئەم زات بە هەڵە زانینە بەر لەوەی بەرانبەر بە هەڵە بزانیت، یان ئەم هەستەی کە وامان لێ دەکات هەمیشە ئامادەباشیمان هەبێت بۆ دۆزینەوەی هەڵەکانی خۆمان بەر لە هەڵەی ئەوانی دی وەك کارل پۆپەر دەڵێت: ئەمەیە کە وامان لێ دەکات جیاواز بین لەگەڵ خۆمان و ئامادەبین ئەوی دی وەك خۆی قبوڵ بکەین و میواندارێتیمان لە میواندۆستییەکی بە ئەتەکێتەکانی پێشوازی لێکردن و خۆتەعقیمکردن بە دژە ڤایرۆسی تووش نەبوونمان بە ئەوی دی و خۆپڕ چەك کردن بۆ بەرەنگاریی و ڕووبەڕووبوونەوەی نامۆیی ئەوی دی، ئەمانە هەمووی بگۆڕین بۆ میوانداریی کردنێکی پوخت و ڕێکی وا کە هەرچی نامۆ بوونێکی بێگانەکەی بەرانبەر هەیە نەمانترسێنێت، بەڵکو دڵ و سنگمان بکەینەوە بۆ نامۆیی ئەوی دی بێگانەو و بە بێ سڵکردنەوە قبوڵی بکەین ..

*** بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ربات**

# وانەیەک لە پەرلەمانتارە ئەوروپییەکانەوە

**زیاتر لە ١٠ساڵ بەر لەئێستا هاری فان بۆملی پەرلەمانتارم ناسیوە، هەتا ئێستا بۆ یەک چرکە لە گوتار و هەڵوێستەکانیدا هەستم نەکردوە کە ئەو پیاوە ئیش بۆ حزبەکەی دەکات. ئەوەندەی لە خەمی پرسە هەستەوەر و چارەنوسسازەکانی میللەتەکەیدا بووە**



**ڤینۆس فایەق**

**دوو هەفتە جارێك دەینووسێت**

ئەگــەر دۆزی میللەتەکەت بــە دۆزێکی جیهانــی و کەونــی نەزانیت، هەرگیــز نابیتە میللەتێکــی خاوەن پێگەیەکی سیاســی بەهێز لەناوەنــدە سیاســیە جیهانیەکانــدا. لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهاندا کە سوودیان لەهەموو ئەزموونێکی گەورە و بچووکی مێژووی خۆیان بینیوە، کە کەســێک خــۆی کاندید دەکات بۆ پەرلەمــان، چیدی خۆی بــە خزمەتکاری حزبەکەی نازانێت، هەرگیز نەفەســی حزبایەتی لە هەڵوێستەکانیدا لەناو هۆڵی پەرلەمان رەنگ ناداتەوە، مەگەر لەمەڕ کێشــەیەکی نیشتیمان و ئەمنی.

لە کوردستانی ئێمە هێندەی پەرلەمانتارەکان حساب بۆ ئاڕاستەی حزبی خۆیان و رازیکردنی ســەرکردایەتی حزبەکانیان دەکەن حســاب بۆ بەرژەوەندیی هاووڵاتیان ناکەن کە بەدەنگی ئەوان چوونەتە ناو پەرلەمانەوە، لەبەر ئەوەی ئەوانیش و ئێمەش دەزانین هەر لەپێش ئەوەی دەنگدەر بڕواتە بەر سندووقی دەنگدان لەناو حزبەکاندا بڕاوەتەوە کێ چوەتە پەرلەمانەوە و کێ نەچووە.

لە ئەوروپا کەســێک ئەندامی حزبێک بێت یان نا، دەبێت بە پرۆســەیەکی یاســایی بەپێی پەیرەوی ناوخۆی پەرلەمان و خاڵی پەیوەندیداری ناو دەستوور داواکاری بەرزبکاتەوە بۆ حزبەکەی بۆ ئەوەی خۆی کاندید بکات بۆ ناو پەرلەمان، حزبەکەشــی هێند پشــتگیری لێدەکات بەپێی شایستەیی و لێهاتوویی هەتا ئەو کاتەی هەڵمەتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەکان دەستپێدەکات، ئیتر هەمووی دەدرێتە دەســتی جەماوەر و سندوقی دەنگدان یەکلایی بکاتەوە.

زیاتــر لە ١٠ســاڵ بەر لەئێســتا هاری فان بۆملی پەرلەمانتارم ناســیوە، هەتا ئێســتا بۆ یــەک چرکە لە گوتــار و هەڵوێســتەکانیدا هەستم نەکردوە کە ئەو پیاوە ئیش بۆ حزبەکەی دەکات. ئەوەندەی لە خەمی پرســە هەستەوەر و چارەنوسسازەکانی میللەتەکەیدا بووە، لە خەمی رازیکردنی حزبەکەیدا نەبووە. ئاخر لە پەرلەمانە ئەوروپییەکانــدا ئەندام پەرلەمان بۆی هەیە رای تاکەکەســی خۆی هەبێت ئەگــەر دژ بە رای حزبەکەشــی بێت، بەمەرجێــک لەبەرژەوەندیی میللەتەکەیدا بێت و ئەمن و ئاسایشی وڵاتەکەی پارێزراو بێت.

لە هاری فان بۆمم پرســی: بۆچی دەتەوێت کوردەکانــی نیشــتەجێی هۆڵەنــدا دەنگت بۆ بــدەن؟ لەوەڵامدا گوتــی: لەبەر ئــەوەی من هــەر لەســەرەتای کاری حزبــی و ئەزموونی پەرلەمانیمەوە هەمیشە ئیشم بۆ دۆزی میللەتە چەوساوەکان کردوە بەبێ جیاوازی. منیش دەزانم هەر ئێمە پێویســتیمان بە کۆمەک و یارمەتی وڵاتە ئەورپییەکانە، چونکە ئەوان ئێستا خاوەنی پێگــەی بڕیاردەر و کاریگەرییان هەیە لەســەر ســتراتیژ و سیاســەتی نێودەوڵەتی، بەڵام ئەوە دوای ئەوەی لەناو وڵاتەکەی خۆیاندا سیاسەتی ئابووری و سیاســی و بەڕێوەبردنی وڵاتەکەی خۆیان تۆکمە راگرتوە و بە پلەی یەکەم ئیش بۆ ناو وڵاتەکەی خۆیان دەکەن.

بەڵام لە کوردســتانی ئێمــەدا وەکوو هیچ پێگەیەکــی پێگــە و کاریگەرییەکمــان نییە لەســەر سیاســەتی نێودەوڵەتی، هیچی واشمان نەکــردووە بۆ رێکخســتن و پتەوکردنی یەک ریــزی ماڵی کورد. ئەوەتا هەموو ســاڵێک لە بۆنــە دڵتەزێنەکاندا دیســانەوە حزبەکان ئەگەر ژێرەوژێریش بێت دەکەونەوە تانە و تەشەر لەیەکتر و بە بۆنە بەبێ بۆنە بە ئاشکرا نەفەسی دژایەتی و یەکنەبوون و ناکۆکی هەست پێدەکرێت.

کە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردســتان بەڕێوەچوو، کە پرســیاریان لێدەکردم ئەگەر لە کوردستان بووبایت دەنگت بەکێ دەدا، هەرگیز نەمدەزانــی وەڵام بدەمەوە، هەمان شــتیش بۆ هەڵبژاردنەکانــی عێراق، کــە هەردووکیان بە لیســتی کراوەش بوون. بەڵام ئەگەر لێم بپرسن لە هەڵبژاردنەکانــی ژووری دووی پەرلەمانی

**ئێمە پێویستیمان بە کۆمەک و یارمەتی وڵاتە ئەوروپییەکانە، چونکە ئەوان ئێستا خاوەنی پێگەی بڕیاردەر و کاریگەرییان هەیە لەسەر ستراتیژ و سیاسەتی نێودەوڵەتی**

هۆڵەندا دەنگ بەکــێ دەدەیت؟ بەبێ یەک و دوو وەڵام دەدەمــەوە، چونکــە دەزانم کێ چی بــۆ وڵاتەکە کــردووە، مەســەلەکە بۆ ئێمەی کۆچکردوو و میوانی ئــەم وڵاتانە تەنیا لەوەدا ناوەستێت کێ خزمەتی دۆزی کوردی کردووە، چونکە زۆر کەس کە هیچ زانیارییەکیان لەبارەی حزبەکانی وڵاتەکەیان و کاندیدەکانیانەوە نییە، ساویلکانە دەڵێن کێ ئیشی بۆ دۆزی میللەتی کــورد کردووە. بەڵکوو لێرە وەکوو هاووڵاتیەک دەبێــت ئەرکی هاووڵاتیبوونــی خۆت جێبەجێ بکەیت، دەبێت بزانیت کێ خزمەتی ئەو وڵاتەی کردوە کە تۆ تێیدا دەژیت، چونکە بەشــێکیت لەو کۆمەڵگایە و بەیاسا رێگەت پێدراوە دەنگ بدەیت.

دوانزەی ســێپتەمبەر کە دەچم و مافی خۆم وەکــوو دەنگدەر بەکاردەهێنم دەزانم بۆچی دەچم و بۆکێ دەنگ دەدەم، بەڵام ئێستاشــی لەگەڵدا بێت هەر کاتێــک هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردســتان و عێراق بەڕێوە بچێــت ئەگەر بۆم هەبێت دەنگ بدەم هەرگیز نازانم دەنگ بە کێ بدەم.